# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە ٧٥٨ ■ یەکشەممە ٣١ی خەرمانانی ١٣٩٨ _ ٢٢ی سێپتامبر ٢٠١٩

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا



| | | |
|---|---|---|
| کارەساتی ١٧ی خەرمانان (کاریگەرییەکان، ئەزموونەکان) | قادر وریا | ل ٤ |
| کۆمەڵگەی زیندوو، بژاردەی خەوتوو | مادح ئەحمەدی | ل ٥ |
| مێتۆدی «شار» بۆ بەرگری لە «قەڵا» | شاڕۆخ حەسەنزادە | ل ٧ |
| بزووتنەوەی چەکداریی کورد وەک بەرگریی ڕەوا | ئارەزوو نستانی | ل ٨ |
| سیستەمی قەزایی هۆکاری ئاسایش یا کەرەسەی سەرکوت؟ | سام یارسان | ل ٩ |
| لە کوێستانەکانی سەقزەوە بۆ دەشتی هەوەتوو | برایم چووکەڵی | ل ١٠ |


# قەڵای دێموکرات

# ئیرادە و باوەڕی خەڵکی کوردستانە



## نوێکردنەوەی پەیمانی وەفا

لە یەکەم ساڵیادی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات و لە سەر مەزاری شەهیدان، یاد و بیرەوەریی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان بەرز ڕاگیرا و پەیمانی وەفایان لەگەڵ نوێ کرایەوە.

لەم ڕێوڕەسمەدا کاک مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان تاجەگوڵینەی وەفای لەسەر گڵکۆی شەهیدان دانا و پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی بۆ ئەو بۆنەیە پێشکێش کرد. لەو پەیامەدا وێڕای لێکدانەوە بۆ پەلاماری مووشەکیی ڕێژیم بۆ سەر بنکەی سەرکردایەتیی حیزبی دێموکرات و بە ئاماژە بە مانگرتنەکەی خەڵکی کوردستان بۆ پشتیوانی لە حیزب و ڕۆڵەکانی خۆیان؛ پێداگری لەسەر ئەوە کرابوو کە قەڵای دێموکرات ئیرادە و بیروباوەڕی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەم کۆڕیادەدا ڕەسووڵ سوڵتانی شێعرێکی پڕ لە سۆزی کوردایەتی و وەفاداری بە شەهیدانی خوێندەوە و، دواتر پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە لایەن شلێر مەحموودی، سکرتێری ئەو ڕێکخراوەیە پێشکێش کرا.

چەند بڕگەیەک موسیقیی تایبەت بەو یادە و دانانی چەپکەگوڵ لەسەر مەزاری شەهیدان لە بڕگەکانی دیکەی ئەم ڕێوڕەسمە بوون.

## بەڵێ سەوز ئەبنەوە ئەو گوڵاڵە سوورانەی بە شین ناشتمانن



## گوڵێکی سوور، بەڵێنێکی نوێ، گەروویەکی پڕ لە سروودی سەرکەوتن



## یادگارەکانیان ئیرادە و وزەیە بۆ ئێمە و، یاد و ناوێکی هەرمانیش بۆ خۆیان



کوردستان
ژمارە ٧٥٨
٣١ی خەرمانان ١٣٩٨ _ ٢٢ی سێپتامبر ٢٠١٩

# ڕێژیم بە مووشەکباران، تەقینەوە و تێرۆر و تاوان دژی ئێمە ناتوانێ ئەمنیەت و ئاسوودەیی بۆ خۆی و بەکرێگیراوەکانی دابین بکا

**(بەبۆنەی تێپەڕینی ساڵێک بە سەر تاوانی مووشەکبارانی «قەڵای دێموکرات»دا)**




**خەڵکی ئێران و جیهان، ئەوانەی بەدواداچوونی ڕووداوە سیاسییەکان دەکەن، زۆر بەباشی ئەو پەیامە ڕوون و ڕاشکاوانەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان وەرگرت کە ئەو تێکۆشەرانەی لە «قەڵای دیموکرات» یا لە بەندیخانەکانی ئێران، بە مووشەک و تیرۆر و پەتی سێدارە گیانیان لێ دەستێندرێ، کوڕ و کچی ئێمەن. ئێمە دڵمان و هەڵوێستمان لەگەڵ ئەواندایە و، ئەو ڕێژیمەمان ناوێ کە تاوان بەرامبەر ڕۆڵەکانمان ئەنجام دەدا. حەماسەی ٢١ی خەرمانان، بەرهەمی یەکگرتوویی، یەکدەنگی و یەکهەڵوێستیی هێز و لایەنە سیاسییەکان و، بەدەنگەوەهاتنی وشیارانە و بەرپرسانەی چالاکان و خەباتکارانی نێوخۆ و وەدەستهاتنی ئاگایانەو دڵسۆزانەی خەڵکی بەچۆک دانەهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو**

**خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!**

**هێز و لایەن و کەسایەتییە ئازادیخوازەکانی کوردستان و ئێران!**

**تێکۆشەران! ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان!**

ساڵێک لەمەوبەر، ڕۆژی ١٧ی خەرمانان (٨ی سێپتەمبەر)، سوپای پاسدارانی ڕێژیمی تاوان و تێرۆر، لە قووڵایی خاکی هەرێمی کوردستاندا، تاوانێکی دەستدرێژکارانە و تیرۆریستیی گەورەی لە دژی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەنجام دا. سوپای پاسداران، لە کاتێکدا پەهبادەکانی بە سەر ئاسمانی ناوچەکەدا دەخولانەوە و چاوساغییان بۆ دەکرد، لە نێوخاکی ئێرانەوە، شوێنی پێکهاتنی پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی ئێمەی لە «قەڵای دێمۆکرات» لە نزیک شاری کۆیەی کردە ئامانج و نیشانەی مووشەکە دوورهاوێژەکانی.

بەو هۆیەوە کە قەڵای دێموکرات، شوێنی جێگیربوونی ڕێکخراو و دامەزراوە مەدەنییەکانی حیزب و ناوەندی کار و تێکۆشانی ڕۆژانەی سەدان ژن و پیاو و هاتوچۆی ژن و منداڵ و کەسانی غەیرە نیزامییە، هەر وەها بەو هۆیەوە کە پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی، چالاکییەکی سیاسیی حیزبە کە لە وڵاتێکی دیکە دەبەسترا، حیزبی ئێمە هەوڵێکی ئەوتۆی بۆ بەرگری لە بەرامبەر هێرشی هەوایی ڕێژیمی ئێراندا نەدابوو. بەڵام بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە لە لایەکەوە هیچ سنوورێکی سیاسی، نێودەوڵەتی، عورفی و ئەخلاقی ناناسن و لە لایەکی دیکە پێویستیان بە خۆڕانان بە مووشەکەکان و نیشاندانی هێز لە ڕووی نیزامی و زانیارییەوە هەبوو، ئەم دەرفەتەیان قۆستەوە و پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان مووشەکباران کرد. لە ئاکامی ئەو تاوانە گەورەیەدا، ١٦ کەس لە تێکۆشەرانی بەوەجی دیموکرات، لە نێویاندا ٦ ئەندامی ڕێبەریی حیزبی ئێمە، شەهید بوون و نزیک بە٤٠ کەس لە بەشدارانی پلینۆم و پێشمەرگە و ژن و منداڵی حازر لە دەوروبەری شوینی ڕووداوەکە بریندار بوون.

هەر لە بەرەبەیانی ڕۆژی مووشەکبارانی پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی ئێمەدا، دەسەڵاتدارانی تاوانبار و تاوانکاری کۆماری ئیسلامی، ٣ بەندیی سیاسیی کورد و، دوو ڕۆژ دواتریش لاوێکی دیکەی کوردیان لە دار دا تا بە خەیاڵی خۆیان بەڕێوەبەران و بەشدارانی بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاوکات لە هەر دوو ئاستی نێوخۆ و دەرەوەی کوردستاندا، چاوترسێن بکەن.

ئێستا و لە یەکساڵەی هەر دووی ئەم ڕووداوانەدا، بە ناوی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندییەوە وێڕای مەحکوومکردنەوەی ئەو تاوانە گەورانە، جارێکی دیکە بەداخبوونی خۆمان بۆ لە دەستدانی سەرجەمی ئەو ئازیزانەمان، دووپات دەکەینەوە. هاوخەمیی خۆمان لەگەڵ بنەماڵە سەربەرزەکانیان نوێ دەکەینەوە و ، هەر وەک کاتی خۆی بەڵێنمان پێ دابوون، دووپاتی دەکەینەوە کە ئەم جۆرە تاوانانە هەنگاومان پێ شل ناکەنەوە و لە خەبات دژی ئەو ڕێژیمە جینایەتکار و دڕندەیە، شێلگیرترمان دەکەن. لەم یەکساڵەدا یاد و بیرەوەری و سیمای ئەو شەهیدانە کە بە دڵنیاییەوە لە باشترین و بەوەجترین تێکۆشەرانی حیزبی دیموکرات و نەتەوەکەمان بوون بۆ ساتێکیش بە جێیان نەهێشتووین و بەردەوام ئەوەمان وەبیر دێننەوە کە تەنیا بە درێژەدانی ڕێگاکەیان و بەردەوامبوون لە خەبات هەتا کۆتاییهێنان بە ستەم و بێمافی و تاوان و تیرۆر دژی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەتوانین تۆڵەیان بستێنینەوە و پاداشیان بدەینەوە.

دوای تێپەڕینی ساڵێک بە سەر تاوانی مووشەکبارانی قەڵای دیموکراتدا، جێی خۆیەتی ئاوڕ وەسەر چەند خاڵی گرینگ لەم پێوەندییەدا بدەینەوە:

هاودەردیی بەرینی خەڵکی کوردستان و هێز و ڕێکخراوە سیاسییەکان بەتایبەتی لە هەر دوو بەشی ڕۆژهەڵات و باشوور لەگەڵ حیزبی دیموکرات و بنەماڵەی شەهیدەکان، هەر وەها مانگرتنی گشتی و سەرانسەریی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان بۆ مەحکوومکردنی تاوانەکانی ١٧ی خەرمانان، بۆ ئێمە مایەی شانازی و، بەو پەڕی ڕێز و پێزانینەوە شیاوی یاد کردنەوەن. هیچ کردەوە و دژ کردەوەیەک بە ڕادەی ئەو هاوخەمی، یەکگرتوویی و هاوپێوەندییەی ئەو کات، نەیدەتوانی بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان و بنەماڵەی سەرجەم شەهیدەکان، تا ئەو ڕادەیە ئارامکەرەوە و مایەی دڵگەرمی بێ. هەر لەو کاتەشدا هیچ جووڵەیەکیش نەیدەتوانی بە ڕادەی مانگرتنە گشتی و سەرانسەرییەکەی ٢١ی خەرمانانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وڵامێکی نەتەوەیی ئەوەندە بەهێز بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بێت. خەڵکی ئێران و جیهان، ئەوانەی بەدواداچوونی ڕووداوە سیاسییەکان دەکەن، زۆر بەباشی ئەو پەیامە ڕوون و ڕاشکاوانەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان وەرگرت کە ئەو تێکۆشەرانەی لە «قەڵای دیموکرات» یا لە بەندیخانەکانی ئێران، بە مووشەک و تیرۆر و پەتی سێدارە گیانیان لێ دەستێندرێ، کوڕ و کچی ئێمەن. ئێمە دڵمان و هەڵوێستمان لەگەڵ ئەواندایە و، ئەو ڕێژیمەمان ناوێ کە تاوان بەرامبەر ڕۆڵەکانمان ئەنجام دەدا. حەماسەی ٢١ی خەرمانان، بەرهەمی یەکگرتوویی، یەکدەنگی و یەکهەڵوێستیی هێزو لایەنە سیاسییەکانو، بەدەنگەوەهاتنی وشیارانەو بەرپرسانەی چالاکانو خەباتکارانی نێوخۆ و وەدەستهاتنی ئاگایانەو دڵسۆزانەی خەڵکی بەچۆک دانەهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. لەم یادەدا دووبارە ئافەرینو سڵاو بۆ ئەم یەکگرتووییو هاوپێوەندییو هەڵوێستگرتنە مێژووییە دەنێرینو سەری ڕێزو پێزانین لە ئاستی دادەنەوێنین.

ساڵێک کە بەسەرماندا تێپەڕی، هەم بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان و هەم بۆ بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، تاقیکردنەوەیەک بوو تا بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی بسەلمێننەوە کە تیرۆر و تەقینەوە و تاوان، بە هەر ڕادەیەکیش گەورە بن، ناتوانن لە خەبات دژی دیکتاتۆری و بندەستی و لە پێناوی داوا و مافە ڕەواکانی نەتەوەکەمان، شلمان بکەنەوە. لە یەکساڵی ڕابردوودا، تێکۆشەران و هۆگرانی دێموکرات و ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکەش، بە تایبەتی بە دوای کارەساتی ١٧ی خەرمانان، هەر وەها لە ٣٠ ساڵەی تیرۆری ڕێبەری مەزن د.قاسملوو و لە ٤٠ ساڵەی فتوای جەهادی خومەینی دژی خەڵکی کوردستاندا، پێتەخت و شارە گەورەکانی وڵاتانی ڕۆژاواییان کرد بە مەیدانی دەنگهەڵبڕین و چالاکی بۆ لەقاودانی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران. حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی لە چوارچێوەی ناوەندی هاوکاریدا، پتر هاندەری دیالۆگی سیاسی و تێکۆشانی هاوبەش بە یەکەوە و خۆئامادەکردن بۆ ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوو بوون. لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، نارەزایەتیدەربڕینی مەدەنی و جەماوەریی خەڵک، نە تەنیا کەمی نەکردوە، بەڵکوو ڕووی لە زیادبوون و دەربڕینی ڕاشکاوانەتری داخوازەکانی کردوە. کوژرانی کۆمەڵێک لە مۆرە چەکدار و تاوانکارەکانی ئەو ڕێژیمە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتیش بە دەست ڕۆڵە ئازاکانی گەلەکەمانەوە لە ماوەی یەکساڵی ڕابردوودا، ئەم ڕاستییە دەسەلمێننەوە کە کۆماری ئیسلامی بە مووشەکباران، تەقینەوە و تیرۆرو تاوان دژی حیزبەکان و تۆپبارانی بنکەکانیان لە دەرەوەی سنوورەکانی، ناتوانێ ئەمنیەت و ئاسوودەیی بۆ هێزە بەکرێگیراوەکانی خۆی لە کوردستان دابین بکا. هەتا ئەو کاتەی ئەو ڕێژیمە بە سەرکوت و تیرۆر و مووشەک و ئیعدام بەرەوەڕووی خەباتی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان بێتەوە، بە هەر ڕادەیەکیش دڕندەیی بنوێنێ، لە کوردستان ئاسوودەیی و ئەمنیەت بە خۆیەوە نابینێ.

لە یەک ساڵی ڕابردوودا، هەم سیمای تاوانکارانە و نێوەرۆکی تیرۆریستی و دەستدرێژکارانە و زێدەخوازانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ دنیا پتر ڕوون بووەتەوە، هەم گوشاری سیاسی و گەمارۆی ئابووری بۆ سەر ئەو ڕێژیمە بە مەبەستی ملدانی بۆ ئیرادەی نێودەوڵەتی و دەست هەڵگرتنی لە یاغیگەری لە ناوچەدا، پێی ناوەتە قۆناغێکی چارەنووسساز. سپای پاسدارانی ئەو ڕێژیمە لە لایەن ئەمریکاوە بە تیرۆریست ناسراوە. کۆمەڵێکی دیکە لە گەورە کاربەدەستانی ڕێژیم لە لایەن ئەمریکاوە تەحریمیان خراوەتە سەر. ئەم ڕێژیمە دوای هاتنەدەرێی ئەمریکا لە ڕێککەوتننامەی بەرجام، بە مانەوەی وڵاتانی دیکەی ئەندام لە بەرجامدا، دڵی خۆی دەدایەوە. بۆ بەرپەرچدانەوە و بەربەرەکانیی گوشاری دەرەکی و گەمارۆی ئابوورییش لەسەر خۆی، بە یاریکردن بە تاقمە چەکدارە دەسکردەکانی خۆی لە وڵاتانی ناوچە و جبەخانەی مووشەکییەکەی و ڕێگەبەستن لە هاتوچۆی کەشتییە نەوتهەڵگرەکان لە کەنداوی فارس دەخوڕی. بەڵام لەو چەند مانگەی دواییدا بە ئاشکرا دیارە کە نەیتوانیوە یاریی دڵخواز بەم کارتانە بکا، یا ئاکامی دڵخوازیان پێ وەدەست بێنێ. بە کردەوەش دەبینین کە هەم لە ئاستی ناوچەدا، ڕۆژ بە ڕۆژ دەست و مەچەکە نیزامی و تێکدەرانەکانی، تەنگیان پێ هەڵ دەچنرێ و تێک دەشکێندرێن، هەم لە باری ئابووری، سیاسی و دیپلۆماتیکەوە، لەژێر گوشارێکی بێوێنەدایە. ئەم بارودۆخە وای لێ کردوە مۆتەکەی تەقینەوەی نارەزایەتیی خەڵک لەنێوخۆدا و، تێکشکان لەژێر گوشاری دەرەکی، بەرەوڕووی خۆی ببینێ و بە دوای دەروویەک بۆ خۆ ڕزگارکردن بگەڕێ.

لەم بارەیەوە وەبیر دێنینەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان پێشوازی لە هەر هەوڵێکی نێودەوڵەتی بە مەبەستی بەربەستدانان لە بەردەم زێدەخوازی و دەستێوەردانە ناوچەییەکان و تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی دەکا. تەئکیدیش دەکەینەوە کە ئەم جۆرە هەوڵانە کاتێک کاریگەر دەبن و جێگای ڕەزامەندیی خەڵکی ئێران دەبن کە هاوکات ئەرکدارکردنی ئەو ڕێژیمە بۆ ملدان بۆ داخوازەکانی خەڵکی ئێران لە بارەی ئازادی و دیموکراسیەوەیان لەگەڵدا بێ. لە پێوەندی لەگەڵ تاکتیک و مانۆڕەکانی ڕێژیم لە بارەی پرسی کورد لە کوردستانی ئێران لەم مانگانەی ڕابردووشدا کە تێکەڵاوێک بووە لە هەڕەشەی نیزامی لە لایەک و لە لایەکی دیکە کۆمەڵێک مانۆڕی سیاسیی جۆراوجۆر، ئێمە ڕادەگەیەنین کە ئەمانەش هەر بەڵگەی بەردەوامی و بەچۆک دانەهاتنی بزووتنەوەی نەتەوەیی و خەباتگێڕی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانن. حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم باوەڕە دایە کە هەر وەک شەڕ و سەرکوت و تیرۆر و ئیعدام و هەڕەشە، نەیانتوانیوە بزووتنەوەی نەتەوەیی و بەرەنگاریی شۆڕشگێڕانە لە کوردستان خاشەبڕ بکەن، هەر تەرفەند و مانۆڕێکی دیکەش، بێ داننانی کۆماری ئیسلامی بە مافەکانی گەلی کورد و دەستهەڵگرتن لە سیاسەتەکانی تا ئێستای، ئاکامێکی نابێ. ئێمە جارێکی دیکە وەبیر دێنینەوە کە ئەسڵ بۆ ئێمە چ لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیو، چ لەگەڵ هەر هەوڵێکی پێوەندیدار بە داهاتووی سیاسیی ئێراندا، داننان بە پرسی ڕەوای نەتەوەکەمان و قبووڵکردنی مافەکانی ئەو نەتەوەیەیە.

**بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان!**

**تێکۆشەران! ئەندامان! دۆستان و دلسۆزانی حیزبی دیموکراتی کوردستان!**

**ئازادیخوازانی کوردستان و ئێران!**

ئەو تاوانەی کۆماری ئیسلامی ساڵێک لەمەوبەر لەدژی پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەدژی ئازیزان و خۆشەویستانی ئێوە ئەنجامی دا، لە مێژووی بەرەنگاربوونەوەی ئەو ڕێژیمە لە گەڵ نەیارانی سیاسیی خۆیدا، بێوێنە بوو. دیارە کۆماری ئیسلامیی ئێران، زۆر تاوانی دیکەشی لە دژی حیزبی دێموکرات ئەنجام داون کە بێوێنە و کەموێنە بوون. بەڵام حیزبی دێموکرات، هەموو جارێ توانیویەتی لەبن ئەم زەبرە گەورانە هەستێتەوە. نهێنیی هەستانەوە و بەردەوامیی دێموکرات، دوو شت زیاتر نییە. یەکەم، پابەندیی ڕێبەران و تێکۆشەران و ئەندامانی ئەو حیزبە بە درێژەدانی ڕێگای شەهیدەکان تا سەرکەوتن. دووهەم خۆشەویستیی ئەم حیزبە لە نێو خەڵکی کوردستان و دڵگەرمبوونی بە پشتیوانی و خۆشەویستیی بێسنووری ئەم خەڵکە. دڵنیاتان دەکەینەوە کە پشت قایم بەم دوو هۆکارە، بە ورە و هیوای بەرزەوە، ڕێگای بەردەممان دەبڕین تا ئەو ڕۆژەی ئاواتی ئێوە و، ئاواتی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان و هەموو شەهیدانی کوردستان دێتە دی.

سڵاو بۆ گیانی پاکی ئازیزترین هاوڕێیانمان کە خەرمانانی ساڵی ڕابردوو، کۆماری ئیسلامی بەو پەڕی دڕندەییەوە گیانی لێ ئەستاندن. شانازی و سڵاو بۆ خۆڕاگریی ئێوە بنەماڵەکانیان و هیوای چاکبوونەوەی تەواو بۆ سەرجەم بریندارەکان.

سڵاو بۆ ئێوەی وەفادار بە ڕێگا و ئامانجەکانی ئەم شەهیدانە و، سپاس کە لەم کارەساتە گەورەیەدا هاوخەم و پشتیوان و یارمەتیدەرمان بوون.

نەمان بۆ ڕێژیمی تێرۆریست و تاوانخولقێنی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**١٧ی خەرمانانی ١٣٩٨**

# حیزبی دێموکرات بە ئیلهام وەرگرتن لە ڕێبازی ڕێبەرانی شەهیدی هەروا لەسەر هەست و لەسەر پێیە

## (پەیامی دەفتەری سیاسی بەبۆنەی ٢٧ ساڵەی شەهیدبوونی د. سادق شەرەفکەندی)

**هاونیشتمانیانی بەڕێز!**
**خەڵکی خەباتکاری کوردستان!**
**تێکۆشەران، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

٢٧ ساڵ پێش ئێستا و لە ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ی هەتاویدا، دوکتور سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان؛ فەتاح عەبدولی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب و نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات؛ هومایون ئەردەڵان، نوێنەری حیزب لە وڵاتی ئاڵمان و دۆستی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئاغای نووری دێهکوردی؛ لە بێرلین، پێتەختی ئاڵمان تێرۆر کران. بەرنامە ئەم تێرۆرە وەک لە دواییدا بەڕوونی سەلمێندرا، لەلایەن کاربەدەستانی هەرەسەرووی ڕێژیمەوە بڕیاری لەسەر درابوو و، بۆ جێبەجێکردنەکەی کۆمەڵێک تێرۆریست و دەستوپێوەندیی خۆیانیان بۆ ئەرکدار کردبوو.

دوکتور سادق شەرەفکەندی یەکێک لە ڕێبەرە هەڵکەوتووەکانی حیزبی دێموکرات بوو کە پاش تیرۆری دوکتور قاسملووی مەزن توانیی وەک سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان جێگەی نەمر قاسملوو پڕ بکاتەوە و جۆرێک حیزبەکەی بەڕێوە ببا و ڕێبەریی بکا، کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بێنێتە سەر ئەم قەناعەتەی تێرۆری دوکتور قاسملوو ئەوەندەی حسێبیان بۆ کردبوو لەسەر حیزبی دێموکرات کاریگەریی نەبووە.

دوکتور سەعید هەر وەک تا ئێستا چەندین جار لە یادی و بیرهێنانەوەی تیرۆر کردنەکەیدا باس کراوە، کەسایەتییەکی شوێندانەر و هەڵکەوتوو بوو. تیژبیر، هزرڕوون و پێشکەوتنخواز بوو. مرۆڤێکی بە هەڵویست، پڕکار، وردبین، پڕوزە و ماندوونەناس بوو. ئەو تایبەتمەندییانە وایکردبوو کە لە بەرپرسایەتیی سکرتێری حیزبی دێموکراتدا تواناکانی زیاتر دەربکەوێ و، پڕکاری، شێلگیری و جیددی بوونی ببێ بە وێردی زمانی هەموو ئەو کەسانەی دەیانناسی و لە نیزیکەوە کاریان لەگەڵ دەکرد. دوکتور شەرەفکەندی کاتێک بوو بە سکرتێر کە حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێبەرێکی وەک د. قاسملووی لەدەستدا بوو، کە بە کەسایەتیی کاریزماتیکی خۆی و لە ماوەی ١٨ ساڵ سکرتێریی‌دا، ستاتویەکی زۆر گرینگی بۆ حیزبی دێموکرات لەنێو بزووتنەوەی کورد و لە ئاستی ئۆپۆزیسیونی سەراسەریی ئێراندا دەستەبەر کردبوو. پاراستنی ئەم پرستیژ و ئەم قورساییەی حیزبی دێموکرات کاتێک گرینگ دێتە بەرچاو کە دەبینین دوکتور سەعید زۆر زوو، و تەنانەت بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو جێگا و کەلێنی دوکتور قاسملوو پڕ دەکاتەوە. بۆیە ئەوەی بەحەق لە پەسنی دوکتور سەعیددا گوتراوە لەجێی خۆیەتی کە «دوکتور سەعید کەسایەتییەکی شایستە بوو بۆ جێگرەوەی ڕێبەرێکی هەڵکەوتووی وەک د. قاسملوو.»

دوکتور سەعید یەکێک لە نوخبە و کەسایەتییە پێگەیشتووەکانی نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات بوو کە شوێنپەنجەی بە جێگیربوونی زۆر لە بەها و بایەخە شۆڕشگێرییەکانی جێکەوتوو لە فەرهەنگی سیاسیی حیزبدا دیارە، کە خاوێنی ئەدبیاتی سیاسی و ئەخلاقی شۆڕشگێڕی لە سیاسەتدا و چەسپاندن و پێداگری لەسەر ئوسوول و پرەنسیپەکان چەند نموونەیەک لەوانن.

هەر وەک باس کرا دوکتور سەعید پێش ئەوەش کە بە سکرتێری حیزب هەلبژێردرێ کەسایەتییەکی هەڵکەوتوو بوو، بۆیە کە ئەرکی نەفەری یەکەمی حیزبی کەوتە سەرشان، بە شێوەیەکی زۆر شایستە حیزبی دێموکراتی مودیرییەت کرد. وەک دەگوترا حیزبی دێموکرات «بێ قاسملوویی پێوە دیار نەبوو». لەباری تەشکیلاتی و پێکهاتەی ڕێکخستنەوە حیزبی دێموکرات یەکگرتوو و خاوەن ئورگان و ڕێکخراوەی جۆراوجۆری حیزبی بوو کە بە مودیرییەتی دوکتور سەعید زۆر سیستماتیک کارەکانی دەچوونە پێش، لە ڕووی جموجۆڵ و هەڵسوورانی پێشمەرگانە لەگەڵ ئەوەدا کە هەلومەرجی ناوچە بەتایبەت لە سنوورەکانی ئێران و عێراق بەدوای کۆتایی هاتنی شەڕی ئێران و عێراق گۆڕانی بەرچاوی بەسەردا هاتبوو و بۆ تێکۆشان سەخت و ئەستەمتر بوو؛ بەڵام ئەرکی پێشمەرگانە وەک ڕابردوو لە زۆربەی نزیک بە تەواوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان درێژەی هەبوو. لە بوارەکانی دیپلۆماسی و پێوەندییە دەرەکییەکانی حیزبی دێموکرات هەروا حیزبێکی دیار و لەسەر خەت بوو، و بۆ پێوەندی گرتن بە دونیای دەرەوە و لەقاودانی ماهییەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ناساندنی خەبات و تێکۆشان و مافی ڕەوای خەڵکی کوردستان پێشەنگ و لەمەیداندا بوو. لە نێوخۆی کوردستانیش لەگەڵ ئەوەدا هەلومەرج زۆر دژوار و مەترسیدار بوو، بەڵام بەپێی ئەو جێگەوپێگەیەی حیزبی دێموکرات لە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەیبوو، چالاکییەکانی حیزبی دێموکرات لە هەموو ئاستەکاندا وەک ڕابردوو دیار و بەرچاو بوون و دەدرەوشانەوە. خەڵکی کوردستانیش کە هەمیشە پشتیوان و قەڵای حیزبی دێموکرات بوون؛ هەر وەکوو پێشوو چاوی ئۆمیدیان هەر لەسەر حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو.

د. شەرەفکەندی کە لە قۆناغی هەستیاری دوای ڕاگیرانی شەڕی ئێران و عێراق و لێکەوتەکانی ئەم بارودۆخە باری قورسی ئیدارەی حیزبی کەوتبووە ئەستۆ؛ سەرباری هەلومەرجی ئەستەم و دژواری ئێران و ناوچەکە کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر پرسی کورد هەبوو، هەوڵی دەدا بە ئیبتکاری عەمەل و ژیریی خۆی مەیدانداریی سیاسی بکا و پێگە و قورسایی حیزبی دێموکرات لە جووڵانەوەی کورد و بەستێنی خەبات دژی کۆماری ئیسلامی بەهێزتر بکا.

دوکتور شەرەفکەندی بە باوەڕ لەسەر ئەوەی تەنیا لە حاڵەتی لێکگرێدانی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان لەگەڵ بزووتنەوە سیاسییەکانی ناوچەکانی دیکەی ئێران و لە فازی خەباتێکی سەراسەریدا دەکرێ پاشەکشە بە کۆماری ئیسلامی بکرێ؛ هەوڵێکی زۆری بۆ کاراکردنەوەی ئۆپۆزیسیونی دژبەری ڕێژیم دەدا. دوکتور سادق پێی وابوو کە نەبوونی ئۆپۆزیسیونێکی کارا و لەسەرپێ یەکێک لە هۆکارەکانی درێژبوونەوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامییەوە، بۆیە بەجیدییەتەوە دەیویست ئەم بەتاڵاییە پڕ بکاتەوە و ئەو مەیدانە لەدەستی ڕێژیم دەربێنێ. ئەوەش ڕێبەرانی ڕێژیمی بەتەواوی نیگەران کردبوو، بۆیەش بڕیاریان دا جارێکی دیکەش لە سەری حیزبی دێموکرات بدەن بۆوەی هەم بزووتنەوەی سیاسیی کوردی پێ لاواز بکەن و هەم ڕێگە لە وەدیهاتنی پلان و بەرنامەکانی دوکتور شەرەفکەندی بۆ هێزمەندکردنی ئۆپۆزیسیون بگرن. بەمجۆرە بڕیاری تێرۆرکردنی دوکتور شەرەفکەندی لە «کمیتە عملیات ویژە» و لەلایەن ڕێبەرانی هەرەسەرووی ڕێژیمەوە درا و خرایە بواری جێبەجێکردنەوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران کە تا ئەو کات بۆ تێرۆرە سیاسییەکانی و حەزفی فیزیکیی دژبەرانی تەنانەت لە نێو خاکی ئورووپادا تێچوویەکی ئەوتۆی نەدابوو، ئەمجارەیان ئـاوای بۆ نـەچووە سـەر و تـێرۆری



**ترسی ڕێژیم لە کەسایەتیی کەموێنە و شوێندانەری دوکتور شەرەفکەندی و قورسایی لە بزووتنەوەی سیاسیی کورد و ئێراندا هیچ ڕێگایەکی بۆ نەهێشتنەوە جیا لە حەزفی فیزیکی و لەسەر ڕێ لابردنی. هەوڵێک کە ڕێژیم لە بەشە عەمەلیاتییەکەیدا سەرکەوتوو بوو، بەڵام بەوەش ئامانجەکانی نەپێکا و ئەوەی لە نەبوونی دوکتور شەرەفکەندی‌دا دەیدی و بۆی دەگەڕا، کە نەهێشتن و لەپێخستنی حیزبی دێموکرات بوو؛ نەهاتنە دی**

دوکتور شەرەفکەندی بەگران لەسەری شکایەوە. چونکی دادگای لێکۆڵینەوە لە تێرۆری ١٧ی سێپتامبری بێرلین کە بە دادگای «مێکۆنووس» ناوی دەرکردبوو، پاش زیاتر لە سێ ساڵ بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە، دواجار لە ڕێکەوتی ٢١ی خاکەلێوەی ١٣٧١ حوکمی خۆی دا. لەم بڕیارەدا دادگای مێکونووس ڕایگەیاند کە تێرۆری دوکتور سەعید شەرەفکەندی و قوربانییانی دیکەی جینایەتی مێکونووس تیرۆرێکی سیاسیی نێودەوڵەتییە و لە لایەن کاربەدەستانی پلەبەرزی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بڕیاری لەسەر دراوە و ڕێژیم بەهۆی دەستوپێوەندی و نێردراوەکانی جێبەجێی کردوە. ئەم بڕیارە لە کورتخایەندا دەرەنجامی خراپی بۆ کۆماری ئیسلامی هەبوو و هەروەها دواجار بوو بەهۆی ئەوەی کۆماری ئیسلامی نەتوانێ وەک پێشوو درێژە بە تێرۆر و لەسەر ڕێ لابردنی نەیارانی سیاسیی خۆی لە ئورووپا بدات.

لە ساڵیادی تێرۆری دوکتور شەرەفکەندی‌دا ڕەنگبێ هەموو جارێ ئەم پرسیارە بکرێتەوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەپێناو چیدا ئەم پیلانەی گێڕا و چەندە تێیدا سەرکەوت؟ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دوای بەتاڵانبردنی دەسکەوتەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران و گرتنەدەستی جڵەوی دەسەڵات، زۆر زوو لە خەسڵەتی خەباتی مافخوازانەی گەلی کورد و سەنگ و قورسایی و ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان گەیشت. بۆیە هەر دوای ئەوەی خەڵکی کوردستان لە یەکەم هەنگاودا بە «نا»گوتن بەو ڕێژیمە شەرعییەتی سیاسیی بردە ژێر پرسیار و کاتێک زانی کە ناتوانێ بە بیری چەقبەستوو، دوگماتیزمی ئایینی و شوینیستیی خۆی بەرەوڕووی هزر و بیری حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی کورد بێتەوە، زۆر زوو شمشێری لە ڕوو بەست و وەک هەر ڕێژیمێکی توتالیتێر سڕینەوە و حەزفی فیزیکیی ئەم دژبەرەی خستە سەرووی ئەولەوییەتەکانی.

سەپاندنی شەڕ، گەمارۆی ئابووری، تێرۆر و بەرنامە بۆ دابڕاندنی خەڵک و حیزبی دێموکرات لە یەکتری سیاسەتێک بوون کە ڕێژیم لە هەموو ئاستەکاندا خستیە بواری جێبەجێکردنەوە؛ بەڵام حیزبی دێموکرات قایم و پشتئەستوور بە قەڵای لەگیراننەهاتووی پشتیوانیی خەڵکی کوردستان هەروا چقڵی چاوی ڕێژیم بوو، بۆیەش ئەوان کەوتنە پیلانی تێرۆری ڤییەن. بەڵام لە دوای نەمانی دوکتور قاسملوو و بە بوونی دوکتور سادق لەجێی وی، حیزبی دێموکرات و خەبات و سیاسەتەکەی نەک هەر لەجێی خۆی بوو، بەڵکوو هیممەت و هەوڵەکانی دوکتور شەرەفکەندی دەچوو هەتا ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز و توانامەند لەدژی کۆماری ئیسلامی بەرەوڕووی ڕێژیم بکاتەوە. ترسی ڕێژیم لە کەسایەتیی کەموێنە و شوێندانەری دوکتور شەرەفکەندی و قورسایی لە بزووتنەوەی سیاسیی کورد و ئێراندا هیچ ڕێگایەکی بۆ نەهێشتنەوە جیا لە حەزفی فیزیکی و لەسەر ڕێ لابردنی. هەوڵێک کە ڕێژیم لە بەشە عەمەلیاتییەکەیدا سەرکەوتوو بوو، بەڵام بەوەش ئامانجەکانی نەپێکا و ئەوەی لە نەبوونی دوکتور شەرەفکەندی‌دا دەیدی و بۆی دەگەڕا، کە نەهێشتن و لەپێخستنی حیزبی دێموکرات بوو؛ نەهاتنە دی. ڕاستە تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی توانی ئەم زەبرە قورسە لە جووڵانەوەی کورد بدا و حیزبی دێموکرات لە توانا و کاریگەریی هزری و مەیدانیی زیاتری د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی بێبەش بکا؛ بەڵام ئەو شەهیدە گەورانە لە ڕێبازیاندا زیندوون و ئیلهام وەرگرتن لەو ڕێبەڕانە هەر وا چرای ڕێگای تێکۆشانی ڕێبوارانی ڕێگەی حیزبی دێموکراتە.

### هاونیشتمانیانی خۆشەویست!

ئێمە لە کاتێکدا یادی ٢٧ ساڵەی تێرۆری دوکتور سەعید و هاوڕێیانی، فەتاح عەبدولی و هومایون ئەردەڵان دەکەینەوە، کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هەموو ئاستەکانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی لە نێوخۆ و لە دەرەوەی وڵات و لە ئاستی هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا کەوتووەتە هەلومەرجێکی زۆر دژوارەوە. سیاسەتی دەستتێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتان، دروستکردنی میلیشیا لە ژێرناوی جۆراوجۆر بۆ شەڕی نیابەتی، تەرخانکردنی زۆربەی داهاتی وڵات و خەڵکی ئێران بۆ ئاژاوەگێڕی و قەیرانخوڵقێنی ڕێژیمی تووشی چالشی جیددی کردوە هەم لە بواری سیاسی و هەم لە بواری ئابووریدا. لەو بارودۆخەدا کارایی دەزگای دیپلۆماسی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ تێپەڕین لەو قۆناغە ئەستەمە لە نزمترین ئاستی خۆیدایە. لەنێو خۆی وڵاتیشدا کەڵەکەبوونی قەیرانە کۆمەڵایەتی، ژینگەیی و ئابوورییەکان هیندەی دیکەی خەڵک لەو ڕێژیمە بێزراو کردوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بارودۆخە دەرفەتی بۆ تێکۆشان و خەباتی هەمەلایەنە لەدژی ئەم ڕێژیمە لە کوردستان و لە ئاستی سەرانسەریشدا زۆرتر ڕەخساندوە و لەم پێوەندییەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ئیلهام وەرگرتن لە ڕێبازی ڕێبەرانی شەهیدی؛ لەسەر هەست و لەسەر پێیە و هەموو دەرفەتێک دەقۆزێتەوە کە یارمەتی بکا بە گۆڕینی ئەو ڕێژیمە بە ڕێژیمێکی دێموکراتیک؛ نیزامێکی سیاسی کە تێیدا مافی نەتەوایەتی و سیاسی و کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستان دابین بووبێ و دێموکراسیی لە ئێراندا جێگیر کردبێ.

### بەڕێزان!

لەگەڵ ئەوەدا دڵنیاین کە ئەگەر ئەم ڕێبەرانە هەروا پێشەنگمان بان، بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و ئێران لە ئاستێکی بەرزتردا دەبوو، بەڵام بە شاهیدی یار و نەیار، حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نەمانی ئەم دوو ڕێبەرە بەتوانایەشدا کە دەستی غەدر و تاوانی کۆماری ئیسلامی لە حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی کوردی ستاند؛ بەهۆی ئیلهام وەرگرتن لێیان هەر لەسەر پێیە و یەکێک لە هێزە شوێندانەرەکانی بزوتنەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانە و لە بڕینی ڕێگا و ڕێبازیان بەردەوام دەبێ. گەلی کوردیش تێرۆر و شەهیدبوونی سەرکردە و ڕێبەرانی نەبووەتە هۆی ئەوەی لە تێکۆشان بوەستێ و لە ژێر ڕووناکایی و تیشکی باوەڕە پیرۆزەکانی ڕێبەرانی شەهیدیدا بە پتەوی بەرەو سەرکەوتن هەنگاو دەنێ.

سەرکەوێ بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان،

نەمان بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران،

سڵاو بۆ شەهیدان و،

پڕ ڕێبوار بێ ڕێگای شەهیدان پێشەوا، قاسملوو، شەرەفکەندی.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٢٦ی خەرمانانی ١٣٩٨ی هەتاوی**

# کارەساتی ١٧ی خەرمانان (کاریگەرییەکان، ئەزموونەکان)



قادر وریا

**پێشەکی:**

ساڵێک لەمەوبەر ڕۆژی ٨ی سێپتەمبر(١٧ی خەرمانان)، سوپای پاسدارانی ڕێژیمی تاوان و تیرۆر، هێرشی مووشەکیی کردە سەر پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان. لە قەڵای دێموکرات کە شوێنی بەڕێوەچوونی پلینۆمەکە بوو ١٤ کەس شەهید بوون کە ٦ کەسیان ئەندامی ڕێبەریی حیزب بوون. نزیک بە ٤٠ کەس ژن و منداڵ، کادر و پێشمەرگەش بەم هۆیەوە بریندار بوون. لە فێرگەی سیاسیی نیزامیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش دوو مامۆستای فێرگە، بە هۆی پەلاماری مووشەکیی ئەو ڕۆژە شەهید بوون. هەر لە بەرەبەیانی هەمان ڕۆژیشدا ٣ بەندیی سیاسیی کورد لە دار دران. ٢ ڕۆژ دواتر واتە ڕۆژی ١٩ی خەرمانانیش بەندییەکی دیکەی کورد، بە تاوانی سیاسی لە دار درا.

**هۆکار و هاندەرەکانی مووشەکبارانی پلینۆمی حیزبی دیموکراتی کوردستان**

بۆچی کۆماری ئیسلامی ڕۆژی١٧ی خەرمانان، بە مووشەکی دوورهاوێژ لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی دا؟

لە ڕووی نێوەرۆکەوە: بزووتنەوەی کوردستان هەر لە ڕۆژی یەکەمی هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە، چەقڵی چاوی ئەو ڕێژیمە بووە. چونکە هەر لە سەرەتاوە «نا»ی پێ گوتوە و ئامادە نەبووە بێ داننانی بە مافەکانی گەلی کورد، مل بۆ حاکمیەتەکەی دانەوێنێ. سەرەڕای هەموو هەوڵێکی کۆماری ئیسلامی بۆ سەرکوت و تێکشکاندنی ئەو بزووتنەوەیە، بزووتنەوەکە هەر بەردەوامە و هەڕەشەیەکی «بالقوە»یە بۆ سەر مانەوەی ڕێژیم. شتێکی چاوەڕوانکراوە کە کۆماری ئیسلامی هەر کات دەرفەتی گونجاوی بۆ هەڵ بکەوێ، زەبر لەو بزووتنەوەیە و بە تایبەتی هێزە چالاک و شوێندانەرەکانی نێو ئەم بزووتنەوەیە بوەشێنێ.

لە باری سیاسییەوە: کۆماری ئیسلامی هەم لە نیوخۆ لەگەڵ نارەزایەتیی سیاسی و ئابووریی خەڵک بەرەوڕوو بوو، هەم لە دەرەوەڕا بەرەوڕووی دەورێکی تازە لە گوشاری سیاسی و گەمارۆی ئابووری ببۆوە. هاتنەدەری ئەمریکا لە بەرجام وای کردبوو لەنێوخۆ دۆخی ئابووریی ئێران شپرزەتر بێ و خەڵک پتر نارازی بن. لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا، مەیدان لەو ڕێژیمە پتر تەنگ دەکرایەوە. کۆماری ئیسلامی پێویستی بەوە هەبوو کە بە خەڵکی ئێران، بە هاوپەیمانەکانی و تەنانەت بەو وڵات و ڕێژیمانەی دژی ئاژاوەگێڕی و دەستێوەردانەکانی لە ناوچەدان، بڵێ «اقتدار»م هەیە و دەتوانم لە دەرەوەی سنوورەکانیشم هەر غەڵەتێکی پێم خۆش بێ بیکەم و حیسێب بۆ دنیا ناکەم!

لە ڕووی نیزامییەوە: کۆماری ئیسلامی لەمێژ ساڵە بە توانای مووشەکسازیی خۆی دەخوڕێ. هەرکات هەستی بەوە کردوە خەریکە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی جیددی بەرامبەر دەستێوەردانە ناوچەییەکان و مەیدانداریەکانی لە سووریە، لوبنان، یەمەن، عێراق و هتد وەڕێ دەکەوێ، پەنای بردووەتە بەر نیشاندانی توانای مووشەکیی خۆی. جا بە تاقیکردنەوەی مووشەکەکانی بووە، یا هاویشتنیان بەرەو وڵاتێکی دیکە. پێشتر(٢٠١٧) «دیرالزور» و «ڕەقە»ی لە نێوخاکی سووریەدا کردبووە ئامانجی مووشەکەکانی. ئەمجاریش دەبوایە نیشان بدا کە - ئەگەر ناچار بێ- ئامادەیە لە دژی نەیاران و بەرهەڵستکارانی خۆوڵاتییش - ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی خۆی- ئەم مووشەکانە بەکار بێنێ. دیارە چەند ساڵێکە جگە لە مووشەکەکانی، توانای پەهبادیی خۆیشی زۆر گەورە نیشان دەدا. لە هێرش بۆ سەر قەڵای دیموکرات وێڕای نواندنی توانا مووشەکیەکەی، پەهبادەکانی خۆیشی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بۆ کاری نیزامی بە کار هێنا.

لە باری تەبلیغاتییەوە: پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەم لە شوێنێکی دیاریکراو بەڕێوە دەچوو، هەم لە کاتێکی دیاریکراودا. حیزبی دێموکرات هەوڵێکی ئەوتۆی بۆ شاراوەبوونی کات و شوێنی پلینۆمەکەی نەدابوو. ئامادەکارییەکیشی بۆ بەرگریی هەوایی لە خۆی نەکردبوو (ئەمە بەو مانایە نییە کە لە جێی خۆیدا ئەم کەمتەرخەمییە جێگەی ڕەخنە نەبێ). ئەوەی تا ئەو کات زیاتر پێشبینیکراو و چاوەڕوانکراو بوو، سوود وەرگرتنی ڕێژیم لە شێوازەکانی دیکەی زەبر وەشاندن و کردەوەی تیرۆریستی، بۆ وێنە دانانەوەی بۆمب بوو. بەڵام بۆ سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی زۆر گرنگ بوو بە مووشەک لە شوێنی پێکهاتنی پلینۆم بدا. هەم زەبرە سیاسی و نیزامییەکە لە حیزبی دێموکرات گەورەتر دەبوو، هەم دەنگدانەوە و کاریگەرییە ڕەوانییەکانی لە سەر حیزب و خەڵک، زیاتر دەبوون. هەر لەو کاتەشدا، دەیتوانی لە سەر وردی و ڕادەی ئامانج پێکانی مووشەکە دوورهاوێژەکانی، هەر وەها توانای ئیتلاعاتیی خۆی _کە گوایە زانیاریی وردی لە کات و شوێنی بەڕێوەچوونی پلینۆم هەیە_ مانۆڕ بدا.

**کاریگەرییەکانی تاوانەکانی ١٧ی خەرمانان:**

مووشەکبارانی بنکەکانی حیزبی دێموکرات و هاوکات ئێعدامی پۆلێک بەندیی سیاسیی کورد لە ڕۆژی ١٧ی خەرماناندا، لە باری سیاسی، نەتەوەیی و خەباتخوازیی کوردەوە، ئاکامێکی جیاواز لە بەراورد و هەڵسەنگاندنەکانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی لێ کەوتەوە. چونکە:

**داننان بە مانەوە و لەشکاننەهاتوویی بزووتنەوەیەک بوو**

تاوانە هاوکاتەکانی ڕۆژی ١٧ی خەرمانان، جۆرێک داننانی ڕێژیم بوون بە مانەوە و بەردەوامیی هێزە سیاسییەکان و، نیشاندانی ترس بوو لە چالاکی و تێکۆشان و نفووزیان لە نێو خەڵکدا. ئەگەر بزووتنەوەیەک لە گۆڕێدا نییە و، هێزەکانی نێو ئەو بزووتنەوەیە لەنێو خەڵک نفووزیان نییە و، بۆ سەر ئەو ڕێژیمە بە مەترسی دانانرێن، بۆ چی بە چەکێکی «غیر متعارف» یا بەکارهێنانی ناباوی چەکێکی ئەوتۆ لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران لێیان دەدا؟ بۆ چی ئەندامان و لایەنگرانیان ئێعدام دەکا؟

**پرسێکی نەتەوەیی و سیاسی چووە ئاستێکی گشتی و ئاشکرا**

کارەساتی ١٧ی خەرمانان بووە هۆی ئەوە پرسی حیزبە سیاسییەکان و خەباتەکەیان کە پێشتر لەنێو کۆمەڵ بە پارێزەوە و لە سنوورێکی داخراو و لە ژێرەوە قسەی لەسەر دەکرا (زیاتر لە بازنەی ئەندامان، لایەنگران و نزیکانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان) بێتە ئاستی سەرەوە، ببێ بە جێگای سەرنجی گشتی و، بە ئاشکرا قسەی لە سەر بکرێ.

**هاوخەمی و هاوپێوەندیی گشتی و نەتەوەیی و، هەڵوێستی جەماوەریی شیاوی لێ کەوتەوە**

تاوانەکانی ١٧ی خەرمانان کە بە ئامانجی وەشاندنی گەورەترین زەبر لە هێزێکی سیاسی و، ترساندنی خەڵک لە درێژەی هاوکاری و پشتیوانیی هێزە سیاسییەکان بەڕێوە چووبوون، ئاکامێکی پێچەوانەیان لێکەوتەوە. لە ئاستی جۆراوجۆردا، هاوخەمی و هاوپێوەندی بەرامبەر حیزبی دیموکراتی کوردستان و ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی لەم ڕۆژەدا، کۆماری ئیسلامی قوربانیی لێ ئەستاندن، وەڕێ کەوت. هەم لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات، هەم لە هەرێمی کوردستان، هەم لە ڕادەی دیاسپۆرای کوردیدا شاهیدی هاوپێوەندی و هاوخەمی بووین. بەڵام لە هەمووی گرنگتر مانگرتنی گشتی و سەرانسەریی ڕۆژی ٢١ی خەرمانانی خەڵکی ڕۆژهەڵات بوو کە یەک مانای هەبوو: خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پشتیوانی هێزە سیاسییەکانی خۆیانن و هەر وەک رابردوو ئەو ڕێژیمەیان ناوێ.

**بووە هۆی یەکهەڵوێستیی هێزە سیاسییەکان کە هاندەری جووڵاندنی توانای بەربەرەکانی خەڵک بوو**

کەمتر وا هەبووە حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە بارەی ڕووداوە سیاسییەکان، هەڵوێستیان وەک یەک بووبی، یا بە یەکەوە و هاودەنگ هەڵوێستی وەک یەکی خۆیان ڕاگەیاندبێ. بەڵام بە دوای تاوانەکانی١٧ی خەرمانان، زۆربەی ئەو حیزب و ڕێکخراوانە، کۆدەنگ و هاوکار بوون لە ڕووبەڕووکردنەوەی داوا و چاوەڕوانیی وەک یەکی خۆیان لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بریتی بوو لە وەڕێخستنی مانگرتنی گشتی و پێشاندانی نارەزایەتیی خۆیان لەم تاوانانە. ئەم یەکگرتوویی و یەکهەڵوێستی و هاودەنگییە، هاندەری خەڵک بوو بۆ باشترین بە دەنگەوەهاتن لە ٢١ی خەرماناندا بە جۆرێک کە مانگرتنێکی گشتی و سەرانسەری بە پشتیوانی لە بزووتنەوەکەی خۆیان وەڕێ بخەن.

**ئەزموونەکان:**

هەگبەی ئەزموونەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕووبەڕووبوونەوەی کارەساتی ١٧ی خەرمانان و لێکەوتەکانیدا، هەم لایەنی ئەرێنیی تێدایە، هەم لایەنی نەرێنی.

**ئەزموونە ئەرێنییەکان:**

**سەلماندنی بەردەوامی لە خەبات و تێکۆشاندا**

حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لەم ڕۆژەدا گەورەترین زەبری وێ کەوتبوو، هەر وەها هێزە سیاسییەکانی دیکەش کە بەردەنگی هێرش و پیلانەکانی ئەم ڕێژیمەن، دوای ئەو ڕووداوەش هەروا لە خەبات و تێکۆشانیان لە بواری جۆراوجۆردا بەردەوامن. خەڵکیش لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات، لە پێشوو ڕاشکاوانەتر بۆ داکۆکی لە مافەکانی خۆیان، بۆ بەرگری لە شوناسی خۆیان لە مەیداندان. بۆ جارێکی دیکەش بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی کوردستان و بە دیاریکراوی حیزبی دێموکرات، ئەوەیان سەلماندەوە کە ئەم جۆرە زەبرانە لەگەڵ هەموو بە ژانبوونەکەیان، ئەوان لە سەر خەباتی دژی ئەو ڕێژیمە شێلگیرتر دەکەن.

**ناسینی زیاتری دڕندەیی ڕێژیم**

هەرچی ئەم ڕێژیمە پتر لە داهاتوو و مانەوەی خۆی نیگەران بێ، دڕندەیی پتر بەرامبەر هێزە بەرهەڵستکارەکانی دەنوێنێ. کوردستان بە پێشینەی ٤٠ ساڵ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو ڕێژیمە، بە بوونی هێزی سیاسیی چالاکی خاوەن ڕابردوو و خاوەن پێگەی جەماوەری، بە بوونی ئامادەیی خەڵک بۆ پشتیوانی لە هێزە سیاسییەکان، هەمیشە جێگەی نیگەرانیی کۆماری ئیسلامی و بەردەوام ئامانجی بەرنامە و پیلانەکانی هیز و دەزگا تیرۆریستی و سەرکوتکەرەکانیەتی. بۆ زەبر وەشاندنیش، ڕێژیم ئامادەیە هەموو جۆرە سنوورێک ببەزێنێ و تەنانەت کاریگەرترین چەکەکانی و پڕمەترسیترین هێرش و پیلانی تیرۆریستی لە دەرەوەی سنوورەکان، بەکار بێنێ. ئەوەش کە هێزێکی سیاسیی کورد بڕوای بە شێواز و چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسی کورد لە ئێران هەبێ بەڵام لە سەر پرسی نەتەوەکەی شێلگیر و شوێندانەر بێ، لە ڕوانگەی ئەو ڕێژیمە پتر مەترسییە و زیاتر دەیکا بە ئامانجی هێرش و پیلان.

**بەرجەستە بوونەوەی پێویستیی تەبایی و یەکگرتوویی**

دڕندەیی نواندنی ڕێژیم بە هۆی تاوانی ١٧ی خەرمانان لە دژی حیزبی دیموکراتی کوردستان، پەیامێک بوو بۆ سەرجەم هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات: دوور نییە ئەم جۆرە هێرش و تاوانە لە داهاتووشدا دووپات ببنەوە. ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ هێرش و پیلانی گەورەی لەم چەشنە و ئاکامەکانیشی، لە ئەگەری بەردەوامیی ناکۆکی و پەرتەوازەیی ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات، زۆر دژوارتر دەبێ. ئەم پەیامە لە لایەک، هەر وەها پەیامێک کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە مانگرتنی یەکگرتووانەی خۆیان لە ڕۆژی ٢١ی خەرماناندا بۆ حیزبە سیاسییەکانیان نارد، سەرنجی ڕێژەیەکی زیاتر لە ڕێبەران، تێکۆشەران و ئەندامانی حیزبەکانیان بۆ لای پێویستیی تەبایی و یەکگرتوویی نێوان ئەو هێزانە ڕاکێشاوە. ئەمە داوایەکی ڕاشکاوانەیە کە بەرەوڕووی ئەو حیزب و ڕێکخراوانە کراوەتەوە و خۆ لێبواردنیشی وەک پێشوو، هاسان نییە.

**ئەزموونە نەرێنییەکان:**

نەبوونی هەوڵی پلانمەند و جیددی بۆ بە نێودەوڵەتیکردنی کەیسی تاوانەکانی ڕێژیم

لە یەک ساڵی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەموو کات زیاتر کەوتبووە ژێر گوشاری دەرەکی و، تەنانەت سوپای پاسداران کە گەورەترین ڕۆڵی هەبووە لە تاوانەکانی ئەو ڕێژیمە دژی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە لایەن ئەمریکاوە بە تیرۆریست ناسرا. بەو زەمینە لەبارەشەوە، سەرەڕای گەورەیی کارەساتی ١٧ی خەرمانان و وێڕای ئەو هەمووە تاوانانەش کە ئەم ڕێژیمە پێشتر بەرامبەر خەڵکی کوردستان ئەنجامی داون، بە داخەوە هەوڵێکی جیددی، بەیەکەوە و پلانمەند لە لایەن حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵات بۆ بردنی ئەم جۆرە کەیسانە بۆ نێو کۆڕ و کۆمەڵی نێودەوڵەتی، بەدی نەکرا.

**درێژەی ملبەملەی ڕێکخراوەیی**

ئەگەرچی شەقامی ڕۆژهەڵات و زۆرینەی خەڵکی بەشدار لە تێکۆشان و چالاکیی سیاسی (بە حیزبی و ناحیزبییەوە) داواکاری یەکگرتوویی و هاوپەیمانیی نێوان حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانن، بەڵام هێشتا ملبەملەی ڕێکخراوەیی و زاڵبوونی بەرژەوەندیی ڕێکخراوەیی بە سەر بەرژەوەندی گشتیدا- لە ئاستی هەرە سەرووی حیزبەکاندا- ، ڕێگر بووە لە پێکهاتنی گۆڕانێکی گەورە و هومێدخوڵقێن. لەگەڵ ئەوەی بەردەوامیی هاوکاریی نێوان چوار حیزبی ڕۆژهەڵاتی لە چوارچێوەی «ناوەندی هاوکاری»دا، شتێکی ئەرێنییە، بەڵام ئەم هاوکارییەش هێشتا لە سنوورێکی بەرتەسکدایە و ئاستێکی بەرزی نەبڕیوە.

**مانەوەی هاوکاریی پێشمەرگانە و ئەمنیەتیی نێوان ڕێکخراوە سیاسییەکان لە ئاستێکی نزمدا**

سەرەڕای بەرجەستەبوونەوەی مەترسییەکان و هەڕەشەکانی ناوەندە سوپایی و ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم بۆ سەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵات کە لە هەرێمی کوردستان جێگیرن، هاوکاری لە بوارەکانی چالاکیی پێشمەرگانە، ئاڵوگۆڕی زانیاری و هاوکاریی ئەمنیەتی بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڕەشە و پیلانەکانی ڕێژیم، نەچووە ئاستێکی بەرزتر لە هی پێشوو.

**دەرئەنجام:**

تاوانەکانی ١٧ی خەرمانان، ئەگەر ئاماژەیەکی بەهێز بوون بۆ سووربوونی کۆماری ئیسلامی لە سەر وەشاندنی زەبری لە جاران قورستر لە ڕێکخراوە سیاسییەکان، مانگرتنی ٢١ خەرمانان و بەردەوامیی ڕەهەندە جیاوازەکانی خەبات لە نێو ڕۆژهەڵات و دەرەوەی سنوورەکانیش پەیامێکی ڕاشکاو بوون بۆ سەلماندنی پێوەندیی بەهێزی نێوان خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی خۆیان لە لایەک و، بەچۆکدانەهاتن و شێلگیری لە خەبات بەرامبەر ئەو ڕێژیمە. بەڵام ئەو بەردەوامبوونە بە تایبەتی لە قۆناغێکدا کە کۆماری ئیسلامی پێویستی بە نواندنی دڕندەیی زیاترە، جگە لە ئیرادەی خەباتگێڕانە، شتێکی گرنگی دیکەشی پێویستە: یەکگرتن، هاوکاری و هاوپەیمانیی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان لەگەڵ یەکتر و، خەبات و تێکۆشانی پێکەوە و پشتبەستوو بە یەکتر لە هەموو ئاست و بوارەکاندا. ئەمە گرنگترین وانەی خەرمانانی کەوتن و هەستانەوەیە، ئەگەر ئەو حیزب و ڕێکخراوانە بە باشی لێی تێگەیشتبن!

***



# کۆمەڵگەی زیندوو، بژاردەی خەوتوو



مادح ئەحمەدی



ڕووداوی مووشەکبارانکردنی قەڵای دێموکرات لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، یەکێک لە ڕووداوە تاڵ و گەورەکانی مێژووی بزاوتی نەتەوەیی کورد و حیزبی دێموکراتە کە گرنگییەکی تایبەتی هەیە. هۆکاری ئەمەش بە پلەی یەکەم بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە کە بۆ یەکەم جار لەو ئاستەدا لە لایەن وڵاتێکی داگیرکەری کوردستانەوە، حیزبێکی کوردی کەوتە بەر پەلاماری مووشەکی. واتە، پیشتر ئەم چەکە، کە بۆ جەنگە گەورەکان و شەڕی نێوان وڵاتان بە کار دەهێنرێ، دژی بزووتنەوەی کورد یان هیچ هێزێکی سیاسی لە هیچ کام لە بەشەکانی کوردستان بەکار نەهاتبوو و بۆ یەکەم جار لەسەر پەیکەری بەتەمەنترین حیزبی کوردستان تاقی کرایەوە. ئەم پەلامارە بۆ سەر حیزبی دیموکرات لایەنی جۆراوجۆری هەیە، بەتایبەتی لە ڕووی سەربازیی و سیاسییەوە لێکدانەوەی قووڵ هەڵدەگرێ و لە ئاستی جیاوازدا قسەی لەسەر کراوە. ئەوەی مەبەستی سەرەکی ئەم وتارەیە، بەراوەردێکە لە نێوان دوو پەرچەکرداردا بەرانبەر بەم ڕووداوە لە ئاستی کوردستان دا. یەکەم: دژکردەوە و هەڵوێستی گشتیی کۆمەڵگە، وەک ڕای گشتی. دووەم: هەڵوێستی توێژی بژاردەی کۆمەڵگە. لەم سۆنگەیەوە، ئەتوانین تیشک بهاوێژینە سەر ئەم پرسیارگەلە کە ئایا دژکردەوەی کۆمەڵگەی ئێمە گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە بڵێین خاوەن کۆمەڵگەی زیندووین؟ لە بەرانبەردا گەلۆ کارەساتی موشکباران کردنی قەڵا، توانیی بژاردەی سیاسی و ڕووناکبیریی کورد (بەتایبەت لە ڕۆژهەڵات) وەخەبەر بێنێ؟ یان بەگشتیی دژکردەوەی بژاردەی کۆمەڵگە لە ئاستی گەورەیی کارەساتەکەدا بوو یان نا؟

### کاردانەوەی کۆمەڵگە

ئەگەرچی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بندەستیی دەسەڵاتێکی داخراوە و ملیتاریستی دایە و دەرەتاتی هەر چەشنە چالاکییەکی ئازادانەی سیاسیی بەڕوودا داخراوە، بەڵام ئەمە نەبووەتە هۆی ئەوەی ڕۆژهەڵات دامرکێ و ببێتە کۆمەڵگەیەکی دەستەمۆ و بێ هەڵوێست. بەسەرنجدان بەوەی کە ئازادیی جموجۆڵی سیاسی، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن و زیندووە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو پەڕی داخراوی سیستمی سیاسی و لە ژێر کەشێکی تەواو ئەمنییەتیدا توانیویەتی ئەم تایبەتمەندییە لە خۆیدا جێ بخا و نموونەیەکی بابەتییانەی کۆمەڵگەیەکی زیندوو بێ. بێگومان هۆکاری سەرەکیی ئەم زیندوویەتییەش ئەگەڕێتەوە بۆ گەشەی بەردەوامی بیری نەتەوەیی و ئەزموونی بەردەوامی کاری ڕێکخراوەیی و سیاسیی لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا لەو بەشەی کوردستان.

بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییەش ئاماژە بەم چەند نموونەی خوارەوە بە پێویست ئەزانم: یەکەم، مانگرتنی گشتی خەڵک (هەموو ساڵێک) لە ساڵرۆژی تیرۆری د.قاسملوودا لە ماوەی ١٥ ساڵی ڕابردوودا وەک نەریتێک جێ کەوتوە و لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا، بەشێوەی گشتیی خەڵکێکی زۆر ناچنە سەر کار و وەک ناڕەزایەتییەک لە ماڵەکانیان ئەمێننەوە و دوکان و بازار دادەخەن. دووهەم، ناڕەزایەتیی خەڵکی شار و ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستان دژی کوشتنی «شوانەی سەید قادر» لە ساڵی ٢٠٠٥ دا. سێهەم، ناڕەزایەتی و مانگرتنی گشتیی خەڵک دوای لە سێدارەدانی «فەرزاد کەمانگەر» و هاوڕێیەکانی لە ساڵی ٢٠١٠ دا. چوارەم، ناڕەزایەتیی خەڵک بەرانبەر بە ڕووداوی هۆتێل تارای مەهاباد و کوشتنی فەریناز خوسرەوانی لە ساڵی ٢٠١٥. شەشەم، ناڕەزایەتیی خەڵکی کوردستان و بەتایبەتی خەڵکی شاری بانە دژی کوشتنی کۆڵبەران لە ساڵی ٢٠١٧دا. حەوتەم، ناڕەزایەتیی خەڵکی کوردستان بەگشتیی و شاری مەریوان بەتایبەتی دوای ڕوودای شەهید بوونی شەریف باجوەر و ئومێد کۆنەپۆشی لە ساڵی ٢٠١٨دا. هەشتەم، مانگرتنی گشتی و هەڵوێستی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرانبەر بە مووشکباران کردنی قەڵای دێموکرات لە ڕۆژی ١٧ی خەرمانان و هەروەها لەسێدارەدانی سێ زیندانیی سیاسی بە ناوەکانی ڕامین حوسێن پەناهی، زانیار و لوقمان مورادی لە هەمان ڕۆژدا کە لە ڕاستیدا تازەترین نموونەی لووتکەی هەڵوێستی خەڵک و لووتکەی زیندوویەتیی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات بوو. ئەگەر سەرنج بدەین لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا سیاسەتی سەرکووتکردن و کەشی میلتاریستی زاڵ بەسەر شار و ناوچە جۆربەجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نەتەنیا کەمی نەکردووە، بەڵکوو توندتر و دڕندانەتر بووەتەوە، ئەوەی لەم نێوانەدا گرنگە پەرچەکرداری خەڵکە کە نەتەنیا داخراویی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی سیستمی سیاسی نەبووەتە هۆی ئەوەی بکشێتەوە و دامرکێ، بەڵکوو وەک ئاگر زیاتر بڵێسە سەندوە و گڕدارتر بووە. بەدیوێکی دیکەدا، ئەکرێ بێژین بەپێی ئەو نموونانەی سەرەوە، هەر چی گوشار و پەلاماری حکوومەت زیاتر و دڕندانەتر بووبێ، ئەوا لە بەرانبەردا پەرچەکرداری کۆمەڵگە بەرفراوانتر و بەهێزتر بووە. لە دوایین نموونەدا ڕۆژی ٢١ی خەرمانانی ساڵی پار، بەقەرا گەورەیی ڕووداوەکە، پەرچەکرداری کۆمەڵگەش گەورە و کاریگەر بوو.

### ڕۆڵی بژاردەی کۆمەڵگە

لەپێوەندیی لەگەڵ ئەم ڕووداوە گەورانەدا کە کۆمەڵگە ئەهەژێنن، ناکرێ ڕۆڵی بژاردەی کۆمەڵگە ڕچاو نەکرێ و لە ڕاستیدا بەو جۆرەی کە باوە بژاردەکانی کۆمەڵگە ئەشێ ڕۆڵی پێشەنگ بگێڕن و ئاراستەی ڕووداوەکان بکەن. بۆیە لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە گەلۆ بژاردەی سیاسیی و هزریی ئێمە گەییشتووەتە ئەو ئاستە لە ئاگایی و وشیاریی کە بتوانێ سنوورە تەسکەکان دەرباز بکا و مەودای بیرکردنەوە و ڕوانینی فراوانتر بکا؟ ئەگەر بەپێی بۆچوونی «ئێدوارد سەعید» چاو لە بابەتەکە بکەین کە پێی وایە بژاردە و ڕووناکبیرەکانی کۆمەڵگە ئەشێ بەرانبەر بە ڕووداوەکان هەڵوێستیان هەبێ و ئەخلاق و بەها مرۆییەکان بکەنە پێوەر، ئەوا وەڵامی پرسیارەکە «نا» یە و مەخابن توێژی بژاردە لە کۆمەڵگە ئێمەدا هێشتا نەگەیشتووەتە ئەو ئاستە لە ئاگایی و فراوانبیری. لەم ڕوانگەوە ئەگەر سەیری کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات بکەین، بەتایبەت ئەبینین ئەو بژاردەیە کە لە دەرەوەی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەژی، نەیتوانیوە ڕۆڵی مێژوویی خۆی بگێڕێ و لەگەڵ گرفتی جیددی بەرەوڕوویە. بەدیوێکی دیکەدا، ئەم توێژەی کۆمەڵگەی ئێمە بەسەر چەندین گرووپی بچووک و ناوەندی جیاجیادا دابەش بوون و مەودای ڕوانین و هەڵوێستیان لەو بازنە بچووکانە ناترازێ و لەبەرگی «کوردایەتییەکی ڕووکەش»دا کە بە وەهم و خەیاڵ بارگاویی کراوە، جاروبار خۆی ئەنوێنێ.

هەڵبەت لێرەدا پێویستە دابەشکارییەک بکەین لە نێوان ئەو بژاردەیەدا کە لە دەرەوەی جوغرافیای ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشتەجێیە کە ئەویش یەکەم: بژاردەی سیاسییە کە حیزبە سەرەکییەکانی ڕۆژهەڵات تەعبیری لێ ئەکەن و دووەم: بژاردەی ڕووناکبیرییە کە پێک دێ لە کۆمەڵێک دەموچاو و کەسایەتیی جۆراوجۆر کە هەر کام لە بواری خۆیاندا ناسراون و خاوەن ناوبانگ و پێگەن. لە ئاستی یەکەمدا، ئەوەی کە حیزبە سەرەکییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەموو یەک دەنگ داوای مانگرتنیان کرد و ڕۆژی ٢١ی خەرمانان خەڵک بەدەم داواکارییەکەیانەوە هاتن و ئەوەی لە چوارچێوەی ڕاگەیەندراوە هاوبەشەکان بینیمان، هەنگاوی باش بوون و تا ئێرە ناتەبا نەبوون لەگەڵ چاوڕوانیی کۆمەڵگە و پەیام و وەڵامی کۆمەڵگەشیان بۆ ئەو پێکەوەبوونە لە ٢١ی خەرماناندا وەرگرتەوە. ئەوەی لێرەدا جێگای ڕەخنەیە و سەلمێنەری ئەوەیە کە بژاردەی سیاسی کورد نەگەیشتووەتە ئەو ئاستە لە ئاگایی کە بازنەی بینینی فراوانتر بکا، ئەوەیە کە لە ئاستی جۆراوجۆردا کارەساتی ١٧ی خەرمانانیان تێکەڵ بە ململانێی حیزبی کرد و هەوڵ دەدرا لە گەورەیی ڕووداوەکە کەم بکرێتەوە.

لە ئاستی دووەمدا، بەداخەوە ئەکرێ بێژین بژاردەی ڕووناکبیریی ئێمە بە هەمان شێوەی بەشێک لە بژاردەی سیاسی، مەودای ڕوانینی فرە کورتە و زۆر جار ئەبنە پاشکۆی گرووپی جیاجیای نێو بژاردە سیاسییەکان. واتە، بەداخەوە ئەم توێژەش لە دەرەوەی ڕۆژهەڵات نەیتوانیوە دەوری خۆی بگێڕێ ببێتە هاواری دەنگی کپکراوی کۆمەڵگەکەی و داکۆکیکاری حەقیقەت و بەها ئەخلاقی و مرۆییەکان بێ. بۆ وێنە ئێمە سینەماکاری گەورەمان هەیە کە لە ئاستی فستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکاندا ناسراوە و خاوەن ناوبانگ و پێگەیە لە بواری خۆیدا، کەچی بەرانبەر بە ڕووداوێکی گەورەی وەک ١٧ی خەرمانان هیچ هەڵوێستێکی نییە. ژمارەیەک هونەرمەند و نووسەری ناودارمان هەیە کە لە ئاست ڕووداوێکی وا گەورەدا بێدەنگ و بێ هەڵوێست بوون، لە کاتێکدا ئەیانتوانی ڕۆڵی زۆر باش بگێڕن و قورسایی و پێگەی خۆیان بۆ داکۆکی لە مافی نەتەوەکەیان، بۆ بەگژداچوونەوەی هەرچی زیاتری سیاسەتی کۆماری ئیسلامی و هەروەها بۆ گەیاندنی هاواری ڕەوای گەلەکەیان بە گوێ دونیا، بەکار بێنن. مەخابن، ئەوەی چاوەڕوان ئەکرێ و ئەوەی ئەرکی ڕاستەقینەی ئەم توێژەیە زۆر نامۆیە لەگەڵ ئەوەی لە کرداری بەشێک لەم توێژە بینیمان. سەیر لەوەدایە، ژمارەیەک لە دەموچاوەکانی ئەم توێژە لە دەرکەوتن و ئاخاوتنەکانیاندا زۆر نەتەوەیی و ڕادیکاڵ دەردەکەون و بۆ ڕووداو و کێشەکانی پارچەکانی دیکە، هەمیشە ڕۆڵی «کەواسووری بەر لەشکەر» ئەگێڕن، کەچی بەرانبەری بەوەی پارچەیەکی لەشیان لە لایەن دڕندەترین و مەترسیدارترین دوژمنی سەردەمەوە ئەنجن ئەنجن ئەکرێ، کەڕ و بێدەنگن.

### کاردانەوەی بەشەکانی دیکەی کوردستان

خاڵێکی دیکە کە گرنگە ئاماژەی پێ بکرێ، کاردانەوەی بژاردە و ڕای گشتیی پارچەکانی دیکەی کوردستانە بەرانبەر بەو هێرشەی کە لە ١٧ی خەرماناندا کرایە سەر حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات. ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە ڕۆژهەڵات بۆ پرسە نەتەوەییەکان هەمیشە پێشەنگ بووە و هیچ کات بەرانبەر بەو ڕووداوانەی کە لە پارچەکانی دیکەی کوردستان ڕوویان داوە بێ هەڵوێست نەبووە و دەسبەجێ پەرچەکرداری هەبووە. بەرانبەر بە ڕووداوەکانی باکوور، بۆ عەفرین و کۆبانێ لە ڕۆژاوا، بۆ چەسپاندنی فیدرالیزم و ڕێفراندۆم و ١ی شوبات و … لە باشوور، هەمیشە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات هەڵوێستی بوێرانە و چالاکانەی نواندوە، بەڵام لە بەرانبەر قەت وەڵامەکەی لە بەشەکانی دیکەی جەستەی وەرنەگرتووەتەوە. لە ئاستی حیزبەکاندا، تەنیا بە دەرکردنی چەند ڕاگەیەندراوێک تێپەڕێ و لە ئاستی بژاردەی ڕووناکبیریشدا، جیا لە چەند کەسایەتی و چەند ناوێک، هیچ هەڵوێست و بەدواداچوونێکی ئەوتۆمان نەدی، تەنانەت چەند ڕۆژ دوای ڕووداوەکە «برێت مەکگۆرک»، نوێنەری تایبەتی ئەوکاتی سەرۆکی ئەمریکا لە ناوچەکە سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد و «پرێس کۆنفراسێکی هەبوو، بەداخەوە یەک ڕۆژنامەنووس خۆی لەوە نەدا کە بپرسێ بەڕێز مەکگۆرک چەند ڕۆژ لەمەوبەر، چەند کیلۆمەتر دوورتر لێرە، کۆماری ئیسلامیی ئێران سنووری ئاسمانی عێراقی بەزاند (کە کۆنترۆڵەکەی لە ئەستۆی ئەمریکادایە) و موشەکی دژی هێزێکی کوردی بەکارهێنا، هەڵوێستی ئێوە چییە؟ ئایا پرسیارێکی لەو شێوەیە زۆری تێدەچوو؟ ئایا ڕووداوەکە ئەوەندە گەورە نەبوو کە لە ئاست تەنانەت یەک پرسیاردا بێ؟ لەئاستی ڕای گشتیی خەڵکی پارچەکانی دیکەی کوردستاندا، جیا لە بەهاناوە هاتنی خەڵکی شارەکەی «حاجی قادر»، لە هیچ کام لە شارەکانی پارچەکانی کوردستان هیچ کاردانەوەیەکی ئەوتۆمان نەبینی. ئەمەش لە کاتێک دایە، ئەگەر ئەم ڕووداوە لە هەرکام لە بەشەکانی دیکەی کوردستان ڕووی بدابایە، ئەوا بە دڵنیاییەوە لە ڕۆژهەڵات خۆپیشاندانی هەزاران کەسی بۆ ڕێک دەخرا و بەدەیان کەسیش دەستگیر دەکران و ڕاپێچی تاریکخانەکان ئەکران، بەڵام ڕۆژهەڵات ئەم تێچوویەی نەدا کە لێرە تێچووشی نەدەبوو.

### ئەنجام

زۆر جار ڕووداوی بچووک ئەبێتە سەرچاوەی گۆڕانکاریی و وەرچەرخانی مێژوویی، بەڵام بەداخەوە لە وڵاتی ئێمە ڕووداوە گەورەکانیش بە ئاسانی تێ ئەپەڕنێن و هیچ ڕوو نادا. بە واتایەکی دی سایکۆلۆژیای کورد زۆر جیاوازە و، ڕووداوە گەورەکانیش ڕایناچڵەکێنێ. نەتەوەیەک بە ئەنفال و کیمیابارن و ژێنۆساید وەخەبەر نەیە، پێویستە وەڵامی گەلێک پرسیاری کەڵەکەبوو بداتەوە. جوولەکە دوای هۆلۆکاست چییان کرد، ژاپۆن و ڤیێتنام چۆن ڕەوڕەوەی مێژوویان بە قازانجی خۆیان گۆڕی، ئەمانە هەمووی ئەزموونی گەورە و بەنرخن و دەبوو کورد تا ئێستا لێیان فێر ببا. مەخابن دوای ئەو هەموو کارەساتەی کە بەسەر کورد هاتوە، ئێستاش ئەبینی هەر وەک خۆیەتی و لە هیچ کام لە ڕووداوە گەورە و چارەنووسسازەکان نەیتوانیوە کەڵک وەربگرێ و مۆرکی خۆی لە مێژوو بدا.

کاتێک ئاوڕ لە رابردوو ئەدەیتەوە، زۆر سەیر نییە بەلاتەوە کە ڕووداوێکی گەورەی وەک ١٧ی خەرمانانیش بە ئاسانی تێ ئەپەڕێنرێ. موشکبارانی ١٧ی خەرمانان و لەسێدارەدانی سێ زیندانیی سیاسی کورد لە هەمان ڕۆژدا، پەلاماردانی بزووتنەوەیەک بوو کە بەداخەوە نەیتوانی ئاڵا هەڵگرانی بزووتنەوەکە (وەک بژاردەی سیاسی) و هەروەها بژاردەی ڕووناکبیریش لە کۆمەڵگەی کوردستان وەخەبەر بێنێ. ١٧ی خەرمان هەلێکی گەورە بوو کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات نەیانتوانی بەباشی کەڵکی لێ وربگرن و بیکەنە خاڵی وەرچەرخان بۆ یەکگرتنەوە و تەبایی زیاتر و دەستپیکردنی سەرەتایەکی نوێ. لە ڕاستیدا، بەپلەی یەکەم لایەنەکانی دیکە لە ئاست چاوەڕوانیی خەڵکدا، بەرپرسیارانە مامەڵەیان لەگەڵ ڕووداوەکە نەکرد و ڕێزیان بۆ پەیامی مانگرتنی گشتیی خەڵک لە ڕۆژی ٢١ی خەرمانان دانەنا. لێرەدایە کە جارێکی دیکە، ئەتوانین بێژین بژاردەی ئێمە هێشتا نەگەیشتووەتە ئەو ئاستە لە ئاگایی کە فراوان بڕوانێ و داهاتوو بنیات بنێ. بەتایبەتی، بەشێکی بژاردەی ڕووناکبیریی ئێمە ئەوەند بەرژەوەندخوازە کە هەموو بەها مرۆیی و ئەخلاقییەکان لە پێناو خۆیدا پێشێل ئەکا. بەپێچەوانەی بژاردەی کۆمەڵگە، ئەوەی جێگای هیوا و تێرامانە، پەرچەکرداری ڕای گشتیی ڕۆژهەڵات بوو کە بە ئاسانی بە لای ڕووداوەکەدا تێپەڕ نەبوو و بۆ هەمیشە ئەمێنێتەوە. لە لای ئەمەشدا خۆڕاگری و ورە بەرزی بنەماڵەی شەهیدان و بریندارەکانی پەلاماری مووشەکی ١٧ی خەرمان، قارەمانێیەتی تێکۆشەرانی ڕاستەقینەی دێموکرات و کۆڵنەدانی بنەماڵەی ئەو سێ بەندییە سیاسییەی کە لەسێدارەدران، بۆ هەمیشە وەک لاپەڕەیەکی زێڕین ئەمێنێتەوە.

# دیرۆکی خۆڕاگری

(لە دیکۆمێنتەکانی ئەنجوومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان)

## نهێنیی جەزرەبە و ئازار لە پێناوی نیشتماندا (٢-٢)



حەسەن کاکیلی

هەروەکوو لە ژمارەی ڕابردوودا و بەشی یەکەمی بەسەرهاتی زیندانەکەمدا باسم کرد، ماوەی دوو ساڵم لە گرتووخانەکانی ئیدارەی ئیتلاعات و دواتریش زیندانی ناوەندیی مەهاباددا بەسەر برد. لەو ماوەیەدا هەر وەکوو پێشتر ئاماژەی پێکرا هەشت مانگی لە ژوورە تاکەکەسییەکانی ئیتلاعاتدا و لەژێر دڕندانەترین ئەشکەنجە ڕووحی و جەستەییەکاندا بووم. لە زیندانی ئیتلاعات بۆ ماوەی سێ مانگ بە چاوی بەستراوەوە لە داڵانێکی تەنگ دایان نابووم و، شوێنی حەسانەوە و نان خواردن و خەوتنم هەر ئەو داڵانە بوو. بە توندترین شێوە ئەشکەنجەیان دەدام بۆ ئەوەی بڵێم دەسبەسەر کراوم و، خۆم ڕادەست نەکردوە. منیش هەر خۆڕاگریم لەخۆم دەنواند. ئەوە بوو کە دوای ٣ مانگ ڕەوانەی زیندانی ئیتلاعاتی شاری ورمێیان کردم. لەوێش بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژ لە سلوولدا ڕاگیرام و لەگەڵ چەند کەسێکدا کە پێشتر پێشمەرگە و چالاکی حیزبێکی سیاسی بوون پێکەوە لەو سلوولانەدا بووین. بەڵام بەداخەوە ئەوان لەو ماوەیەدا کە دەسبەسەر کرابوون هاوکاریی ڕێژیمیان دەکرد. بەردەوام هانیان دەدام کە ئەگەر بڵێم گیراوم، سزاکەم کەم دەکەنەوە. بەڵام ئەمن هەر خۆڕاگر بووم لە بەرامبەر هەموو ئەم فشارانەدا. نیزیک بە ٤ مانگ پرسی خۆ ڕادەست کردنم بە پایەگای ئەرتەش لە نووسراوەکانمدا دەهێناوە. لە لایەکی تریشەوە بنەماڵەکەم سەردانی پایەگای ئەرتەشیان کردبوو و لە هەموو لاپەڕەکانی پەروەندەکەم کۆپییان هەڵگرتبوو و تەحویلی دادگای ئینقلابی مەهابادیان دابوو کە ئەو کارەش یارمەتیی زۆری دام.

لەو ماوەیەدا سێ جار دادگایی کرام کە دوو جاری یەکەمی بەبێ لێپرسینەوە و پارێزەر و لە دادگایەکی زارەکیدا حوکمی ئێعدامم بەسەردا سەپا. بۆ جاری سێهەم و لەدوای ئێعترازی خۆم و داکۆکیی زۆری دادئەستێنی دادگای ئینقلاب لەلای حاکم شەرع و، هێنانە بەر باسی ئەوەی کە من لە کاتی چالاکیی حیزبی دەسبەسەر نەکراوم و بەڵکوو خۆم ڕادەستی ئەرتەش کردوە و، هەروەها ئەم ڕادەست بوونە لەلایەن قەرارگای هەمزە لە ورمێش وەرگیرابوو بەڵام ئیدارەی ئیتلاعاتی مەهاباد نەیدەسەلماند؛ لە کۆتاییدا و پاش مشتومڕێکی زۆر حوکمەکەم شکا و لە ئێعدام ڕزگارم بوو.

پاش ئەو دوو ساڵ بەندیخانەیە، حوکمی دوو ساڵ دوورکەوتنەوەم کەوتە بواری جێبەجێکردن و ناردرام بۆ شاری قەزوین. لەوێش پاش دوو ساڵ حوکمەکەم لەگەڵ بەرپرسی کارخانەیەکی ڕێژیم کە مافی هاوڕێیەکمانی خواردبوو تووشی شەڕ بووم، بەو بۆنەیەوە دیسان گیرام و کەوتمەوە بەندیخانە. ئەو کات کە چالاکیی حیزبیم دەکرد کۆمەڵێکی زۆر کتێب و نووسراوە و نامەی نهێنی و لەو ڕۆژنامەی سیاسیی گرینگم لە لا بوو کە پێش لەوەی بگیرێم، هەموویانم لە ماڵی خزمێک شاردبۆوە. بەداخەوە لەو کاتەیدا کە لە زیندانی قەزوین بووم ڕاپۆرتم لێ درا و دۆسییەی ئەوەش کەوتە گەڕ و لەسەر ڕابردووەکەم زیاد بوو. لە دادگا بە تاوانی ڕاگرتنی نووسراوە و بەڵگەنامەی نایاسایی دوو ساڵی دیکەش زیندانم بەسەردا سەپا.

لە پاش ئەو دوو ساڵ زیندانییەش، لە ساڵی ١٣٧٠دا هاتمەوە بۆ مەهاباد و لە گوندی گاپیسی شاروێران دەستم بە کاروباری وەرزێری کرد و، بۆ ماوەیەک لە چالاکیی سیاسی دوور کەوتمەوە و ژیانێکی ئاساییم گرتبووە بەر. ئەم شێوە ژیانەم بەردەوام بوو هەتا زستانی ساڵی ١٣٧٣، لەگەڵ هاوڕێیەکی دێرینی خۆم کە کادری حیزب و ئەندامی کومیتە شارستانی سەردەشت بوو و، خۆی ڕادەست کردبۆوە یەکترمان بینی و؛ لەسەر کار و تێکۆشانی خۆی لەگەڵ حیزب و شێوازی کاری تەشکیلاتیی نوێ لەنێو بە شێک لە شاری مەهاباد قسەمان کرد. بەو شێوەیە سەر لەنوێ بە هاوڕێیەتیی ئەم کەسە دەستم بە کار و چالاکیی سیاسی کردەوە هەتا ئەو جێگایەی کە بەردەوام پرس و ڕاو و ڕاوێژمان بە یەکتر بوو و، لەگەڵ کاک کەماڵ کەریمی‌شدا لە پێوەندیدا بووین و، ڕەخنە و پێشنیارەکانمان دەگواستەوە بۆ لای کاک کەماڵ کەریمی. لە داوییشدا لەگەڵ کاک بێژەن قارەمانی هاوکارییەکی چڕوپڕمان هەبوو کە ئەو کات بەرپرسی بەشێک لە تەشکیلاتی شاری مەهاباد بوو. لەو ماوەیەشدا ئەوپەڕی هاوکاریم لەخۆم نیشان دا و کەسێکی جێ‌متمانە و سەرەکی بووم.

بێجگە لەوەی کە لەگەڵ کاک بێژەن قارەمانی کارم دەکرد، هاوکات لەگەڵ بەرپرسی ئەوکاتی کومیتەی ناوچەی شاروێرانیش لە پێوەندیدا بووم. خۆشحاڵم لەوەی کە لەنێو خۆی وڵات و لە ئەستەمترین و ئەمنیەتیترین ساڵەکاندا کار و چالاکیی زۆر گرینگ و بەسوود و بەکەڵکم کردوە، توانیومە جێ متمانەی بەرپرسان و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات لە نێوخۆی وڵات بم. شانازیم بەخۆم بووە کە توانیومە لە بارودۆخێکی ئەستەم و هەستیاردا و بەوپەڕی زەخت و گوشار و ئەشکەنجە کەسایەتیی خۆم بپارێزم؛ کە ئەوەش لە ئیمان و بڕوایەکی قووڵ و ئیرادەیەکەوە سەرچاوە دەگرێ کە لە زانستگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە فێر بووین.

بەهۆی ئەوەی کە مەترسیی گیرانم لەسەر بوو، جارێکی دیکە لە ڕێکەوتی ٢٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٨٧ی هەتاویدا، هاتمەوە ڕیزی پڕ لە شانازیی پێشمەرگایەتیی حیزبی دێموکرات و ئێستاش بە وەرەیەکی پۆڵایینتر لە پێشوو، لە خزمەتی ڕاپەراندنی ئەرک و چالاکییە پێسپێردراوەکانم دام.

***

د. ئاسۆ حەسەن‌زادە:

# کۆماری ئیسلامی هەرگیز ڕوانینی ئەمنیەتیی خۆی بۆ کوردستان وەلا نەناوە

(دەقی قسەکانی جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لە پارلمانی سوئێد)

- لەکاتێکدا کە پرسی تێرۆریزمی دەوڵەتی و موشەکە بالیستیکەکانی ڕێژیمی ئێران تەنیا خاڵە کە ئورووپاییەکان و ئەمریکا لەسەری کۆکن، ئێمە پێمان سەیر بوو کە ڕێژیمی ئێران توانی جینایەتێکی وەها ئەنجام بدا بەبێ ئەوەی هیچ دژکردەوەیەکی نێونەتەوەیی جیددیی بەدوادا بێ.

- زۆر گرینگە کە ئورووپا هەڵوێستێکی مونسەجیم سەبارەت بە پرسی کورد لە تەواوەتیی خۆیدا بگرێتەبەر. ئەمەش نەک تەنیا لەبەر ئەوە کە قسە لە یەک نەتەوە یان یەک پرسە. بەڵکوو لەبەر ئەوە کە لەنێوان مەسەلەی کورد لە هەموو وڵاتانی ناوچەدا و پرسی ئاشتی و جێگیری لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا (بە هەموو ئەو دەرەنجامە ئەمنیەتی و ئینسانی و کۆچبەرییەکانی بۆ وڵاتانی ئورووپا بەتایبەتی بۆ سوئێد) ئەڵقەیەکی پێوەندی هەیە کە بڕیاردەرە، ئەویش ڕۆڵی خراپکارانەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

- تەنیا کاتێک دەوڵەتی ئێران لە ئاستی نێونەتەوەییدا بەرپرسیارانە دەجوڵێتەوە کە ئەو ڕێژیمە لەپێشدا لە بەرامبەر خەڵکی خۆیدا وڵامدەر بێ.



### خوشک و برایانی بەڕێز!

بۆ من شەڕەفێکی گەورەیە کە دەرفەتی ئەوەم هەیە لەو شوێنە بەپرستیژە باسی کوردەکان لە ئێران و خەباتی ڕەوای ئەوان بکەم. سوپاس بۆ هاتنتان. سوپاسیش بۆ دۆستانی لیبرالمان لە پارلمانی سوئێد بەتایبەتی فرێدریک ماڵم کە ئەم سیمینارەیان ڕێک خست.

من وای دادەنێم کە هەمووتان کەم و زۆر لەگەڵ مەسەلەی کورد ئاشنان. چەند دەهە لەمەوبەر کەم کەس لە ئورووپا لە بوونی گەلێک بەناوی گەلی کورد و «وڵات»ێک بەناوی کوردستان ئاگادار بوو. ئەمڕۆ هەموو کەس کاکڵی مەسەلەی کورد دەناسێ، وەک هەوڵی نەتەوەیەک بۆ بەدەستەوە گرتنی چارەنووسی خۆی (ئەگەر تەنیا لە شکڵی ئۆتۆنۆمی و فیدرالیشدا بێ)، نەتەوەیەک کە خاکەکەی لە دوو بڕگەی مێژوویدا بەپێچەوانەی مەیل و ئارەزووی خۆی دابەش کراوە.

ئەم هۆشیارییە جیهانییە لە دۆزی کورد پێش هەموو شتێک بەرهەمی خەباتی گەلی کورد و هەروەها دەرفەتەکانی جیهانی ئەمڕۆ لەبواری ڕاگەیاندن و واقیعییەتە نوێیەکانی پێوەندیی نێونەتەوەییە. بەڵام لە سایەی ئەو سەرنجەشەوەیە کە هێندێک دەوڵەت بە گەلی ئێمەیان داوە. دەوڵەتی سوئێد یەک لەو دەوڵەتانەیە کە سەرنج و یارمەتییەکانی بۆ گەلی ئێمە شایانی ئەمەگناسییە.

بەو حاڵەش، سەرنجێک کە لە دنیای دەرەوەدا بە کورد دەدرێ، بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان وەکیەک نییە. بە کۆمەڵێک هۆکاری پێوەندیدار بە مێژوو و سروشتی دەسەڵاتی سیاسی و دۆخی نێودەوڵەتی، کوردستانی ئێران ئەو پارچەیە لە کوردستانە کە ئەمڕۆ کەمتر لە پارچەکانی دیکە ئاوڕی لێ دەدرێتەوە. ئەوە لەکاتێکدایە کە کوردستانی ئێران دووەمین پارچەی گەورەی کوردستانە بە حەشیمەتێکەوە کە لانیکەم هێندەی حەشیمەتی سوئێدە. سەردەمێک کوردستانی ئێران ناوەندی قورسایی هەموو بزوتنەوەی کورد بوو. لەوێیە کە لە کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانیدا یەکەمین و تەنیا کۆماری کوردی لە مێژوودا دامەزرا. ئەم کۆمارە هەرچەند کەم ژیا، بەڵام شوێنەواری گەورەی لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی مۆدێرنی هەموو کورد بەجێ هێشت.

دەتوانم هەروەها ئاماژە بە مانگ و ساڵەکانی پاش شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران بکەم کاتێک گەلی ئێمە دیسان ئازادیی خۆی وەدەست هێنایەوە و ڕێکخراوە سیاسییەکانمان کۆنترۆڵی خاکی کوردستانیان بەدەستەوە گرت. بەڵام لێرەشدا دەسەڵاتی نوێ نە ئارەزووە نەتەوەییەکانمان و نە ڕوانگە دێموکڕاتیک و پێشکەوتنخوازەکانی ئێمە بۆ باقیی ئێرانی تەحەمول نەکرد. هەربۆیە لە بەرامبەر پەلاماری هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان ڕێگایەکمان جگە لە دەستکردنەوە بە خەبات و خۆڕاگری بۆ نەمایەوە.

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەمیشە لایەنگریی خۆی لە ڕێگا سیاسییەکان و چارەسەری ئاشتییانەی مەسەلەی کورد نیشان داوە. بەڵام ئەو حیزبە ئێستاش لە ئێران قەدەغەیە. نەک هەر ئەندامانی ئێمە، بەڵکوو چالاکانی مەدەنییش بەردەوام لە مەترسیدان. کوردستان زۆرترین ژمارەی گیراو و لەسێدارەدانی هەیە و تەنیا بەشی ئێرانە کە ئێستاش ئێعدامی سیاسیی لێ بەڕێوە دەچێ. زمانی کوردی ئێستاش لە خوێندنی دەوڵەتی و بەگشتی لە بەستێنی حکومەتیدا قەدەغەیە. ناوچەی ئێمە هەروا بە گەشەنەسەندوویی ماوەتەوە. هێزە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم هەموو ڕۆژێک گیانی کۆڵبەران دەستێنن.

ئەمڕۆ کۆماری ئیسلامی بەهۆی نیگەرانی لە ئایندەی خۆی وا جارێکی دیکە ئیدیعا دەکا کە حازرە وتووێژمان لەگەڵ بکا. هەر ئێستا هەوڵ و دەسپێشخەریی لایەنێکی ئورووپایی لەو پێوەندییەدا لەئارادایە. بەڵام لەو ماوەیەدا ڕێژیم هێرش و سەرکوتی خۆی بۆ سەر گەلی ئێمە و حیزبەکانی ڕانەگرتوە، بەڵکوو خەستتری کردۆتەوە. لەڕاستیدا کۆماری ئیسلامی هەرگیز ڕوانینی ئەمنیەتیی خۆی بۆ کوردستانی وەلا نەناوە. مانگی سێپتامبر بۆ ئێمە پڕە لە ڕووداوی تاڵ. لەو مانگەدا بوو کە چل ساڵ پێش ئێستا هێزەکانی ڕێژیم دەستیان کرد بە جێبەجێکردنی فەتوای جیهادی ئایەتوڵڵا خومەینی بەدژی خەڵکی کوردستان. هەر لەو سەروبەندەدا بوو کە نزیک بە دە ساڵ دواتر ئێعدامی بەکۆمەڵی زیندانیانیی سیاسی لە ئێران کە زۆریان کورد بوون بەڕێوە چوو. ئەمڕۆ، ١٧ی سێپتامبر، ساڵوەگەڕی تێرۆری ڕێبەری ئێمە دوکتور شەڕەفکەندییە کە ٢٧ ساڵ لەمەوبەر لە بێرلین تێرۆر کرا. ناوبراو جێگرەوەی دوکتور قاسملوو بوو کە سی ساڵ پێش ئێستا لە ڤییەن لەسەر مێزی وتووێژ لەلایەن نێردراوانی کۆماری ئیسلامییەوە تێرۆر کرا. زۆر سەربەرزم بەوە کە ئەمڕۆ تۆماس هاماربێری لێرە لەگەڵمانە. کاتێک وەژوور کەوت یەکسەر پەیامە جوانەکەی ویم وەبیر هاتەوە کە لە کاتی ناشتنی دوکتور قاسملوو لە گۆڕستانی پێرلاشێزی پاریس پێشکەشی کرد. ئەم هەفتەیە هەروەها یەکەمین ساڵوەگەڕی مووشەکبارانی بارەگای سەرەکیی حیزبی ئێمە لە قووڵایی خاکی کوردستانی عیراقدا بوو. لەو هێرشەدا ١٦ کەس لە هاوڕێیان و کەسوکارمان لەدەست دا.

لەکاتێکدا کە پرسی تێرۆریزمی دەوڵەتی و موشەکە بالیستیکەکانی ڕێژیمی ئێران تەنیا خاڵە کە ئورووپاییەکان و ئەمریکا لەسەری کۆکن، ئێمە پێمان سەیر بوو کە ڕێژیمی ئێران توانی جینایەتێکی وەها ئەنجام بدا بەبێ ئەوەی هیچ دژکردەوەیەکی نێونەتەوەیی جیددیی بەدوادا بێ. ئەندامانی ئێمە لە کوردستانی عیراق و بنەماڵەکانیان ئێستاش لە ئەمانی پیلان و جینایەتی لەم جۆرەی ئێراندا نین.

ئەمن پێم خۆشە بەشی زۆری کاتەکە بۆ پرسیارەکانی ئێوە تەرخان بکەین. هەربۆیە قسەکانم بە چەند سەرنجێک لەبارەی مامەڵەی نێودەوڵەتی لەگەڵ ئێران کۆتایی پێ دێنم. ئێمە لەوە تێدەگەین کە دەوڵەتی سوئێد و وڵاتانی دیکەی ئورووپا پێش هەموو شتێک بەدوای بەرژەوەندیی نیشتمانیی خۆیانەوە بن. ئەوەشم پێ سەیر نییە کە گۆشەنیگاتان بۆ هەموو بەشەکانی کوردستان وەکیەک نەبێ. بەڵام ئەگەر لە درێژخایەندا بیر بکەینەوە، زۆر گرینگە کە ئورووپا هەڵوێستێکی مونسەجیم سەبارەت بە پرسی کورد لە تەواوەتیی خۆیدا بگرێتەبەر. ئەمەش نەک تەنیا لەبەر ئەوە کە قسە لە یەک نەتەوە یان یەک پرسە. بەڵکوو لەبەر ئەوە کە لەنێوان مەسەلەی کورد لە هەموو وڵاتانی ناوچەدا و پرسی ئاشتی و جێگیری لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا (بە هەموو ئەو دەرەنجامە ئەمنیەتی و ئینسانی و کۆچبەرییەکانی بۆ وڵاتانی ئورووپا بەتایبەتی بۆ سوئێد) ئەڵقەیەکی پێوەندی هەیە کە بڕیاردەرە، ئەویش ڕۆڵی خراپکارانەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

هەروەک دەزانن لە مانگەکانی ڕابردوودا گرژییەکانی کەنداو بەشێوەیەکی پێشتر نەدیتراو ڕوویان لە هەڵچوون کردوە و ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی نیزامی‌یش هەیە. هاوکات هێندێک هەوڵ بۆ دەستپێکردنەوەی دیالۆگ و گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی نوێ لەنێوان ئێران و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا لە ئارادان. ئێمە لایەنگری فشاری زیاتر بۆ سەر کۆماری ئیسلامیین. هەرلەوکاتەدا ڕوانگەی نێونەتەوەیی بۆ ئێران نابێ تەنیا لە هەڵبژاردنێکدا کورتدا بکرێتەوە لەنێوان شەڕ لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە درێژەدانی دۆخی ئێستا کە نە خەڵکی ئێران و نە جیهانی شارستانی لەگەڵی مورتاح نین. بۆ دەرچوون لەم دیلەمایە پێویستە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییە بڕیاردەرەکان سەرەنجام قبووڵی بکەن کە بەکردەوە ویست و ئارەزووی خەڵکی ئێران و نەتەوەکانی ئەو وڵاتە وەبەرچاو بگرن و بەشێوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هێزە دێموکڕات و میانەڕەوەکانی کۆمەڵگای ئێران بەتایبەتی کوردەکان کار بکەن.

ئەمڕۆژانە زۆر دەبیسین کە دێموکڕاسی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا خەون و خەیاڵە. هەرچۆنێک بێ، ڕاستییەک هەیە کە کەس ناتوانێ خۆی لێ دەرباز بکا: تەنیا کاتێک دەوڵەتی ئێران لە ئاستی نێونەتەوەییدا بەرپرسیارانە دەجوڵێتەوە کە ئەو ڕێژیمە لەپێشدا لە بەرامبەر خەڵکی خۆیدا وڵامدەر بێ.

سوپاستان دەکەم.



شارۆخ حەسەنزادە

# مێتۆدی «شار» بۆ بەرگری لە «قەڵا»



دیالێکتیک یەکێک لە کەرەسەکانی فەلسەفەیە بۆ باس کردن و شەنوکەو کردنی بابەتە زانستی و فەلسەفییەکان. هێگڵ وەک بیرمەندێکی ناسراو ئەم پرسەی بە چڵەپۆپەی خۆی گەیاند و وەک کەسێکی ئیدەئالیست کاری پێدەکرد، بەڵام ئەوە «یوهان فیشتە« بوو وەک هاوڕێبازی هێگڵ لە تێرم و فۆرمۆلی تێز و ئانتی تێز و سەنتێز کەڵکی وەرگرت؛ کەچی لە مێژووی فەلسەفەدا زۆرتر بە شاکاری هێگڵ دادەنرێ. لەم شێوازە دیالێکتیکەدا سەرەتا، گوزارەیەکی دیار بە «تێز» دادەنرێ، دژبەرەکەی دەبێتە «ئانتی تێز» و لە ئاکام بەرکەوتنی ئەم دوو پارادۆکسە «سەنتێز» دەخولقێنێ.

ئەگە ئێمە ڕووداوی مێژوویی ٢١ی خەرمانان بخەینە نێو ئەم فۆرمۆڵە، مووشەک دەبێتە تێز، قەڵا، ئانتی تێزەکەیتی و مانگرتنی خەڵکی ڕۆژهەڵاتیش دەبێتە سەنتێز! واتە مانگرتنی پڕشکۆی ڕۆژهەڵات بە هەموو چین و توێژەکەوە ڕاستەوخۆ بەرهەم و مەحسوولی مووشەک بارانکردنی قەڵای دێموکرات بوو.

دوای ئەوەیکە لە ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی، ڕێژیمی کلاوچی و ترسنۆکی ئیسلامی ئێران بە مووشەک هێرشی کردە سەر قەڵای دێموکرات، جەستەی بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵات زامدار بوو و خوێنی پێشمەرگە، کادر و ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای سێ لاوی تێکۆشەری نێوخۆ کە بە ناحەق لە سێدارە دران تێکەڵی یەکتر بوون و شەقامی شاری پێ ئاودێر کرا (لێرەدا مەبەست لە شار، پۆلیس یا مەدینەی پلاتۆن و ئەرسەتوویە کە بە گشتی بەرهەمی ژیارە و وەک ئەنجوومەنێکی سیاسی و مەدەنی لە یەونانی کۆن پێناسەی بۆ کراوە). ئەو برینە هێندە قورس و کاری بوو هەموومانی تاساند، بەڵام خەڵکی بە ئەمەگ و کەسایەتییە سیاسی و مەدەنییەکانی کورد لە ڕۆژهەڵات وەخۆ کەوتن و داوایان لە خەڵکی خۆرهەڵات کرد جارێکی تر بێنە سەر خەت و بۆ پشتیوانی و هاوکاریی خەباتکارانی خۆیان هەڵوێست وەربگرن. دوای چوار ڕۆژ گرکانی خەفتیوی ڕۆژهەڵات وە گڕ کەوت و بە دەنگێکی بەرز و پڕ لە ژیار و شارستانییەت تۆڵەی تێکۆشەرانی دێمۆکراتیان لە تاران کردەوە و بە مانگرتنە گشتییەکەی ٢١ی خەرمانان بە ڕۆژی ڕووناک و لە بەر چاوی حەپەساوی ئیدارەی ئیتلاعات و سپای پاسداران سەدان مووشەکیان ئاراستەی بەیتی ڕێبەری ڕێژیم کرد و دەگەڵ سارێژکردنەوەی ئەم خەمە قورسە، ئەمجارە ئەوان بوون کە بە پەژیوانی نەک هەر جەستەیان بەڵکوو کۆڵەکەکانی ئەو نیزامە دیکتاتۆرە وە لەرزین کەوت.

زۆر جار ڕەخنەی ئەوە لە خەڵکی خۆرهەڵات دەگیرا کە، خەڵکی ئەم بەشە لە کوردستان زۆرتر بە خەمی پارچەکانی ترەوەیە و بۆ خەم و شایی ڕۆژهەڵات دەنگی کپ و ماتە، هەرچەندە ئەمە لایەنی سیاسی و چۆنیەتیی ڕوانینی ناوەندە دیکتاتۆرەکان بە نیسبەت بەشەکانی کوردستانی دابەشکراو دەگرێتەوە، بەڵام لە ماوەی چەندین سالّی ڕابردوو بە تایبەت ئەم سێ ساڵەی دوایی سەلماندیان چەمکی ڕۆژهەڵات تەوەری بە حەق لە کوردستانی ئێران لەسەر پێیە بەڵام ئەوە ئاستی بەرزی شعوری سیاسی و تێگەیشتنی پڕ لە مەدەنیەتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتە کە جارێک بۆ باشوور شایی دەکا و جارێک لە یەکی شوبات شین دەگێڕێ و لە بۆ سەرکردەیەکی باکووری دەچێتە سەر شەقام و ئەنجومەنەکان بۆ کۆبانی شەوە شێعر و بەرنامەی جۆراوجۆر دادەنێن. بە ڕوانینێکی تر، خەڵکی ڕۆژهەڵات و بزووتنەوە سیاسیەکانی لە کاتی قەیران و تەنگانەدا نەک هەر ناکەون و تووشی دارمان و نزم بوونەوە نایەن بەڵکوو بە پێچەوانە لەم حاڵەتانەدا زیاتر چالاک دەبن و بەردەوام ڕادەبن.

سێ ڕووداو لە ماوەی ئەم سێ ساڵە لە ڕۆژهەڵات ڕوویان دا کە دووانیان سروشتی و بوون و یەکێکیش ناسروشتی، لە هەردووک کارەساتە سرووشتیەکەی ١٣٩٦ی کرماشان کە بەداخەوە بەهۆی هاتنی بوولەرزە جگە لە وێرانکرنی ماڵ و حاڵی خوشک و برایانمان لە بەشی خوارووی کوردستانی ڕۆژهەڵات و زەرەری زۆری ماڵی، مەخابن سەدان کەس لە هاونیشتمانیانی کورد گیانیان لەدەست دا و بە هەزاران کەسیش بریندار بوون، یا لە ڕووداوەکەی تر لە نەورۆزی ١٣٩٨ بە هۆکاری هەستانی لافاو و لێمشت لە بەری لای ئیلام و لۆرستان، ئەوەی خەڵکی ڕۆژهەڵات بۆ هاونیشتمانیانی خۆی کرد لە کەمتر نەتەوە دەوەشێتەوە، ئەو ڕووداوە ناسرووشتیەی ١٧ خەرمانانیش ئەگە ٢١ی خەرمانانی بەدوا دا نەهاتبا، دەبوو چ ببا؟!

ڕۆلان بێرتۆن کەسایەتییەکە کە زۆرتر لە بەستێنی زانستە سیاسیەکاندا دەنووسێ و خاوەن پێگەیەکی بەرزی بۆچوونی سیاسییە، کتێبێکی هەیە بە ناوی «ئەتنە سیتە«. ناوبراو لەو کتێبەدا باسی پێوەرەکانی کەسێکی ناسیونالیست دەکا. ئەو پێی وایە کەسێکی ناسیونالیستی ئاگا دەبێ ئەم خاڵانەی تێدا بەدی بکرێ هەتا وەک کەسێکی نیشتمانپەروەر و گەلدۆست بێتە ناسین: یەکەم پرسی زمانە، واتە کەسێکی ناسیۆنالیست هەم دەبێ زمانی یەکەمی واتە زمانی دایکی بەباشی بزانێ و هەمژی، ئەو کەسانەی لە حەوزەی زمانیدا خزمەتیان بەو زمانە کردوە بیانناسێ، بۆ وێنە کەسێکی ڕووسی کە لافی نیشتمانپەروەری و ڕووسی بوون لێ دەدا دەبێ بۆ میناک؛ فیئۆدر داستایوفسکی بناسێ و بەرهەمەکانی خوێندبێتەوە یا لیئۆ تۆلستۆی ناسیبێ. لەهەموو گەلێک بەهەمان شێوە و بۆ کەسێکی کوردی نەتەوەگەراش ئەم پرسە درووستە، واتە دەبێ کوردێکی نیشتمانپەروەر جیا لە زانینی زمانی دایکی کەسایەتییەکانی وێژەیی خۆی بناسێ کەسانی وەک، خانای قوبادی، ئێل بەگی جاف و هێمن و... . دووهەم، «مێژوو»یە. ئەمەش بە هەمان شێوە دەبێ ئەو کەسەی ئیدیعای خۆشەویستیی خاک و خەڵکی خۆی هەیە دەبێ ڕابردووی خۆی بزانێ، ئەگە لە کەسێکی فەرانسەوی بپرسێ ناپلئۆن بناپارت کێیە و نەیناسێ دەبێ گومانت لە فەرانسەوی بوونی ئەو کەسە هەبێ، دیسانی بۆ کوردیش ئەمە ڕاستە، واتە کەسێکی کورد کە کوردایەتی دەکا دەبێ لانیکەم بزانێ، لۆلۆ، کاسی، گوتی، میتانی، ئورارتوو، مانا، ماد و هەتا ماڵباتەکان و میرنشینەکان و شۆڕشەکانی سەدەی ١٩ و بیست، کێ بوونە و چیان کردوە و لێی ئاگادار بێ. سێهەم ناسینی جوگرافیایە، واتە دەبێ جوگرافیا و شوێن و شار و لادێیەکانی وڵاتی خۆی بناسێ و بزانێ ئەم ناوچە و مەڵبەندە لە کوێ هەڵکەوتوە و دەکەوێتە کوێ و داب و نەریت و زاراوەکانی بە چ جۆرێکە. ئەگەرچی بێرتۆن زۆر لایەنی تریش باس دەکا بەڵام ئێمە بە چوارەمین خاڵ کە زۆر گرینگە، ئەم ڕایە دەپێچینەوە، هەستی ناسیونالیستی، هەرکەسێک بە هەر بیروباوەڕ و ئایین و ڕوانینێک مادام بڵێ من سەر بەو ڕەگەز و نیژادەم و سۆز و هەستی بۆی هەبێ ئەوە کەسێکی ناسیونالسیتە، لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە هەر کەسێک بڵێ من کوردم و کوردستانی، دەکەوێتە خانەی کەسێکی نیشتمانپەروەر (بە پێوەری ڕۆڵان بێرتۆن کەسێکی ناسیونالسی دەبێ ئەم چوار خاڵەی باس کرا تێدا مەوجود بێ). حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک پێشەنگی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی و میللیگەرایی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەمێکە دەرفەتی بەو باسانە داوە و لە فێرگەکانیدا وەک وانە و دەرسی گرینگ دەیانڵێتەوە و بۆ گەشەی بیر و هەستی ناسیونالیستی تێ کۆشاوە.

تاکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆ لانیکەم ئەو هەستەیان تێدا پەنگ دەخواتەوە کە من کوردم و هەست و سۆز و عاتیفەم بۆ هەموو کوردێک لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە هەیە. ئەمەیە نهێنیی شعووری بەرزی سیاسی و ئاستی پێگێشتوویی و تێگێشتوویی خەڵکی ڕۆژهەڵات. لەم نێوەدا و لە سەردەمی جیهانێکی ئاڵۆز و شپرزە، لە چاخی تیرۆر، کوشت و کوشتار و چەختی گەری، خەڵکی خۆرهەڵاتی نیشتمان و بزووتنەوە مافخوازەکانی ئەم بەشە، بە حوکمی باوەڕمەند بوون بە شێوازی خەباتی مەدەنی و دوور لە توندووتیژی وەک فەلسەفەی بنەڕەتی و ڕەسەنی خۆیان، باش لەم مێتۆدە تێ دەگەن و تەنانەت خەلاقیەتیشیان هەیە.

«جین شارپ» وەکوو کەسایەتییەکی ئاکادێمی دەیان ساڵە بە شێوەی زانستی و پراگماتیک لەم بەستێنەدا چالاک بووە. ئەو کە وەک بەرنامە داڕێژەری چەندین بزووتنەوەی خەڵکی و مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی ئوروپا و وڵاتانی دیکتاتۆری وەک ڤێنزوئێلا بەشداریی ڕاستەوخۆی کردوە، لە کتێبەکەیدا بە ناوی»لە دیکتاتۆرییەوە بۆ دێموکراسی» باس لە ١٩٨ جۆر مۆدێل دەکا کە بزووتنەوەکان و چالاکانی ڕێکخراوەیی و بە گشتی کۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانێ بەدوور لە توندوتیژی کاری پێ بکا و پایە و ئەستوونی دیکتاتۆران دارمێنێت. بەرزە فری نییە کە بڵێم، ئەگە ناوبراو مابا ئێستا دەبوو لە شەقام و بازارەکانی کوردستاندا گەرابا و فێری جۆرەکانی تری خەباتی مەدەنی ببا. ئەوە نییە لە بانە و شارەکانی تری ڕۆژهەڵات (لە ساڵی ١٣٩٧) درێژترین مانگرتنی یەک شار لە مێژووی ناوچەدا، خولّقا و ڕاخستنی سفرەی بەتاڵ بووە مۆد و لە بەشەکانی تری ئێرانیش کرێکاران و بازارییەکان و ئەسناف پاتەیان کردەوە.

زۆر جار ئێمە گوتومانە، شەڕ خواز نین و ئەو چەکەی پێمانە بۆ بەرگرییە و ئەوە دوژمنە شەڕی بەسەرداسەپاندووین، واتە مۆدێلی خەباتی چەکداری بۆخۆمان هەڵمان نەبژاردوە و بەسەرماندا سەپاوە، بەڵام شێوازی خەباتی مەدەنی دەناو خوێن و مێشکماندا دەجووڵێتەوە و ڕێژیمە دیکتاتۆر و زاڵ بەسەر کوردان کە ئاخی کوردستانیان داگیر کردوە لەم مۆدێلە تۆقیون، چونکە هەم لە بواری ئاستی شعووری مەدەنی و تێگەیشتن لە ماف و خواستەکانیان ڕەوشەنگەری دەکرێ، هەم پانتایی جوغرافیایی بەربڵاوتر لە خۆ دەگرێ و هەمیش بەشداری زۆرینەی خەڵک لەم ڕەوت و پێواژۆیانە بە ڕادەیەکی زۆر بە نیسبەت شێوازەکانی تر بوونی هەیە و وا بە هاسانی ڕەوگیر ناکرێن. ئەگەرچی مەبەستی من لێرەدا بایەخدانان و ئەرزش گوزاری نییە لە نێوان مێتۆدەکانی خەبات و شێوازی بەرەوڕوو بوونەوە، خەڵقی کورد بۆی هەیە لە هەموو دەرفەت و مکانیزمێک کەڵک وەربگرێ و خەباتی چەکدارییش یەکێک لەو مێتۆدانەیە کە لە پەسەندکراوەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بە ژومارە ٢٢٢ و ٢٣٥ ی ساڵی ١٩٦٦ و ١٩٧٨ دانی بە ڕەوایی خەباتی چەکداری داناوە بۆ گەیشتن بە مافی دیاریکردنی مافی چارەنووسی گەلان. کەواتە گەلی کوردیش ئەو مافەی هەیە بۆ دەستەبەر کردنی داخوازییە مەشروعەکانی خۆی لە هەموو جۆرەکانی تێکۆشان یەک لەوان خەباتی چەکداری کەڵک وەرگرێ.

یا شێوازی دیپلۆماسی و دیالۆگ ڕێگەیەکی ترە لە خەباتی سیاسی و وەدەست هێنانی ماف و ویستی ئەتنیکێکی دیاریکراو.

بەڵام ماتەوزە و پتانسیەلی جۆری ناڕەزایەتییە مەدەنییەکان یا بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان هەر وەک لەم چەند ساڵەی دواییدا دەردەکەوێ، دەسەلمێنێ کە گەلی کورد بە تایبەتی لە خۆرهەڵاتی نیشتمان دەتوانێ بە پلان و سیاسەتی ئاوەزمەندانە باشتر کەڵکی لێ وەرگرێ. بوونی دەیان ڕێکخراو و دامەزراوەی مەدەنی لە بەستێنە جۆراوجۆرەکانی نێو کۆمەڵگە، هەروەها گەشەی تێرمی کۆمەڵگەی مەدەنی وەک فاکتەرێکی بەهێز بوو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و ڕایەڵە کۆمەڵایەتیەکانیش وەک پارتنێری بە هێزی پرۆپاگەندایی پاڵپشتی ئەم شێوازە خەباتەیە.

---

# لووتکەی خاوەندارەتی لە بزووتنەوەیەکی شوناسخوازانە



سمایل شەڕەفی

ڕۆژی ٢١ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧ی هەتاوی _چوار ڕۆژ دوای هێرشی مووشەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر کۆبوونەوەی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە قەڵای دێموکرات و لەسێدارەدانی سێ لاوی کورد_ خەڵکی کوردستان لە مانگرتنێکی گشتیدا، ڕق و بێزاریی خۆیان لەم ڕێژیمە دەربڕی. خەڵکی کوردستان لەم ڕۆژەدا (٢١ی خەرمانان) بە داخستنی دووکان و بازاڕ و مانەوەیان لە ماڵەکانیان، هاوکات لەگەڵ مەحکوومکردنی هێرشی تێرۆریستیی ڕێژیمی دژ بە کوردی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر حیزبی دێموکرات و لە سێدارەدانی لاوانی کورد، بۆ جارێکی دیکە و لە ئاستێکی بەربەرینی جەماوەریدا خاوەندارێتیان لە بزووتنەوەی شوناسخوازانەی نەتەوەیی خۆیان کرد. خەڵکی کوردستان لە ڕێگای ئەم مانگرتنەوە بۆ هەمیشە ئەو ئیدیعایەی ڕێژیمی تارانیان لەمەڕ لەپەراوێزکەوتنی خەباتی مافخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرپەرچ دایەوە و بۆ هەموو لایەک سەلمێندرا کە پێگەی جەماوەریی بزووتنەوەی نەتەوەیی و حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە بیر و باوەڕی کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستاندا چەسپاوە.

٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی لە مێژووی خەبات و هەڵوێستی جەماوەری و گشتیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان، جێگە و مانایەکی بەرزی لە پرسی خاوەندارێتیی کۆمەڵگەی کوردستان لە بزووتنەوەی نەتەوەیی و شوناسخوازانەی ئەم میللەتەدا هەیە. بۆ دەسەڵاتی سیاسی لە تارانیش مانایەکی تاڵی ددانشکێن و پڕ لە پەیام بەرانبەر بە سیاسەتە دژیگەلییەکانی ئەم نیزامە بوو کە توانی لە ئاستێکی جەماوەری و گشتیدا، تەواوی ئیدیعا دوژمنکارانەکانی ئەم ڕێژیمە وەدرۆ بخاتەوە و تەعبیرێکی سەلمێندراو بێت بۆ پێگەی بەرزی جەماوەیی بزووتنەوەی نەتەوەیی و حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێو دڵ و باوەڕەکانی خەڵکی کوردستاندا.

***

مانگرتنە گشتییەکەی ٢١ی خەرمانان» چ لە ڕووی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و چ لە ڕووی پەرچەکداری مانایی (هەڵوێستی سیاسی)یەوە، بەرهەمی کۆمەڵگەیەکی زیندوو و ڕێکخراوە. جەماوەرییبوون و گشتگیربوونی ئەم ڕەفتارەی کۆمەڵگەی کوردستان ناکرێ تەنیا لە چوارچێوەی پێگەی سیاسی، جەماوەری و مێژوویی ڕەوتێکی سیاسی وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان یان ڕەوتگەڵی سیاسیی وەک حیزبە کوردییەکان (ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران)دا خوێندنەوەی بۆ بکرێ. بەڵکوو لە ڕووی ڕەفتار، جۆری ڕەفتار، گشتگیربوونی ڕەفتار و پەیامەکانی ڕەفتارەوە، دەخوازێ خوێندنەوەیەکی قووڵتری بۆ بکرێ کە بێگومان کاریگەریی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر «ڕەفتارێکی سیاسی»ی وەک ٢١ی خەرمانان، بەرچاو و یەکلاکەرەوەیە.

مانگرتنەکەی ٢١ی خەرمانان کە لە ئەدەبیاتی حیزبی دێموکراتدا هێندێک جار بە پێناسەی «ڕێفراندۆم» باسی لەسەر دەکرێ، لایەنە جەماوەری و گشتگیرییەکەی زیاترین سەرنج و بایەخی لەسەرە. بۆیە ئەم ڕەفتارە بەرین و جەماوەرییە تەنیا لە کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراو و لەسەر پێیە کە شکڵ دەگرێ، کۆمەڵگەیەک کە هەستی خاوەندارێتی تیایدا پێناسەیەکی نەتەوەیی و لە خۆ دەرخستندا، شێوازێکی جەماوەریی بەخۆوە بینیبێ. ئەم حاڵەتە لە ڕەفتاری کۆمەڵگەیەکدا بەبێ بوونی بزووتنەوەیەکی فرەچەشنی کۆمەڵایەتی ئیمکانی نییە لەوەها شکڵ و قەوارەیەکی جەماوەریدا بوونی هەبێ. کەوایە ئەوە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی هەناوی کۆمەڵگەی کوردستانە کە بە شێوەیەکی ڕێکخراو، ڕەفتاری چین و توێژە جیاجیاکان لە سەر ئاستی جەماوەریدا ڕێک دەخا. ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانە کە لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا لە چوارچێوەی جووڵە و بزاڤی مەدەنی لە کوردستاندا هەن و زۆریان لە سەر باس کراوە، لە شکڵگرتن و ڕێکخراوبوونی جۆری ڕەفتاری کۆمەڵگەی کورستان لە ٢١ی خەرماناندا ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان هەیە.

ئەوەی لە کۆی ئەم باسەدا خاڵی هاوبەشە و توانیوەتی لە چوارچێوەی پرسە گەورەکەدا -کە پرسی نەتەوەی کورد، حیزبی دێموکرات، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و خەباتی مەدەنی و بە گشتی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستانە_ ببێتە هەوێنی ئەم ڕێکخستن و جەماوەرییبوونەی ڕەفتاری کۆمەڵگە، «هۆڤییەتی شوناسخوازانە»ی خەباتی نەتەوایەتیی ئەم میللەتەیە. بە واتایەکی دیکە و بە زمانێکی زۆر سادە دەتوانین بڵێین؛ لە قۆناغی ئێستای بزووتنەوەی سیاسیی خەڵکی کوردستاندا کە قۆناغی هەوڵدان بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوایەتییەکانە، هەر جووڵە و ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتی، مەدەنی، فەرهەنگی، ژینگەپارێزی، سیاسی و..... ماهییەتێکی شوناسخوازانەی نەتەوەیی هەیە. بەپێچەوانەی قۆناغی دوای ڕزگای و گەیشتن بە مافە نەتەوەییەکان کە هەموو بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکان ماهییەتێکی سینفی و تایبەت بە خۆیان هەیە، لە ئێستادا نێوەرۆک و ماهییەتی هەر جووڵە و خەباتێک لە کوردستان بەشێکی دانەبڕاوە لە بزووتنەوە گەورە شوناسخوازانە نەتەوایەتییەکە. هەر ئەم نێوەرۆک و ماهییەتە هاوبەشەیە کە لە قەوارەیەکی گەورە و جەماوەریدا توانیویەتی لە ڕێکەوتێکی وەک ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاویدا، ڕەفتاری خەڵک لە شکلێکی جەماوەری و گشتیدا ڕێک بخات.

***

هێرشی مووشەکیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە ئامانجگرتنی ئادرەسێک کە نزیک بە ٧٥ ساڵە ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی شوناسخوازانەی نەتەوایەتیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەکا، هەست و شعووری کۆمەڵگەیەکی تەژی لە بەدواداچوون و بەدواداگەڕانی شوناسی خۆی بریندار کرد و خەڵک بە مەبەستی خۆ بەخاوەنکردنی پرس و داواکانی خۆی، لە ٢١ی خەرماناندا یەکگرتووانە و تێکڕا لە چوارچێوەی مانگرتنێکی گشتیدا ڕق و بێزاریی خۆیان لە کۆماری ئیسلامی ئێران دەربڕی.

ئەوەی ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەئارا دایە، خەباتێکی شوناسخوازانەی نەتەوەییە کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە هەوڵ و هیمەت و ئازایەتیی بژاردەکانی کۆمەڵگە، چالاکانی مەدەنی و سیاسی و بە پشتیوانیی حیزبەکان، لە شێوەی جۆراوجۆر و ڕێکخراو و لە چوارچێوەی بزووتنەوەی گشتییە نەتەوەییەکەدا بەڕێوەی دەبەن و ڕۆژانە هەزینەی بۆ دەدەن. حیزبی دێموکرات کە ڕێبەرایەتی و نوێنەرایەتیی ئەم بزووتنەوە نەتەوەییە دەکا، خۆی بە پشتیوانی هەموو ئەو جموجۆڵ و تێکۆشان و چالاکیانە دەزانێ کە لەم چوارچێوەیەدا لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە بەڕێوە دەچن.

کاتێک کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە مووشەکی بالستیک هێرشی کردە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەم حیزبە ڕایگەیاند کە؛» ئێمە ناتوانین بە مووشەک وڵامی هێرشی مووشەکیی ڕێژیم بدەینەوە، چەکی ئێمە ئیرادەی خەڵکی کوردستانە و خەڵکی کوردستان ئەم هێرشە تێرۆریستییە بێوڵام ناهێڵنەوە». هەڵوێستی گشتی و جەماوەریی خەڵکی کوردستان لە ٢١ی خەرماناندا، درووستبوونی ئەم ئیدیعایەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پێگەی ئەم حیزبەی لەنێو دڵ و باوەڕەکانی خەڵکی کوردستاندا سەلماند.

# ئارەزوو نستانی: بەپێی پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکان بزووتنەوەی چەکداریی کورد دەچێتە خانەی بەرگریی ڕەوا

دیمانە: «کوردستان»

**‼هێرشی مووشەکیی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی بۆ سەر قەڵای دێمۆکڕات و شەهید و برینداربوونی دەیان کەس لەو ڕووداوەدا، لە ڕەهەندی جۆراوجۆرە لێکدانەوەی بۆ کراوە. ئەو هێرشە لە لایەک دڕندەیی کۆماری ئیسلامی و لە لایەکی دیکە نیگەرانیی قووڵی ئەو ڕێژیمەی لە قورسایی و شوێندانەریی خەباتی گەلی کورد و بە تایبەت حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دەرخست. ئەوەی کەمتر لەوبارەوە ئاوڕی لێ دراوەتەوە خستنەڕووی ئەو پێشێلکارییانە بووە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتیدا پێی ئەرکدار کردوە و کۆماری ئیسلامی وەک ئەندامێکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەو هێرشەدا ڕەچاوی نەکردوە. باسکردن لەو پێشێلکارییە یاساییانە دەتوانێ یارمەتیدەرمان بێ لە بەرگری لە خۆمان لە کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتیەکاندا. بۆ ئەو مەبەستە «کوردستان» دیمانەیەکی لەگەڵ بەڕێز ئارەزوو نستانی، مامۆستای زانکۆ و خوێندکاری دوکتورا لە یاسای نێودەوڵەتی پێک هێناوە.‼**



**سەرەتا دەمهەوێ بە پرسیارێکی گشتی دیمانەکە دەست پێبکەین، بۆچی قەڵای دێمۆکڕات مووشەکباران کرا و ڕەهەندەکانی پێشێلکاریی کۆماری ئیسلامی لەو هێرشەدا چین؟**

پێم خۆشە بەر لەوەی وڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە بە کورتی ئاماژە بەوە بکەم ئەو کێشەیە لە بنەڕەتدا چییە؟ واتە ئەو هێرشە مووشەکیە دەرەنجامی چ بیرکردنەوەیەکە؟ کۆماری ئیسلامی ٤٠ ساڵە بزووتنەوەی مافخوازانە و ڕەوای خەڵکی کوردستانی بە ئامانج گرتوە و مووشەکبارانی قەڵای دێمۆکرات درێژکەرەوەی هەمان سیاسەتە. گەلی کورد هەر لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی ٥٧ەوە هەموو ڕێگە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی گرتەبەر بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ئێراندا، وەکو بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا، پێکهێنانی هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد بۆ وتوویژ لەگەڵ حکومەتی ناوەندی. وڵامی هەموو ئەو ڕێگە ئاشتیخوازانەیە هێرش بۆ سەر کوردستان و سەپاندنی شەڕ بوو بە سەر خەڵکی کوردستاندا کە لە فیتوای خومەینیەوە دەستی پێکرد و تا ئێستاش بەردەوامە.

کۆماری ئیسلامی لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا لە پەیوەندی لەگەڵ پرسی کورد لە ئێراندا نە تەنیا پابەند نەبووە بە یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ وەک بەڵگەنامەیەکی گرینگی نێودەوڵەتی، لە هەمان کاتدا کۆمەڵێک ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی دیکەی پێشێل کردوە کە خۆی واژۆی لە سەر کردوون. بۆ وێنە یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی (یاسای جەنگ) لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە شێوەیەکی بەرچاو پێشێل کراوە و لەو نێوەدا خەڵکی مەدەنی بوونەتە قوربانیی سەرەکیی ئەو پێشێلکارییانە. مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئەوەی گەلی کورد کردوویە و دەستی داوەتە چەک دەرەنجامی ئەو هێرشە بەرفراوانە بووە بۆ سەر کوردستان، کە ناچار بووە بەرگری لە مان و مەوجودیەتی خۆی بکا. ئەوەش دەکەوێتە خانەی بەرگریی ڕەوا کە بە پێی پرەنسیپە دانپیانراوە نێودەوڵەتییەکان مافی خۆی بووە.

**ئاماژەت بە مافی بەرگریی ڕەوا کرد کە گەلی کورد دەتوانێ پشتی پێ ببەستێ، لە کاتێکدا سوپای پاسدارانیش ئیدعای ئەوە دەکا بۆ بەرگری لە خۆی هێرش دەکاتە سەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان و لەو نێوەشدا قەڵای دێمۆکرات. پرسیارەکە ئەوەیە کام لایەن بۆی هەیە مافی بەرگریی ڕەوا بەکار بێنێ؟**

بۆ ئەوەی بزانین بەرگریی ڕەوا چ پێگەیەکی یاسایی هەیە دەبێ پشت بە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان ببەستین. لە مەنشووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لە ماددەی ٢، بڕگەی ٤ باس لەوە کراوە کە بەکارهێنانی هێز لە پەیوەندیی نێودەوڵەتیدا قەدەغەیە. واتە دەوڵەتان بۆیان نییە هێز بەکار بێنن بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانیان. بەڵام لێرەدا چەند ئیستسنایەکمان هەیە (ماددەی ٤٢ و ٥١ی هەمان مەنشوور):

یەکەم، ئەو وڵاتانەی دەبنە هەڕەشە لە سەر ئەمنیەت و ئاسایشی جیهانی، دەکرێ هێزیان دژ بەکار بهێنرێ دوای ئەوەی شووڕای ئەمنیەت بڕیاری لە سەر دەدا.

دووهەم، ئەگەر بێتو دەوڵەتێک دەستدرێژی بکاتە سەر دەوڵەتێکی تر، ئەوە لەو حاڵەتە دایە کە چەمکی بەرگریی ڕەوا وەک پرنسیپێکی یاسایی دێتە گۆڕێ.

بە پێی ناوەڕۆکی ئەو دەقە دەبێ مەترسیی جیددی هەبێ لە سەر ئەو وڵاتە و هەروەها دەبێ بڕی ئەو هێزەی بەکار دێ هاوسەنگ بێ لەگەڵ قەبارەی مەترسییەکە. لە هەمان کاتدا پێویستە شوڕای ئەمنیەت ئاگادار بکرێتەوە و ڕەزامەندیی وەربگیرێ. دیارە لێرەدا ئەگەر مەترسییەکە لەناکاو بێ دەتوانێ تا بەبێ ڕەزامەندیی شووڕای ئەمنیەت بەرگری لە خۆی بکا تا ئەو کاتەی شوڕای ئەمنیەت دێتە نێو کێشەکەوە.

لە مەسەلەی مووشەکبارانی قەڵای دێمۆکڕاتدا دەبێ ئەو چەند خاڵە لە بەر چاو بگرین:

یەکەم، لە کاتی مووشەکبارانی قەڵادا، ئێران مەترسیی جیددی و هەنووکەیی لە سەر نەبووە و تەنانەت ئەگەر مەترسییەکیش هەبووبێ تەنیا مافی ئەوەی هەبووە لە چوارچێوەی سنوورەکانی خۆیدا وڵامی بداتەوە و سنوورەکانی خۆی بپارێزێ، نەک ئەوەی هێرش بکاتە سەر قووڵایی خاکی وڵاتێکی تر. ئەوەش دەبێتە مایەی پێشێلکردنی کۆمەڵێک پرنسیپی نێودەوڵەتی و لەوانەش پێشێلکردنی بنەمای دراوسێیەتی باش، پێشێلکردنی سەرەوەریی وڵاتێکی دیکە و سەرەنجام دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتێکی تر.

دووهەم، تەنانەت لەو حاڵەتانەدا کەکۆماری ئیسلامی ئیدیعای ئەوەی کردوە مەترسیی جیددی و بەپەلە لە سەر ئێران هەبووە و لەنێو سنوورەکانی خۆیشی کە وڵامی هەڕەشەی داوەتەوە، ئەوا هەمیشە بنەمای هاوسەنگیی لە بەرگریی ڕەوادا پێشێل کردوە. هەروەک دەزانین کۆماری ئیسلامی بە درێژایی تەمەنی ڕەچاوی ئەو بنەما حقووقیانەی نەکردوە و لە بەرامبەر چەکی سووکی پێشمەرگەدا قورسترین چەکەکانی بەکار هێناوە.

لە لایەکی دیکەوە وڵاتی ئێران ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە و لە کاتی هەڕەشەدا دەبوا شوڕای ئەمنیەتی ئاگادار کردبایەوە.

هەموو ئەو هۆکارانەی باس کران ئاماژەی ڕوونن بۆ ناڕەوابوونی ئەو ئیدیعایەی سوپای پاسداران کە ئەو هێرشەی وەک بەرگری لە قەڵەم داوە.

لەڕاستیدا ئەو شەڕەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد دژی کۆماری ئیسلامی دەیکا، بە سەریدا سەپاوە و ئەوەش بەپێی پێوەرە دانپیانراوەکانی یاسای نێودەوڵەتی، ڕەوایە. لەبەر ئەوەی بەپێی ئەو بنەمایانە بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان مافی ئەوەیان هەیە بە مەبەستی وەدیهێنانی ئامانجەکانیان و لە سەروو هەموویان دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆیان، لە هەموو شێوازەکانی خەبات کەڵک وەرگرن جا خەباتەکە سیاسی و مەدەنی بێ یان چەکداری یان هەر ڕێگەیەکی تر لە سەر خاکی نیشتمانەکەی.

**پێم خۆشە زیاتر بوەستین لە سەر بزووتنەوەی ڕزگاریخواز و مەشرووعیەتی خەباتەکەی، گەلی کورد چۆن دەبێ ئەو مەشرووعیەتە ڕوو بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بسەلمێنێ؟**

بزووتنەوەی ڕزگاریخواز بریتیە لە کۆمەڵێکی ڕێکخراو لە تاکەکانی گەلێک لەژێر چاوەدێری و ڕاسپاردەی دەسەڵاتێکی قانوونی یان واقعی کە پاڵپشتی گەلی لە پشت بێ و بۆ گەیشتن بە ئامانجی ئازادی و دیاریکردنی چارەنووسی خۆی دەتوانێ لە هەموو ئامرازێکی مەشرووع کەڵک وەرگرێ چ لەنێو هەرێمی خۆی و چ لە دەرەوەی هەرێمەکەی.

لە گرینگترین بەڵگەنامەکان بۆ سەلماندنی ئەو مەشرووعیەتە، بۆ نموونە مادەی ١ی مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان و هەروەها کۆمەڵێک بڕیاراتی دیکەی ئەو ڕێکخراوەیە، وەک بڕیاری (٢٧٨٧)ی ساڵی ١٩٧٣ کە لە کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەرچووە، گەلان بۆیان هەیە بۆ وەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس پەنا بۆ هەر ڕێگەیەک بەرن تەنانەت خەباتی چەکداری.

هەروەها لە بڕیاری (٣٩٧٠)ی ساڵی ١٩٧٣دا، کۆڕی گشتی داوا لە ئەندامانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکا دان بنێن بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان و سەربەخۆییان و پێشکەشکردنی یارمەتیی ماددی و مەعنەوی و هەر چەشنە یارمەتی و هاوکارییەکی دیپلۆماسی.

بە دوای مووشەکبارانی قەڵادا سوپای پاسداران بانگەشەی ئەوەی کرد کە گوایا خەڵکانی خاریجی لەنێو قەڵادا بوون بە ئامانجی پلان دارشتن دژی کۆماری ئیسلامی. هەر چەند حیزبی دێمۆکرات بەردەوام سەربەخۆ بوونی خۆی پاراستوە و پشتی تەنیا بە خەڵکی کوردستان بەستوە. بەڵام خۆ ئەگەر داوای یارمەتی لە وڵاتانی دیکە بکا بەپێی ئەو بڕیارنامەیە مەشرووع و ڕێگەپێدراوە. لە یادمە چەند ساڵ لەمەوبەر حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان ڕاگەیەنراوێکی بڵاو کردەوە کە تێیدا هاتبوو «گەلی کورد مافی خۆیەتی داوای یارمەتیی نێودەوڵەتی بکا»، کە ئەوە بە بڕوای من تێگەیشتنێکی زۆر ورد بوو لە پڕنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی.

**لە سەرەتای دیمانەکەدا ئەوە هاتە گۆڕێ کە کۆماری ئیسلامی لە مووشەکبارانی قەڵای دێمۆکراتدا پڕەنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتیی تایبەت بە مافی مرۆڤی پێشێل کردوە بە تایبەت ئەوەی پێی دەگوترێ یاسای نێودەوڵەتیی مرۆیی یان یاسای جەنگ؟**

ئەوە ڕاستە، کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ بووە و زۆرجار بیانووی جۆراوجۆری ئایینی و بڕوایی بۆ ئەو بابەتە هێناوەتەوە و هەروەها پابەند نەبووە بە بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتیی مرۆیی. ئەوە لە کاتێک دایە پابەندبوونی دەوڵەتان بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی و یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ قابیلی کەمکردنەوە و دابەزاندن نییە و لە هەموو حاڵەت و بارودۆخەکان و بە هەر بیانوویەک بێ نارەوایە. تەنانەت لەو کاتانەی کە ببێتە هۆی لەدەستدانی دەسەڵاتی فیعلی لە سەر بەشێک لە خاکەکەی. لە بەر ئەوەی پابەند نەبوون بەو بنەمایانە و پێشێل کردنیان دەگاتە ئاستی دروستبوونی بەرپرسیارەتیی جینایی واتە دروستبوونی تاوان، وەک تاوانەکانی ژینۆساید، دژە مرۆیی و تاوانی جەنگ.

**دەتوانین بڵێین ئەو هێرشە مووشەکییە ئەو تاوانانەی لێ کەوتۆتەوە کە ئاماژەت پێکردن؟**

ئەگەر سەرنج بدەینە شێوازی هێرشەکە و ئامانجەکانی، لە هەمان کاتدا بگەڕێینەوە سەر ئەساسنامەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی کە بەڕوونی ئەو کردارانە دەخاتەڕوو کە دەبنە هۆی دروست بوونی ئەو تاوانانە، بەڵێ وایە.

بۆ نموونە لە ماددەی (٧) ئەساسنامەکەدا هێرش بۆ سەر گرووپێکی ناسەربازی یان مەدەنی بە مەبەستی کوشتن یان لەنێوبردنیان بە شێوەی فراوان و ڕێکخراو دەچێتە خانەی تاوانی دژەمرۆییەوە.

هەروەها لە ماددەی (٨)دا کە باس لە تاوانی جەنگ دەکا زۆر بەڕوونی ئاماژە بە کۆمەڵێک کردار دەکا کە ئەگەر ئەنجام بدرێن بەرامبەر ئەو کەسانەی یان ئەو شوێنانەی کە بەپێی کۆنڤانسیۆنی ژنێف (١٩٤٩) و پرۆتۆکۆلی یەکەمی ساڵی ١٩٧٧ی پەیوەستکراو پارێزراون، بە تاوانی جەنگ دادەنرێ، بە تایبەتی کۆنڤانسیۆنی چوارەمی ژنێف و پرۆتۆکۆلەکانی کە ئاماژە بە پاراستنی خەڵکانی مەدەنی دەدەن لە کاتی جەنگدا، چ جەنگەکە نێوخۆیی بێ یان نێودەوڵەتی. واتە لایەنەکانی ململانێ دەبێ لە کاتی جەنگدا خەڵکانی مەدەنی و هەروەها شوێنە مەدەنییەکان بپارێزن. لە بیرمان نەچێ ئێران ئەندامە لە کۆنڤانسیۆنی ژنێڤ و پڕۆتۆکۆلە پەیوەست کراوەکانی. کەواتە بەپێی نێوەڕۆکی ئەو ماددانە هێرشی مووشەکیی قەڵا کە هەروەک لە ڕاگەیەنراوی سوپای پاسداراندا هاتبوو، بە شێوەیەکی ڕێکخراو و فراوان ئەنجام دراوە و هەروەها قوربانیانی خەلکی مەدەنیین نەک سەربازی، کەواتە هیچ گومانیک نامێنێ لە دروست بوونی ئەو تاوانانە و بەرپرسیاریەتیی تاوانیی کوماری ئیسلامیی ئێران.

**زۆر قسە و هەڵوێستی جیاواز کراوە لە سەر ئەوەی قەڵای دێمۆکڕات شوێنێکی مەدەنییە یان نیزامی. ئایا قەڵای دێمۆکڕات مەدەنیە یان نیزامی؟ ئەگەر مەدەنییە، یاسا چۆنی پاراستوە؟**

کۆمەڵێک ماددە و دەق هەیە لە یاسای نێودەوڵەتی مرۆییدا کە بەرگری لە خەڵکانی مەدەنی و هەروەها شوێنە مەدەنییەکان دەکا. ماددەی (٥٠)ی پرۆتۆکۆلی یەکەمی پەیوەست کراو بە ڕێککەوتننامەکانی ژنێڤ پێناسەی خەڵکانی مەدەنی دەکا و دەڵێ «خەڵکانی مەدەنی هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە ئەندامی هێزە چەکدارەکان نین یان لە یەکە خۆبەخشەکان و میلیشیاکان یان ئەو گرووپانەدا نین کە چەکیان هەڵگرتوە«. بە پێی هەمان ماددە لە حاڵەتی بوونی گومان لە سەر ئەوەی کە ئایا خەڵکی مەدەنین یان نامەدەنی، ئەو گومانە لە بەرژەوەندیی خەڵکی مەدەنی تەفسیر دەکرێ. بە پێی بڕگەی سێهەم لە ماددەی (٥٠)، «سیفەتی مەدەنی لە خەڵکانی مەدەنی داناماڵرێ بە هۆی بوونی خەڵکانی تر کە ناچنە خانەی خەڵکی مەدەنی».

قەڵای دێمۆکڕات ناوەندێکە بۆ چالاکیی سیاسی و فەرهەنگی، و خەڵکانی مەدەنی کاری تێدا دەکەن، کەواتە شوێنێکی مەدەنییە. هەروەها بە پێی بڕگەی سێهەم لە ماددەی (٥٠)، بوونی هێزی پێشمەرگە یا خەڵکانی چەکدار لە نێو قەڵا نابێتە بیانوو بۆ ئەوەی سیفەتی مەدەنی لەو خەڵکە مەدەنییە دابماڵرێ و هێرشێکی ناڕەوای ئەوتۆی بکرێتە سەر.

لە بڕگەی (٤)ی ماددەی ناوبراودا هەموو جۆرە هێرشێکی کوێرکوێرانە قەدەغە کراوە. هێرشێک کە ئاسەوارەکەی تەنیا شوێنی نیزامی نەگرێتەوە و نەتوانرێ جیاوازی نێوان شوێنی مەدەنی و نیزامی بکا و خەڵکانی مەدەنی و سەربازی بکاتە ئامانج. دەبینین لە مووشەکبارانی قەڵادا مەترسیەکە ڕووی لە خەڵکی مەدەنی بوو چ لە نێو قەڵا و چ لە دەرەوەی قەڵا کە ناوەندی نیشتەجێ بوونی هاوڵاتیانی باشووری کوردستانی عێراقە.

بەپێی هەموو ئەو بەڵگەنامانەی ئاماژەم پێکرد، کۆماری ئیسلامی هەموو ئەو دەقانەی یاسا نێودەوڵەتییەکانی پێشێل کردوە و بەو پێیە تاوانی جەنگی ئەنجام داوە.

**سپاس بۆ بەشداریتان لەم دیمانەیە**

سپاس بۆ ئێوەش

# سیستەمی قەزایی
# هۆکاری ئاسایش یا کەرەسەی سەرکوت!؟

سام یارسان




بە پێی ئەسلی ١٥٦ی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران، دەزگای داد (قوە قضائیە) هێزێکی سەربەخۆیە کە پشتیوانی لە مافی تاک و کۆمەڵگە دەکا و بەرپرسی دەستەبەرکردنی عەداڵەتە. بەڵام ئەریٚ هەر بەڕاستی وایە؟ ئایا بە ناوهێنانی ئەم دەستەڵاتە هەستێکی ئاوا لەنیو دەروونی خەڵکدا پەنگ دەداتەوە؟ یا ئەوەیکە حەد و سنووری ئەم دەستەڵاتە مەزنە کە وابڕیارە پشتیوان و هاوکاری خەڵک بێ، چەندەیە و چ هەستێکمان بە نیسبەت ئەم هێزە هەیە؟ ئایا بە هاتنی ناوی ئەو دەزگایە تەنیا هەر ئەو وێنە کلاسیک و کلێشەییە لەبەر چاو و مێشکمان وێنا دەبێ کە دادگاکان سەرقاڵی هەڵسەنگاندنی ڕاستی و دروستی تاوانی تاوانبارنن، جا یا دەیسەڵمێنن یا نا!! یا شتێکی دەو مایانەدا؟

ئامارەکانی خودی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەڵێن زیاتر لە ١٦ میلیۆن فایلی قەزایی لە وڵاتی ئێراندا هەیە و بۆ میناک لە ساڵێ ١٣٩٦دا نزیک یەک میلیۆن فایلی پاتەوە بوو کە ڕەنگبێ کاورا، لە ئاکامی پەروەندەکەی ناڕازی بووە و ٢٥٠ هەزار فایلی نوێ پێک هاتووە. ئاخۆ بەو ئامار و هەژمارانە هیچ پێشکەوتنێک لە پرۆسەی ماف و عداڵەت لەنێو کۆمەڵگەدا دەبینن؟! ئەگە وای دابنێین بە گشتی هەموو حەشیمەتی وڵاتی ئێران واتە لە پیرەژنێکەوە بگرە هەتا زارۆکێک، دەرفەت و توانایی و باوەڕی بە بەدواداچوونی مافەکانی خۆی هەیە، ئەم ژومارەی پەروەندەکانی قەزایی بۆ ٨٠ میلیۆن کەس، هەژمارێکی ترسێنەرە کە نیشان دەدا؛ لێنزیک لە هەر پێنج کەسان، یەک کەس پێی وایە مافی پێشێل کراوە و ناچارە بچتە ناوەندەکانی قەزایی یا دەنا لە بواری سیستەمەوە، بە تاوانبار دەزانرێ.

هەڵبەت ئەم ئامارانە هی دەستەڵاتی دادە و هەموومان باش دەزانین کە جگە لە، هێزی قەزایی، نەهاد و ئۆرگانی تریش هەن کە خەڵک دادگایی دەکەن و حوکمیان دەدەنێ کە لەم ئامارەدا نەژمێردراون و تەنانەت بە ڕواڵەتیش بێ لە ژێر چاوەدێری دەستەڵاتی داد، قەزاوەت و دادوەری ناکەن، وەک دەستەی چارەسەری کێشەی ماڵیاتی، کاروباری شوول، مادە سەدی شارەوانی، کاروباری زەوییەکان و... کە ئەگە ئاماری ئەم دانیشتنانە و بە جۆرێک ئەو پێ ڕاگەیشتنانە بخەینە سەر ئەو ئامارە ١٦ میلیونەی دەستەڵاتی داد؛ بەهۆی زۆری لە ڕادە بەدەری لانیکەم دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە؛ یا ئەوەیکە یاساکان کەموکورییان زۆرە یا دەنا بەشی هەرە زۆری خەڵکی ئێران لە یاسا هەڕا دەکەن و بە جۆرێک تاوانبارن.

ئامارەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیش بە جۆرێک بۆشایی ئەم بەرسڤە وێنا دەکەن بە شێوەیەک کە ئێران بە حەشیمەتی زیاتر لە ٨٠ ملیۆن کەس و بە هەبوونی زیاتر لە ٢٤٠ هەزار بەندی لە پلەی ٧ یا ٨ی جیهانی لە بواری ئاماری زیندانیان داندراوە و وڵاتانی وەک ئەمریکا، ڕووسیە، چین و هیند بە حەشیمەتێکی یەکجار زۆرتر لە پلەی سەرتر هەڵکەوتوون و ڕەنگبێ لەم بەینەدا وڵاتێکی وەک تایلەند بە حەشیمەتێکی لێنزیک وەکوو ئێران لە ڕەوشێکی ئاڵۆزتر یا وەک ئێران بێ. (هەڵبەت هەموو ئەو باسانەمان بەو مەرجەیە کە ئامارەکانی ڕاگەیندراو لە لایەن بەرپرسانی فەرمی ئێرانەوە ڕاست بن). ئێستا پرسیار ئەمەیە؛ ئەو هەمووە سووتاندنی وزەیە کە لە کۆمەڵگە چ لە بەشی دەستەڵات و چ خەڵکی لە دادگاکان، دەبینرێ و وێشدەچێ ڕووی ئارامی و ئاسایشیش بە خۆیەوە نابینێ، ڕەگ و بنچی ئەو کێشهانە لە کوێ دایە؟ ئەگە بڵێین هەموو ئەم کێشانە هۆکارەکەی کەموکورتیی یاسایە، کە هێنانە ئارای ئەم پرسیارەت بۆ، نییە، چوونکە دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامی کە بانگەشەی ئەوە دەکا حکوماتەکەیان لەسەر بناخەی فەقاهەتە، بە ڕواڵەتیش بێ نابێ لە ماوەی ئەم ٤٠ ساڵە دەستی دەگۆزەدا حاسێ بێ! و لە وڵامی ئەم پرسیارەش کە باشە بۆچی هەموو ڕۆژێ کێشە و ئاریشەکان زیاتر دەبن و ئەگە ئاکامەکەی ببێتە ئەوەیکە گرفتی نێوان خەڵک و لەبەر یاسا ڕا کردن و خۆ دزینەوە لێی، دیسانیش ئەم وڵامە ڕەوا نییە چوونکە کۆماری ئیسلامی ئێران، بە پێی ئەسڵی سێهەمی یاسای بنەڕەتی دەبێ ژینگەیەکی لەبار بۆ گەشەی بەرزڕەوشتی بەپێێ ئیمان و تەقوا و خەبات بە دژی هەموو جۆرە گەندەڵیەک بکا، ساڵانێک کاتی ئەوەی هەبووە کە لانیکەم بۆ کەم کردنەوەی ئەو هەمووە تاوان و جورمە هیچ نەبێ کارێکی کردبێ. دوامین خاڵ لەم بەشیدا دەکرێ ئەمە بێ کە بە گشتی کارلێنەهاتوویی و نەشیاویی ئەم ڕێژیمە وای کردوە کە دەگەڵ یاسای بنەڕەتی ناکۆک بن و کەلێنی نێوان حوکمەت و یاسا زیادی کردوە. ئەم وڵامە دەکرێ هەتا ڕادەیەک مرۆڤ بە قەناعەت بگەیەنێت و وەک هێمایەک لە گەندەڵی و لێنەهاتوویی زیاتری لەسەر برۆین بەڵام ئیزن بدەن با بە ڕوانگەیەکی ترەوە چاو لێبکەین.

با لە بواری پرۆسەی دادگاکان بۆ ئەزموونی خۆمان بگەڕێینەوە، ئەگە لە بێنەوبەرەی فایلێکی قەزایی- هەرچیەک بێ جا- کەوین، هەموومان بە چاوی خۆمان بینیومانە کە هەر جۆرە داواکارییەکی حقوقی و قەزایی بە واتای بە فیڕۆ دانی هیچ و خۆڕایی کات، سەرچاوەی ماڵی بۆ تێچووی وەکیل و خەرجیەکانی تری سکالایەک لە دادگاکان یا ڕزایەت وەرگرتن لە بەرامبەرەکەت و... لە کۆتاییشدا دوای ئەو هەمووە تێچوو و کات گرتن و حەلافی و بگرە و بەردە و هاتووچۆ، بە مافی خۆت ناگەی و کاورای زۆردار و ساماندار دەیباتەوە! واتە ئەگە بە هەر شێوەیەک و هەرچۆنێک بێ لایەنی بەرامبەرمان جا چ کەسێکی دیار(حەقیقی) بێ و چ کەسێکی نادیار(حقوقی)بێ مادام زۆردار و ملهوڕ و دەوڵەمەندە و مافیش بە ئێمە بێ هەر ئەو براوەیە و ئێمە دەبێ دە قوڕێ ڕۆچین! بە دڵنیایەوە زۆرتان بیستوە بە کەسێک گوتراوە باشە، بۆ وەرگرتنی مافەکەت بۆچی سکالا ناکەی؟ لایەنی بەرامبەرت وڵام داوەتەوە، هەوەڵەن قسەی من ناڕوا و کەس ناناسم دووهەمیش، ئەگەر بە سوتفەش گوێیەک بۆ بیستن هەبوو ئەوەندەم لێرە و لەوێ دەدەن هەتا تووکی سەرم وەک بەفری یەک شەوەی لێدێ! میناکێکی هەرە سادە جیابوونەوەی ژن و مێردە کە لە ئاساییترین حاڵەتدا هەردووک لایەن وێکرا بە جۆرێک ڕازی بوونە لێک جیا ببنەوە و هیچ سکالا و پرسیارێکیشیان بۆ نەفەقە و سەرپەرستی مناڵ و ... لەیەکتر نییە، سیستەمی داد وازت لێ ناهێنێ و یەک دونیا کێشە و گرفتی وەک، ڕاوێژکار-کە هەڵبەت بە پووڵە- هەتا تۆمارکردن لە زۆرێک لە ناوەندەکان بۆ دانی ئیزنی تەڵاق و... دەبێ ببڕی هەتا دەمری! جا ئەمە لە حاڵەتی ڕەزایەت و تەوافقی هەردووک لایەنە، جا وەرە و لێت بقەومێ و تاک لایەنە بچییە مەیدان و داوای مافی خۆت بکەی-کە بە زۆری ژنان ئەوها لێیان دەقەومێ-و بواری ماڵیی باشیان نییە و نەزانن چۆن داوای مافی خۆیان بکەن، دەبێ چەندین ساڵ لە ڕێرەوەکانی دادگە بێن و بچن و چیرۆک و سەربوردەی ژیانی خۆیان بۆ هەموو کەسێک بگێرنەوە بەو هیوایە ڕۆژێک کۆتایی بەو دێوزمەی دادگاکان بێ. جا ئەوە ئەگە کێشەکە هەر بنەماڵەیی بێ و باسی ماڵ و پارە و ملکی تێدا بێ ئیتر خوا دەزانێ چت بەسەر دێ. ئەگە گرفتەکە ئابووری بێ، دەبێ وەدوا کەوتنەکە بخەیە ئەستۆی وەکیلێکی گران بایی و تێچووی تەمر و وەرگرتنی ڕزایەتی بەرامبەرەکەت و ... کە لە بەشی هەرە زۆری ئەوانەی ئێمە بینیومانن و لە دەوروپشتمان تووشی ئەو کێشانە بوونە، دەبینین حەق بە زۆردار و بێ حار دەگا و کەسی براوەش نازانێ چی بەسەر هاتووە و جیا لە هەمووە تێچووە، کات و سەر ئێشەیە، کارەکەشی چووە، ئابڕووشی دەچێ و هەموو ئەم کار و ئەرکانەش دەبوایە لە ڕۆژی یەکەم دا بۆی کرا با کە ئەو بە پووڵ و پارە و پارتی بۆی کراوە.

بە کورتی و بە کوردی، هەموو ئەو کێشە و گرفتانەی کە لە یاسا و چۆنیەتیی پێڕاگەیشتنی دادگەکان هەیە، هەمووی بە ئانقەستە و زۆر بە زانیاری و ئاگادارییەوە دەیکەن ئەوەی نییە بڵێی نەیانزانیوە و بە سەهوو چوونە و لەو شتانە نەخێر ڕێک ئەمانە بە بەرنامە دەکرێن. لێرەدا دەرفەتی کاسبیەک دروووست دەبێ و خەڵکێکی زۆر لە فەرمانبەر و وەکیل و قازی گیرفانیان لە ماڵی هەژار و لێقەوماو لێ مژ دەکەن و وەها خەڵکی گرفتار و خەمبار دەکەن کە ئیتر بیر لە هیچی تر نەکەنەوە جگە لە چارەڕەشی و کێشەی خۆیان نەبێ. هەر بەڕاستی وایە تۆ کە مێشک و ئاوەزت دەرگیری کێشە و ئاریشەی قەزایی و دادگاکان بێ، چۆن دەکرێ چاوەڕوانیی ئەوەت هەبێ، بەدواداچوون بۆ پرسەکانی تری کۆمەڵگە بکەی؟ کاتێک دایک و باوک سەرقاڵی کێشە دەگەڵ ئۆرگانەکان و یەکتر بن، تەنانەت دەرفەتی ئەوەشیان نابێ کە مناڵەکەیان باش لە بواری پەروەردە و ڕاهێنانەوە بحەملێنن چ بگا بەوەیکە بەدوای دەردی کۆمەڵگا بکەون و بزانن چ باشە و چ ڕادەبرێ، بە دڵنیاییەوەش دوای دیتنی ئەو هەمووە ناحەقی و نامرادییە، بینینی واسیتەی پوول و پارە و دەور لێدانەوە لە یاسا و هەڵاتن لەبەری، بێ هیوا دەبێ لە پێڕاگێشتنی دادگا و قازی و ژیان و هەموو شتێک.

هەر بۆیە بە پێچەوانەی یەکەم بیرکردنەوە و ڕوانین کە زۆرێک لە خەڵکی وابیر دەکەنەوە بەپێچەوانەی ئەو هەستە کە ئۆرگانە نیزامی و تەناهییەکانی وەک ئیتلاعات و سپا هۆکاری سەرکوت و بێ هیوایی خەڵکن، ئەمە هێزی قەزایی و دادگەکانن لەم وڵاتەدا کە خەڵک هێڕ دەکەن، تێکیان بەر دەدەن، یا پرسیار لە یاساگەلی ناڕوون لە بواری مافی خاوەنداریەتی یا جۆری هەڵسووکەوت دەگەڵ کاروباری ئیداری و دادرەسی لە وڵاتە کە هیوا و ئۆمێد و بڕستی لە خەڵک بڕیوە و نمونەیەکی یەکجار زۆر لە نێو کۆمەڵگەدا هەیە کە تەنانەت دەرفەتی ئەوە بە خەڵک نادەن بچنە بەردەمی دادگە و لێپرسینەوە و بە شێوەی فەرمی و یاسایی لێیان بکۆڵدرێتەوە، دەگەڵ سیستمی وەک گەشتی ئیرشاد (کە جۆرێک تاوانبار کردنی خەڵکییە بە شێوازێکی دڵخواز و ئازار و سەرئێشەن بۆ هەموومان لە شەقام و کۆڵانەکان) هەتا بڕەودان بە ئەمر بە چاکە و بواردن لە خراپی کە ئەمەیان جۆرێک هەڕەشەی شەفاهییە بۆ کێشانی پێی خەڵکی بۆ دادگاکان تەنانەت ناردنی پەیام و نامە لە بواری لەبەرچاو نەگرتنی حجاب لە ماشێنی کەسی یا گرتنی ژنان لە کۆڕ و میوانداری تەواو ژنانە و ....

لەم نێوەدا تەنانەت ئەم دەرفەتەش دەخولقێ کە بەپێی ئەو ڕادەیە لە بارستایی بەرزی فایلەکان و ئەو پرسیارانەی کە دەکرێن زۆر بە سانایی دەکرێ ئەو کەسانەی کە خۆیان لەو کێشي و گرفتانە دەرداوێن و بە دوای مافی ڕەوا و ئینسانی خۆیانن بە پاساوی وەک بڵاوکردنەوەی درۆ و دەلەسە لە ناو کۆمەڵگا، چەواشەکاری بیر و هزر و ڕای گشتی تەنانەت کارێک و قسەیەکی نەکراوی ناڕەوا... بگیرێن و بیانخەنە ناو بەندیخانەی بێ گوناهان- ئەگەرچی ڕەنگبێ هەموو بەندییەک بێ تاوان نەبێ بەڵام بە دڵنیایەوە دەکرێ بڵێین حوکمەکەی عادلانە نییە- و بیانشارنەوە، جا ئەم جارە زۆر بێ چاو و ڕووانە بگوترێ ئێمە زیندانی سیاسیمان نییە، ڕەنگبێ ئەمەش ڕاست بێ چوونکە بەڕاستی ئێمە نە یاسامان هەیە نە دادگایەک بۆ پێڕاگێشتن بەم جۆرە بە ناو تاوانانە! لەلایەن قازییەک کە تەنیا هۆکار و پیاوی چەوساندنەوە و سەرکووتە نەک عیداڵەت و یاسا، جا زیندانی بوون یا زیندانی نەبوون لەم کۆمەڵگا پڕ لە خەفەقان و ئاڵۆز و پڕ قەیرانە هەر وەک یەکە.

***

# دیدارەکانی جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لە فینلاند



ڕۆژی ١٦ی سێپتامبری ٢٠١٩ی زایینی، دوکتۆر ئاسۆ حەسەنزادە، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە هاوڕێیەتی بەرپرسی کۆمیتە و بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە فینلاند و وڵات نەهری، سەرۆکی فیدڕاسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکانی فینلاند کۆمەڵێک دیدار و چاوپێکەوتنی لەگەڵ بەرپرسانی حیزبی و حکومەتیی پارتەکانی دەسەڵات لە فینلاند ئەنجام دا.

جێگری سکرتێری گشتیی حیزب و هەیئەتی هاوڕێی سەرەتا سەردانی ئۆفیسی سەرەکیی سۆسیال دێموکراتەکانی فینلاندیان کرد و لەلایەن تێرۆ شێمێیکا، بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی ئەو حیزبەوە پێشوازییان لێکرا. لەو کۆبوونەوەیەدا جێگری سکرتێری حیزب وێڕای وەبیرهێنانەوەی پاشخانی خەباتی کوردی ڕۆژهەڵات و حیزبی دێموکڕات، دۆخی ئێستای ئەو خەباتە و بارودۆخی ئێستای ئێران و ناوچەی لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتەوە شی کردەوە. هەروەها بۆچوون و چاوەڕوانیی حیزبی دێموکڕاتی لە حکومەتی نوێی فینلەند و سۆسیال دێموکڕاتەکانی ئەو وڵاتە لەبارەی مافەکانی کورد و جۆری مامەڵە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی خستە ڕوو. بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی پارتی سۆسیال دێموکڕاتی فینلاندیش لەگەڵ خۆشحاڵی دەربڕین لەو دانیشتنە و بیرخستنەوەی رابردووی پێوەندییەکان، بۆچوونی خۆی و حیزبەکەی لەبارەی سیاسەتی دەرەوەی فینلاند و چۆنیەتیی شوێندانانی حیزبەکەی لەو پێوەندییەدا سەبارەت بە کوردستان و ئێران باس کرد.

نیوەڕۆی ئەم ڕۆژە جێگری سکرتێری حیزب و هەیئەتی هاوڕێی لەگەڵ بەڕێز مارکۆ ئولویلا، کەسایەتیی کاریگەر لە پارتی یەکیەتیی سەوزەکانی فینلەند و پسپۆڕی پرسی کورد لەم پارتەدا دیداریان کرد و سەبارەت بە دۆخی کورد و ئێران و ڕێگاکانی یارمەتیدانی کوردی ڕۆژهەڵات بۆ گەیاندنی زیاتری دەنگی خۆی بە کۆڕ و کۆمەڵە فینلەند و ئورووپاییەکان قسەیان کرد.

لە دوایین دیدار و کۆبوونەوەدا، کاتژمێر ٢ی دوانیوەڕۆ دوکتور ئاسۆ حەسەنزادە و هاوڕێیانی حیزب لە فینلەند لە وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە لەلایەن ئێوێلینا سارێنێن بەرپرسی تیمی کەنداو لە بەشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وئەفریقا و هاوکارانی پێشوازییان لێکرا. جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لەم کۆبوونەوەیەدا چوارچێوەی گشتی و دوایین ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکانی پێوەندیدار بە خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات و حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی باس کرد و ڕوانینی حیزب بۆ دوورەدیمەنی گۆڕانکارییەکانی لەمەودوای ئێران و ناوچە روون کردەوە. دواتر هەردوولا سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتی فینلەند لەپێوەندی لەگەڵ ئێراندا گفتگۆیان کرد. لەو نێوەدا بەلەبەرچاوگرتنی ئەوە کە فینلەند لە ئێستادا سەرۆکی دەورەیی یەکێتیی ئورووپایە و دەتوانێ کاریگەریی لەسەر سیاسەتی هاوبەشی ئورووپاییەکان لەبارەی ئێران هەبێ، جەخت لەسەر ئەوە کرا کە پێویستە سیاسەت و مامەڵەی لەمەودوای یەکێتی ئوروپا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بە جۆرێک بێ کە قازانجی گەلانی ئێران و ناوچە بەتایبەتی جێگە و پێگە و مافەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات وەک گەلێک کە دەتوانێ بۆ ئایندەیەکی باشتر لە ناوچەدا کاریگەر و کارساز بێ، لەبەرچاو بگرێ.

پێویستە بگوترێ لە هەموو ئەو دیدارانەدا خانمی تاریا کانتۆلا، ڕاوێژکاری پێشووی وەزیری دەرەوەی فینلەند و سەرۆکی ئەنجومەنی کلیساکانی ئەم وڵاتە هاوڕێیەتی جێگری سکرتێری حیزب و وەفدی هاوڕێی دەکرد.

هەگبەی شاخ و شۆڕش

# لە کوێستانەکانی سەقزەوە بۆ دەشتی هەوەتوو



برایم چووکەڵی

ڕۆڵەکانی سەقز هەر لەکۆنەوە و بەتایبەتی لە دەورانی کۆماری کوردستانەوە لە مەیدانی بەربەرەکانی دژی دوو ڕێژیمی سەرەڕۆی پاشایەتی وئیسلامیدا دەوریان بووە و وەک هەمیشە بۆ دیفاع لە مەوجوودییەت و پاراستنی شەرەف وکەرامەتی گەلەکەیان لە هیچ کردەوەیەکی شۆڕشگێرانە بۆ پاراستنی نیشتمان دریغیان نەکرد. بەتایبەتیتر لەگەڵ بە دەسەڵات گەیشتنی کۆمار ئیسلامی تێکۆشەرانی ئەو مەڵبەندە بەهێزتر دەرکەوتن و وەک ڕێبوارانی شەهیدانی کۆمار و فیزوڵابیگی هەردەم لەمەیداندا خۆیان نیشان دەدا.

سەقز لە پێنج ناوچە وەک خوڕخوڕە، سەرشیو، گەورگ، تیلەکۆ و فەیزوڵابەگی پێکهاتووە و بەشی هەرەزۆریشی کوێستانی و شاخاوین. ئەو ناوچەیە بۆ خەباتگێرانی دێموکرات لەباری نیزامییەوە گرینگیی خۆی هەیە. بەشیکی تیلەکۆ کە پێی دەڵێن پێدەشتی «بان هەبەتوو»یان (بان هەوەتوو)، لە نێوان شارەکانی سەقز، دیواندەرە و تیکاب هەڵ کەوتوە و دەشتایەکی زۆرە کە بۆ مانەوە و هەڵسووڕان و مانۆڕدانی پێشمەرگە شوێنێکی دژوار ئاستەنگ بوو. هێندێک جار بەتایبەتی دوایی میلیتاریزە بوونی ناوچە پێشمەرگە و کادری کومیتەی ناوچە بە چەند ڕۆژ سەردانیان دەکرد و زۆر بە وریایی هاتووچویان تێدا دەکرد و هێندێک جاریش لەگەڵ هێزی دوژمن تووشی پێکدادان دەبوون کە بە داخەوە چەند کادر و پێشمەرگەش لەم ناوچەیەدا شەهید بوون.

هاوینی ساڵی ۱۳۶۱ هەتاوی کۆمیتەی شارستانی سەقز و هێزی عەزیز یوسفی بڕیار دەدەن بە هێزێکی زۆرترەوە جەولەیەک بۆ ئەو ناوچەیە بکەن و ئەگەر لوا زەبرێکیش لە دوژمن بوەشێنن. بۆ ئەو مەبەستە دوو لک پێکەوە بەرەو ناوچەی بان «هەوەتوو» وەڕێ کەوتن. ئەم هێزەی حیزب لە کاتی ڕۆیشتن بۆ بان هەبەتوو ئێواری چوونە شوێنێکی حەساسی وەک سەر جادەی سەقز_ سنە و لە نیزیک گوندەکانی «شەمسە» و «میراوە» جادەیان گرت و لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک قسەیان کرد. دوای تەواو کردنی کاری سەرجادە ڕوویان لەو پێدەشتە کردو پاش چەند ڕۆژ سەردانی چەند گوندی گەورەی ئەو ناوچە و کۆبوونەوە لەگەڵ خەڵک و باسکردنی سیاسەتی حیزب و لەقاودانی پیلانەکانی ڕێژیم لە کارەکانی ئەو جەولەیەدا بوو.

ڕێژیم بە بوونی ڕۆڵەکانی دێموکرات لەو ناوچەیە کێچی کەوتە کەوڵی و دستی بە پیلانگێڕی کرد کە بتوانێ لەو ناوچەیە زەبرێک لە هێزی گەل بدا. هەر بۆیەش تێکۆشەرانی دێموکرات بەپێی ئەزموونی خۆیان دەبوو شوێنێک دیاری بکەن کە جێگای بەربەرەکانیی هەبێ بۆ ئەم مەبەستە گوندی «زەکیوە» و «مەڕانی سەروو»یان هەڵبژارد.

خەڵکی ئەم گوندانە لە باری ئابوورییەوە بە بەراوەرد بە خەڵکی ناوچەکانی دیکە وەزعیان باشتر بوو، بەڵام بە داخەوە ژمارەیەکیان فریوی ڕێژیمیان خواردبوو و چەکی دوژمنیان هەڵ گرتبوو، و چەند گوندێکش بەزۆر چەکدار کرابوون کە لەسەر هەڵسووڕان وهاتووچۆی پێشمەرگە لەم دەڤەرە بەربەستیان پێک دێنا.

دوای چەند ڕۆژ مانەوە لەنیوەی یەکەمی مانگی گلاوێژ دەستەیەک لە گوندی زەکی و دەستەیەک بۆ پشتیوانی لە گوندی مەڕان جێگیر کران، مەوقعییەتی گوندی زەکیوە بۆ زەبرلێدان لەدوژمن گونجاوتر بوو. چونکی دار و چەم و چەند بەرزاییەکی لە لەدەوری خۆی هەبوو. دوای ڕووناکیی هەوا دیدەبانەکان هەواڵ بە فەرماندەکانیان دەدەن کە ستوونێکی زەبەلاحی دوژمن بە چەندین ماشێنەوە بەرەو ئەوان دێن. بەبیستنی هاتنی هێزی دوژمن فەرماندەیی هێزی پێشمەرگە بڕیاریان دا زەبرێکی وەها لەبیر نەکراو لە هێزی دوژمن بدەن کە لە ناوچەکەدا دەنگ بداتەوە. هەر بۆیە لە نێو چەم و نزیک ئاوایی کەمینیان بۆ داگیرکەران دانا و دوژمنیان لە داو خست و شەڕێکی سەخت لەبەرامبەر هێزی زۆری دوژمن دستی پێکرد. شەڕی دەستەویەخە تا نزیک نیوڕۆ درێژەی کێشا و سەرئەنجام هێزی داگیرکەر تووشی شکان هات و دوو ماشێنیان کەوتە دەست پێشمەرگەکان و هێزی شکاوی دوژمن گەڕایەوە بۆ شاری دیواندەرە.

پێشمەرگەکان بەپێی ئەزموونەکانی شەڕی پارتیزانی دەیانزانی کە دوژمن دوای شکستی هێزەکانی بۆ تۆڵەکردنەوە خۆی ڕێک دەخاتەوە و، بە هێزی زیاتر، چەک وچۆڵی تەیارتر و تۆپخانەی قورستر پێوشوێنیان دەکەوێ.

تەنیا چەند ڕۆژ دوای شەڕەکە، پێشمەرگەکان بۆ کاروباری حیزبی ڕوو لە گوندی «گۆڕباوەلی» کە لەسەر ڕێگای تیکاب هەڵ کەوتوە دەکەن کە هەواڵیان پێدان هێزیکی زۆری دوژمن لە ئێرانشا و گەردەنەی تیکاب خۆیان بۆ هێرش ئامادە کردوە. ڕۆژی دواتر پێشمەرگەکانی هێزی عەزیز یوسفی لە چەند لاوە هێرشی گەورەیان کرایە سەر. ڕێژیم دەیویست بە هێرشێکی «گازەنبوری» لە سێ لاوە لە گەمارۆیان بخا و لەو پێدەشتانەی «گۆڕباوەلی» و «قەڵا کۆن» زەربەی قورسیان لێ بدا.

پێشمەرگەکان لە چەند شوێن کۆکرانەوە و بابەتی پووچەڵ کردنەوەی پیلانی دوژمن و گۆڕینی تاکتیکی خۆیان تاوتوێ کرد. پاشان نانی شەویان خوارد ودواتر هەموو لک و پەل ودەستەکانیان ئاگادار کردەوە کە هەرکەس پارتیزانی نانی خۆی هەلگرێ کە ڕێگایەکی دوور و درێژیان لەپێشدایە. پاش هەموو کارێکی حیزبی و پاش ڕێگایەکی دوور بەری بەیان، ناوچەی بان هەوەتوویان بەجێ هێشت و خۆیان گەیاندە بەرزاییەکانی ناوچەی فەیزوڵابەگی بۆ لای پشتی قەپلانتوو، پاشبلاخ و کۆرکەن. بە گەیشتنیان بۆ ئەو بەرزاییە ئەگەرچی ماندوو بوون بەڵام دڵنیا بوون بێتوو گەورەترین هێزی دوژمنیش هێرشی هێنابایە، پێشمەرگە خۆراگری دەکا و تووشی شکانی دەکات. ماوەتە بڵێم ئەو جەولە سیاسی و نیزامییەی بۆ پیدەشتی بانهەوەتوو کرا، گرینگی خۆی هەبوو. چونکی دوژمن لەمێژبوو لەو ناوچەیە زەبری وێنەکەوتبوو و لەم جەولەیەدا ئەم زەبرەی خوارد. پیشمەرگەش هەموو سڵامەت بوون. لەوە گرینگتر تاکتیکی فەرماندە بەتواناکانی حیزب ئەوەی دەرخست کە لەکاتی ئەوتۆدا بۆ هێرشی گەورە مجال بەدوژمن بدەی بەسەر هەواری خاڵیدا بکەوێ و ئەویش لێکگرێدانی هاوکاریی خەڵک پێشمەرگەوە پێکەوە توانی پیلانی دوژمن پووچەڵ بکاتەوە، هەروەها خاڵێکی دیکە ئەوەیە کۆمەڵێک لاوی خوێنگەرمی تازە ڕووی کردە ریزەکانی حیزب کە لە ئەژمار نەدەهاتن. ئەوانەش هەموو نیشانەی سیاسەتی دروست و ئوسولیی حیزب بوون کە لەلای خەڵک پەسند و پیرۆز بوون.

## «نقاشی قهوه‌خانه»

# سەربەخۆیی دادگای مێکونووس و میدیای کۆماری ئیسلامی



عومەر باڵەکی



دارابی لەو کتێبەدا هەر وەکی پێشتر باسمان کرد زۆر باس لەوە دەکا کە دادگا کەوتۆتە ژێر کاریگەریی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی و پێی وایە دادگا سەربەخۆیی خۆی نەپاراستوە بەڵکوو هەموو هەولی دادگا ئەوە بووە کە دارابی مەحکووم بکرێ و لە ڕێگای دارابییەوە کۆماری ئیسلامی تاوانبار بکرێ. لە لاپەرە١٤٠ی کتێبی «نەقاشیی قاوەخانە»دا بۆ دیفاع لە خۆی دەڵێ: (...لە ئێران و جیهاندا بە میلیون ئێرانی وەزارەتی و ئیتلاعاتین! تەواوی بەڵگە و ئەدلەکانی دەزگای ئیتلاعاتی و قەزایی ئاڵمان لەژێر کاریگەریی پڕوپاگەندەی تاقم و گرووپی دژبەری کۆماری ئیسلامیدا بوو ....). لە لاپەرەی ١٦٠دا هەر لەسەر ئەو بابەتە دەدوێ و دەڵێ: (... بۆ کەسانێک کە ڕقیان لە کۆماری ئیسلامی بوو چ شتێک لەوە باشتر کە یەکێک لە لایرنگران و هەودارانی ئینقلاب و ئەویندارانی ئیمام کەوتۆتە بەر تیغی جەفا و، ئێستا بۆ پاکانە حیساب دەبێ ئەو هەلە بقۆزنەوە. هۆکاری سەرەکیی دوژمنایەتیی ئەو گرووپانە لەگەڵ من، وەفاداری بە ئێران بوو ...). ئەو لە درێژەدا و لە لاپەرەی ١٦٢دا دەڵێ: (...ئۆپۆزیسیون لەیەکەم ڕۆژی دوای ڕوداوی میکۆنووس ماشێنی خرابکاری خۆی وەگەڕ خستبووە و خۆپێشاندان وگردبوونەوەی جۆراوجۆریان بەرێوەدەبرد بۆ ئەوەی کاریگەرییان هەبێ لەسەر ڕەوتی دادگا....). لە لاپەرەی ١٦٣دا دارابی ئیشارە بەوە دەکاتەوە کە حوکمی دادگا لەژێر هەژموونیی دژبەرانی کۆماری ئیسلامیدا دراوە و دەڵێ: (... دیتمان لە کۆتاییدا ئەوان سەرکەوتن و بە هات و هاوار و جەوسازی توانییان کاریگەرییان هەبێ لەسەر ڕەوتی دادگا و پێی ئێرانیش بکێشنە دادگا ...)

ئەو چەند نموونەی سەرەوە لە قسەکانی دارابی لەبارەی ئۆپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامی دەکرێ ئەم خوێندنەوەیەی بۆ بکرێ کە دارابی خۆیشی دەزانێ کاریگەریی ئۆپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی ئێران بە ڕادەی زانیارییەکانی دەزگای ئەمنی و لێکۆڵینەوە و پۆلیسی ئالمان و وڵاتانی ڕۆژئاوایی کاریگەرییان لەسەر ڕەوتی دادگا نەبووە. دووهەم، دارابی بۆیە وا بە کارەکانی ئۆپۆزیسیون تووڕەیە چونکە پێی وابوو پێگەی کۆماری ئیسلامی ئەوندە بەهێزە کە ئەو تیرۆرەش بە چارەنووسی تیرۆرەکانی دیکە کە تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لەسەر خاکی ئورووپا ئەنجامیان داوە، دەچێ. بەڵام دەبینێ لە لێکدانەوەکەیدا بە هەڵە چووە، چونکە پۆلیس و دەزگای قەزایی ئاڵمان هەم خێرا وەخۆ کەوتن و هەم هەتا ڕادەیەکی زۆر کە لە مێژووی لانیکەم ئەو سەدەیەدا نموونەی نەبووە، سەربەخۆیی خۆیان پاراست و نەچوونە ژێر کاریگەریی ساتوسەودای سیاسی و ئابووریی دەوڵەتی ئاڵمان و ئێران. سێهەم دارابی بە کردەوە لە ڕەوتی کاری دادگا و لە زینداندا هەستی پێ کردبوو کە کۆماری ئیسلامی نەک بۆ دارابی و بۆ باقی تیرۆریستەکانیش هیچی پێ ناکرێ، تەنانەت زیاتر لە هەولی ئەوەدایە لە هیچ کوێ ناوێک لە کۆماری ئیسلامی نەبردرێ. چوارەم، بۆ مەگەر دیفاع و بەرگری لە خۆکردن هەر بۆ دارابی و هاوبیرەکانی دروست و قانوونییە؟ بۆچی بۆ ئۆپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامی و بنەماڵەی قوربانییەکان لەجێی خۆیدا نییە کە دژ بەو هەموو کردەوە ناجوامێرانە و دژە مرۆیانەی ڕێژیم دەرحەق بەوان کردوویانە ناڕزایەتی دەرنەبڕن و داوای مافی خۆیان نەکەن؟ لێرەدا چەندین پرسیارێک ڕوو بە دارابی دروست دەبن، چۆنە وەک بۆ خۆی دەڵێ لە ئێران و جیهاندا بە میلیون کەس وەزارەتی و سەر بە ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامین، ئی چۆنە لە نیوان ئەو میلیۆنانەدا قورعە بە ناوی دارابی دەرچوو؟ دارابی مەگەر جیا لە تیرۆریستێک کێ بووە هەتا ئوپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامی دوژمنایەتیی بکەن و لەو هەلە کەلک وەربگرن و پاکانە حیسابی لەگەڵدا بکەن؟ لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا پێگەی دارابی و کەسانی وەک ئەو لە کوێ جێ دەگرێ کە دەستبەسەرکردنی ناوبراو ببێتە هۆی لاوازیی کۆماری ئیسلامی؟ خۆ کەسانی وەک دارابی کە لاینگری قورس و قایمی کۆماری ئیسلامین لە وڵاتی ئاڵمان زۆر بوون، بۆ ڕاست پۆلیسی ئاڵمان بەگژ ئەودا هات و سەروسۆراغی کەسانی دیکەی نەگرت؟ وەڵامەکە بۆ هەموو ئەوپرسیارانە یەک وەڵامە و ڕوونە. چونکە هەموو بەڵگەکان دەیانگوت دارابی لە پشت هەموو ئامادەکارییەکی تیرۆری میکوونوسدا بووە. خاڵێکی جێگای سەرنج کە پێویستە لێرەدا ئیشارەی پێ بکرێ ئەوەیە کە گەڵاڵەی تیرۆرەکە وا دارێژرابوو کە هەموو ئەوانەی لە تێرۆرەکە بەشدار دەبن خەڵکی ئێران نەبن، یا ئەگەر خەڵکی ئێرانن نیشتەجێی وڵاتانی ئورووپایی بن، بۆ ئەوە هەر لە ئیحتمالێکدا ئەگەر پۆلیسی ئالمان بەدوای سەرداوێکەوە بوو، پێ ئێران گیر نەبێ. هەر بۆیە چەند ڕۆژ پێش لە کردارە تیرۆریستییەکەی ڕیستورانتی میکۆنووس هەر وەک پێشتر باسمان کرد دارابی حەجمینی نییە و بەدایمە لەنێوان شاری هامبوورگ و بێرلین لە هاتوچۆدایە و دەیەوێ ئەم شوێنەونکەیە بیانوویەک بێ بۆوەی بڵێ ڕۆژی تیرۆرەکەدا هەر لە بێرلین نەبووە.

### کازمی دارابی و دەزگای ڕاگەیاندنی ئێران

کازم دارابی ڕەخنەی توند لە ڕۆژنامەکان و دەزگای ڕاگەیاندنی ئێران هەیە و پێی وایە لە ڕووداوی تیرۆری میکوونوسدا غافلگیر بووبن و هەواڵەکانیان زۆر کرچوکاڵ بووە. ئەو دەڵێ ئەگەر ئاڵمانێک لە تاران دەستبەسەر کرابا دەزگای ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەکانی ئاڵمان دنیایان لە سەرسەری خۆیان دادەنا، بەڵام بە پێچەوانەوە ڕۆژنامەکانی ئێران زیاتر سەیرکەری ڕووداوەکان بوون. ئەو لە لاپەرەی ١٦٤ کتێبەکەدا دەڵێ ئەگەر لە ئێران کەسێکی ئاڵمانی بە تاوانی کردەوەیەکی وەک قاچاغ، یا دزی گیرابا، بە خاترجەمی میدیاکانی ئاڵمان کۆڵیان نەدەدا و هەموو ڕۆژێ شتیان لەسەر دەبوو و خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییان وەڕێ دەخست و فشاریان دێنا بۆ دەوڵەت و دەزگای قەزایی وڵاتەکەیان کە پێوشوێنی ئەم کەیسە کەون؛ بەڵام لە ئێران ڕۆژنامەکان سەیرکەری ڕووداوەکە و گیرانی من بوون و بە بڵاوکردنەوەی هەواڵێکی کورت و ناڕوون قەناعەتیان دەکرد...»

وەک گوترا کازم دارابی گلەیی و ڕەخنەی تەواوی لە میدیای ئێران هەیە لە شێوەی خۆ بە خاوەننەکردنی بابەتەکە، بەتایبەتی کە ناوبراو هاووڵاتی ئێرانییە و چاوەڕوانیی ئەوەی بووە کە ڕۆژنامەکان و دەزگای ڕاگەیاندن وایان سەرنج دابا بە بابەتەکە کە توانیبایان بیروڕای گشتی ئێران بجووڵێنن و ئەوانیش کاریگەریان هەبێ لە سەر دەزگای حاکمەی وڵات بۆ ئەوەی لە بەرابەر دەوڵەت و دەزگای قەزایی ئاڵمان هەڵوێستی توند بگرن.

دارابی لەوەدا حەق بە خۆی دەدا ڕەخنەی لە ڕۆژنامەکانی ئێران هەبێ چونکە لە بەرامبەر کارێکدا کە ناوبراو بۆ خزمەت بە ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی کردوویەتی، دیفاع کردن لە نابراو و ورووژاندنی بیروڕای گشتی بە مافی خۆی دەزانێ. بەڵام دارابی لە شتێکدا یا خۆی گێل دەکا یا لێی نازانی، ئەویش ئەوەیە کە وێکچواندنی ڕۆژنامەکانی ئاڵمان لەگەڵ ڕۆژنامەکانی ئێران کارێکی هەڵەیە، چونکە سیستمی ئاڵمان ئەزموونی زیاتر لە چەند سەت ساڵ دێموکراسیی هەیە و ئەگەر لە قۆناغێک لە مێژوودا بە هۆکارێک ڕەوتی دێموکراسی لەم وڵاتە بە لاڕێشدا چووبێ، هەر زوو خەڵکی ئاڵمان هەوڵیان داوە بیخەنەوە سەر ڕێرەوی ڕاستەقینەی خۆی. هەر بۆیە دەزگای ڕاگەیاندن بە گشتی وەک یەکێک لە ئامرازەکانی بەرێوەبردنی وڵات کار دەکا و هەر کاتێک بیهەوێ توانیویەتی بیروڕای گشتی وڵات بە قازانجی بەرژەوەندیی وڵات و خەڵک بوروژێنی. بەڵام لە ئێران بە تایبەت لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا دەسەڵاتدارانی نیزام هەموو هەوڵیان ئەوە بووە کە ڕاگەیاندن و هەموو میدیاکان تەنیا لە خزمەت بەرژەوەندیەکانی ئەواندا بن و بەتەواوی خراونەتە ژێر کونترۆل و چاوەدیریی دەزگاکانی پاراستنی نیزام. دارابی ئەگەر ئەوکاتیش بە هۆی غروری گەنجیەتی هەستی بەو ڕاستییە نەکردوە ئێستا کە لە ئێران دەژی و تەمەنێکی تێپەڕاندوە و ڕاستییەکانی نێو کۆمەڵگەی ئێرانی لە نزیکەوە هەست پێ کردوە، دەبێ ئەوە بزانی کە بیروڕای گشتیی ئێران لەگەڵ ڕێکاری تیرۆر و پەروەردەکردنی تیرۆریزم نین ونەبوون، هەر بۆیە ئەوکاتیش کە تەنانەت فەزای سیاسیی نێوخۆی ئێران وەک ئێستاش نەبوو؛ دەسەڵاتدارانی تاران ترسیان هەبوو بە ئاشکرا ڕابگەیەنن کە کەسێکی ئێرانی لەگەڵ چەند کەسی لوبنانی بەهۆی تیرۆری سێ لە ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کەسێکی دیکەی دۆستی کوردان کە دژبەری ڕێژیم بوون، لە لایەن پۆلیس و دەزگای قەزایی ئاڵمانەوە گیراون و خەریکە دەستی دەوڵەتیش ڕوو دەبێ لە دەست تێداهەبوونی لەو تیرۆرەدا. دارابی دەبێ ئەو ڕاستییە بزانی لە ئاڵمان لەسەر دەستی خەڵک حکومەت پێک دێ و حکومەت و دەزگای بەرێوەبەری وڵات لە بەرامبەر بیروڕای گشتی و بەرژەوەندیی خەڵکدا بەرپرسیارە و هیچ دەسەڵاتێک ناتوانی خۆی لە دەنگی خەڵک بێ نیاز ببینێ، بەڵام لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا ئەوی حیسابی بۆ نەکرێ دەنگی خەڵکە، چونکە کەسێک لە سەرەوەی هەموو قانوونەکانە کە خۆی بە نوینەری ئیمامی زەمان و لە ڕێگای ئەویشەوە بە نوێنەری خوا دەزانی لە سەر زەوی. ئەوە معادلەیەکی ڕوونە و خەڵک لەو هاوکێشەیەدا جێگای نییە، بۆیە بیروڕاشیان ناتوانی کاریگەریی هەبێ لەسەر بڕیار و قانوونەکانی نیزام.

هەر لەم بارەوە پەرویز دەستماڵچی لە کتێبی «تیرۆر بە ناوی خودا»دا دەنوسێ: «... دەسەڵاتدارانی تاران بە پشتبەستن بە تەجروبەی خۆیان، دوای تیرۆری بێرلین سەرەتا بە خوێنساردی و خۆشلوێ نەکردن بێدەنگییان هەڵبژارد. هەواڵی تیرۆری بێرلین بە چەشنێک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کۆماری ئیسلامیدا بڵاو بۆوە کە گۆیا وەک هەموو جارێ گرووپە نەیارەکان لەگەڵ یەکتر پاکانە حیسابیان کردوە، یا دەستی ڕێکخراوەکانی سیخوڕی ڕۆژئاوایی تێدایە کە دەیانەوێ ڕوخساری کۆماری ئیسلامی لەبەرچاوی کۆمەڵگەی جیهانی دزیو بکەن.»

دوای گیرانی دارابی و ئاشکرابوونی ناوبراو وەک ئەندامی وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی، یەکەم نیشانەکانی دەست تێداهەبوونی کۆماری ئیسلامی لە تێرۆری بێرلین بۆ پۆلیس و دەزگای لێکۆلێنەوەی قەزایی ئاڵمان دەرکەوت. هەر بۆیە لەیەکەم دژکردەوەدا کۆماری ئیسلامی ڕاگەیاند هەر جۆرە دەست تێدابوونی دەزگاکانی پێوەندیدار بە کۆماری ئیسلامی لەو تیرۆرە ڕەت دەکرێتەوە و ئەوە تەنیا پڕوپاگەندەی گرووپ و دەستەکانی سەر بە زانیونیزم و ئیمپریالیزمە بۆ بەدناوکردنی نیزامی کۆماری ئیسلامی.

بەڵگەنامەی نهێنیی ژمارە ٨١١٥٥ کە لە گۆڤاری «فۆکوس»دا چاپ و بڵاو بۆوە، باس لەوە دەکا کە «بەپێی ڕاپۆرتێکی نهێنی دەسەڵاتدارانی ئێران دەستیان هەیە لە تێرۆری میکوونوسدا».

دوای بڵاوبوونەوەی ئەم ڕاپۆرتە باڵوێزخانەی ئێران لە ئاڵمان سکاڵای لەسەر گۆڤاری فوکوس لە دادگا تۆمار کرد و بە بیانووی ئەوەی گوایە ئەم ڕۆژنامەیە بوختانی بە ئێران کردوە و دەمگۆی و درۆی بڵاو کردۆتەوە، داوی سێ سەت هەزار مارکی قەرەبوو کرد. لە دادگا پاریزەرەکانی گۆڤاری فوکوس بە خستنەڕووی کۆپی ئەسل لە بەڵگەنامە نهێنییەکە قسەکانی خۆیان سەلماند و باڵوێزخانەی ئێران سکالاکەی دۆڕاند و ئەوەش بوو بە بەڵگەیەکی گرینگ بۆ سەلماندنی ئەوە کە ئێران بڕیاردەری ئەسلیی تیرۆری میکوونوس بووە و لە دادگای میکوونوس وەک یەکێک لە بەڵگەکان دادگا پشتی پێ بەستووە.

# تۆڵە



قۆڵی قەڵەم هەڵدەماڵم
تین دەدەمە بای خەیاڵم

شاخ بە شاخ و دەشت و دەران
دەگەڕێم شوێنی سەنگەران

بن بەرد بە بەردی چیایان
دوور و نزیک بێ مەودایان

نێو دەوەن و دار و باخان
سینەی دەشت و لووتکەی شاخان

لە سێبەری هەر چنارێ
پشووی دابێ لێی ڕێبوارێ

بن پنچک و پەنا داران
بەربەرۆچکە و بەر پەساران

گوێ هەڵدەخەم بۆ بەیت و باو
لە زمان منداڵ و ژن و پیاو

لە جامانەی مل کیژۆڵان
لە سرتەی نێو کووچە و کۆڵان

دەچمە لای دایکی شەهیدان
بۆو خەمانەی لە دڵی وی دان

گوێ ڕادەگرم لە هەموویان
لە چیرۆکی ئێستە و زوویان

هەرکامەیان بە تاسەیەک
دەگێڕنەوە حەماسەیەک

داستانێک نا هەزار هەزار
وەک نوقڵ هەڵدەڕژێن لە زار

چیرۆک بەڵام وەک ئەفسانەن
ئی لاوی ئەم کوردستانەن

هەر سەنگەرە و ڕۆمانێکە
سەربردەی قارەمانێکە

هەر ڕەوەز و گاشەبەردێ
کتێبێ لە باسی نەبەردێ

دێر بە دێری شێعری کوردی
دەیانپشکنم بە وردی

هەر وشەیەک هاوارێکە
ئی زامی دەردەدارێکە

چەندی شانازی دەبینم
ورە و گیانبازی دەبینم

چەندەم چیرۆکی جوان پێیە
سەد ئەوەندەم برین لێیە

ئێستاش تا باس دێتە گۆڕێ
سمکۆ خوێنی لێ دەچۆڕێ

سێدارەمان بۆ هەڵخرا
لە سەقز، بۆکان، چوارچرا

پاڵەوانان چوونە سەردار
بەچۆکدانەهاتن سەردار

زیندان و کۆت و بەند، کوشتن
پەلاماردان و خوێنڕشتن

فتوای ئەهریمەنی تاران
بۆ سێدارە و گوللەباران

بەرد خوێن دەچۆڕا لە چاوی
لە ئاستی سنەی خوێناوی

لە ورمێوە هەتا پاوە
لە خوێنی ئاڵ هەڵکێشراوە

پەنجاونۆلاو بێ سەروشوێن
سابلاخ هەر نەیزانی لەکوێن

قارنێ و قەڵاتان مێژووە
دەریای خوێنی لێ ڕۆیوە

با سەرێ بدەم لە بێستوون
دڵم هێناویە گۆشتەزوون

بە یادی کەماڵ دەباغی
بۆنێ بکەم دەشت و باغی

سوژدە بەرم نزیک و دوور
بۆ زێدەکەی شەهید شاپوور

جا بێمەوە بۆ کۆسالان
یادێ لە کونە هەڤاڵان

کۆسالان هەر تەمە سەرێ
دەچمە نیەری مینەبەرێ

لادەدەمە لانی شێران
مەکۆی سەربەرزی دلێران

سەرانسەر ئەم کورستانە
بست بە بست ئەم نیشتمانە

حەماسێکی لێ خولقاوە
شەهیدێکی لێ نێژراوە

دێمەوە لای شەهید هەمزە
بۆ خەباتی نوێمان ڕەمزە

چون ئەوان بوون لە شەو راسان
دوژمن جارێکی دیش تاسان

دوژمن دەمێکە دەزانێ
چەندی بە قەوتر خۆی رانێ

ناتوانێ من بترسێنێ
ورەی لاوم نارمێنێ

چون ئەو خوێنانەی ژاون
تووی خەباتن نێژراون

تین و گوڕن بۆ نەسرەوتن
هەوێنێکن بۆ سەرکەوتن

ئەوەتانێ هەموو ساتێ
خۆر هەڵدێ لە ڕۆژهەڵاتێ

وەفادارانی ڕێی قازی
بە شانازی بۆ گیانبازی

ڕێبوارانی ڕێی ڕزگاری
کوڕ و کیژی لادێ و شاری

وەفاداری شەهیدانن
سەنگەریان هەر ئاوەدانن

ئێستاش پۆل پۆل دێن کوڕ و کاڵ
وەک پڵینگ و هەڵۆی تێژباڵ

بەبیر و باوەڕ و هەستن
دێن لێرە پەیمان دەبەستن

***

دیسان مانگی خەرمانانە
مانگی خوێن و برینانە

دیسان ئەهریمەن غەزریوە
قین و ڕقی دابەشیوە

تینووی خوێنی ئاڵی کوردە
بۆ کوشتن بە دەستوبردە

خوێنمژ تاسەی بە خوێن دەشکێ
لە داخان خوێن نەمژێ دەمرێ

مەرگی بارانده سەر قەڵا
لە ئایەت و سوورەی بەڵا

پاڵەوان خەڵتانی خوێنن
مێژوو بە خوێن دەنەخشێنن

پۆلی شەهید ریز کراون
بە ئاڵایێ داپۆشراون

بزەی زێوەیی هەر گەشە
دەڵێ دوژمن مەرگی بەشە

جەماڵ و پێشەوا و مەنسوور
لەگەڵ نەسرین و حەسەنپوور

مام شێرکۆ، عوسمان عوسمانی
هاوڕێ و تفەنگەکەی شانی

هاشم عەزیزیش لەوێیە
حەتمەن قسەی خۆشی پێیە

سۆیلا گەش گەش وەک هەمیشە
لەولاوەتر قالە ڕیشە

پیرۆتی و فاڕووق و موختار
کاروان دەچێ بەرەو هەوار

دێم بە ئەسپایی بە کزی
دەچمە لای کەریم سەقزی

تا حەماسەی شێخ چۆپانی
وەرگرم بۆ هەڤاڵانی

فریای ئەو ناکەوم تاوێ
بانگم دەکا شۆرە لاوێ

راگرە سەرەوای شیعر کەمێ
با هەواڵێکی نوێت دەمێ

جاری شیعرت مەخوێنەوە
برایم و عەلیش بلاوێنەوە

کاری بەبێ تەگبیر مەکە
بایز و سادق لە بیر مەکە

لەبیر نەکەی قارەمانێ
ئازاد و ئەمیر نستانی

خەرمانانە و دڵ خەمینە
دڵی وڵات پڕ لە برینە

نیشتمانم دڵ بە سوێیە
جەرگ و هەناوی توێتوێیە

بەڵام من ناخا ئەو زامە
هەرچەند بە ژان و بەسامە

قاسملوو دەرسی داواوم
ڕێ و نیشانی بۆ کێشاوم

لە مامۆستای دیموکراسی
ئەم وانە پیرۆزەم ناسی

پاداشتی ئەو شەهیدانە
درێژەدانی ڕێگەیانە

شەرەفکەندی فێری کردووم
ئەو وانەیەی لە گوێ خوێندووم

لە سەر ڕێمان پێداگرین
بۆ شەهیدانمان ناگرین

ئێتر من بڕیارم داوە
خەیاڵی دوژمنم خاوە

ڕۆڵەی ئەو گەلە بوێرەم
سەنگەر چۆڵ ناکەم و لێرەم

دەبمە چقڵی لە نێو چاوی
لێی تاڵ دەکەم نان و ئاوی

خەوی خۆشی دەزڕێنم
ئۆقرە و ئارامی دەستێنم

جاشی گەڕی بۆ ناڵ دەکەم
نان و ئاوی لێ تاڵ دەکەم

چیام بەو بایە نانەوم
ڕۆژێ دێ من سەردەکەوم

ڕۆژێ گەشی بێبەشان دێ
ڕۆژی سزای ڕووڕەشان دێ

تۆماری ژین دەخوێنمەوە
تۆڵەی شەهید دەستێنمەوە

لە شار و دێ لە مەیدانان
بۆ پەندی دەورو زەمانان

وەک گەڵا جاش هەڵدەوەرێ
دەبێ خوێن بێ و سەران بەرێ

ئەوانەی وا دژی خۆرن
لایەنگری زوڵم و زۆرن

بۆ سەولەیەک هاوڕێی شەون
وەبەر لێبوردن ناکەون

بنوو هاوڕێ شەهیدەکەم
ئارام بە سۆمای دیدەکەم

بە تۆم داوە گفت و بەڵێن
سوێند بە برینی خوێنەڵێن

هەرگیز چۆڵ نابێ شوێنی تۆ
ناچێ بەفیڕۆ خوێنی تۆ

ئەو خوێنەی لەو زامە ڕۆیی
هەوێنە بۆ سەربەخۆیی

***

**ڕەسووڵ سوڵتانی**

## کوردستان
## هەرێمی خوێن و هەستانەوە



کەریم فەرخەپوور

خەنەبەندانی خوێنە، خەرمانانە و مانگی خەم و فرمێسک و ژان و هەژان و بەرخۆدان و هەستانەوە.

خەرمانانە و مانگی خەزان، دوێنێ شەهیدان لە باشووری نیشتمان لەبەر دەمی قەڵا و ئەمڕۆ لە میکۆنووس لەبەر دەمی قانوون. دوێنێ لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان و ئەمڕۆش لە شەقامەکانی بێرلین. دوێنێ چراکانی چوارچرا خامۆش دەکرێ، پێشەوای سەرداری کورد لەنێو دڵی نیشتماندا لە دار دەرێ، قاسملوو لەسەر هەق و لە پێناو هەقدا تێرۆر دەکرێ، لە قەڵای دێموکرات بە بۆمبا لە سەری ئێمە دەدرێ، کۆڵبەرێکی کۆڵ لە کۆڵ لەسەر پاروە نانێ وەبەر ڕەهێڵەی فیشەک دەدرێ، دوێنێ ئازاد لە دیداری ئازادییدا سەر دەنێتەوە و ئەمڕۆش لەم ڕۆژە تاڵەدا لەبەردەمی کلیسادا شەرەفکەندی لە خاچ دەدرێ.

لە زێدی من قازی لەجێی تاوانبار لە سێدارە دەدرێ، کورد بە ئایەتی قورئان ئەنفال دەکرێ، بە تاوانی کورد بوون ناسنامەی گەلێک دەسووتێ، دوکتۆرەکان وەبەر نەشتەر و شمشێر دەدرێن هەتا پزیشک و خەمخۆری کورد نەمێنن.

ئەی نیشتمان! بارتەقای ڕووبارەکان خوێنمان بۆ دای، بە ژمارەی ئەستێرەکان ڕوحمان فڕێ، چی لە تۆ پیرۆزتر و چی لە تۆ ئازیزتر و مەزنتر کە گوڵەکانت بە خوێن و دارهەنارەکانت بە فرمێسک ئاو دەدرێن.

ئەی نیشتمان! لە باوەشی تۆدا بێکەس و لە داوێنتدا هەر ماڵ لە کۆڵ و بێ پەنایین. چ ناخ هەژێنە مردن لە باوەشی دایکدا و ئاوارەیی لە داوێنی نیشتماندا و غەریبی لە ماڵە باواندا. چ دڵتەزێنە حەرامکردنی بزە لەسەر لێو و ڕفاندنی دڵبەر لە ئامێزی دڵدار و پێکەنین لە ناخ و ماڵاوایی لە نیشتمان، بەڵام چ شانازییەک گەورەتر لەمردن لەڕێی ئازادی و بەخشینی ڕوح لە پێناو زێد و نیشتماندا.

ئەی ڕەقیب! ئەتۆش دڵنیابە، نە قەڵامان دەچەمێ، نە چیامان لە دار دەدرێ، نە کانیاوەکانمان دەخنکێن و نە قەندیلمان دەکرێنە دیل. ئێمە دەبینە دەنگی بێدەنگی و، نە کوردستان بێ پێشمەرگە و نە پێشمەرگە بێ کوردستان دەبێ.

ئەی ڕەقیب! بزانە و دڵنیا بە، نە هیواکانی تۆ لە نیشتمانی مندا بەر دەگرن و نە خوێن دەبێتە ئاو. نە قازی دەمرێ و نە وەسیەتەکەی و نە کۆمار فەرامۆش دەکرێن، نە وانەکانی قاسملوو دەسڕێنەوە و نە قاتڵەکانی میکۆنووس بە ئازادیی دەخولێنەوە. دڵنیابە دڵنیا، ئەمڕۆ یا سبەی گۆڕغەریبەکانی پێرلاشێز بەرەو نیشتمانی دایک دەگەڕێنەوە و ئاڵای سەرکەوتن لە چوارچرای قازی لەسەر کۆشکی کۆمار دەشەکێتەوە. ئێمە لە تۆرەمەی نەتەوەیەکین لە نێو دڵی خاکدا دەڕوێینەوە. لە ڕۆژی تۆڵەدا یەک دەبینینەوە. لە خەرمانانی سووردا گشت شەقامی شارەکانی نیشتمانم بە شێعر و مۆم و گوڵ و مێخەک دەڕازێنینەوە. پەیڤەکانی پێشەوا دەکەینە هەوێنی نەسرەوتن و هەستانەوە. دەوڵەتی کوردی بونیاد دەنێین و گشت ئاسەواری ئێوەی دێوەزمەی شوومی شەڕ لەسەر داروپەردووی نیشتمانم دەسڕینەوە. لەسەر لووتکەی ئازادی هەموومان یەک دەنگ سروودی هەرمان و نیشتمان و ئەی ڕەقیب دەڵێینەوە.

***

KURDI STAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO:758 22 Septamber 2019

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508483312
Tashkilat.kdp92@gmail.com

## بەر لە ماڵاوایی

# دەمی بەڕێکردنی گوڵە پەڕپەڕبووەکانی پلینۆم


د.ئاسۆ حەسەنزادە

کاتی لەژێرگڵنانی گوڵە پەڕپەڕبووەکانی پلینۆمی دێموکڕات بوو. لەنێو ئاپۆرای کتوپڕی ڕۆژی مەحشەر، هی هاوڕێیان و کەسوکاری شەهیدەکان کە هێشتا پێیان وابوو خەونێکی ناخۆش دەبینن، لەژێر ئەو ئاسمانە بێخاوەنەی شەمشەمە کوێرەکان هەروا تێیدا دەخولانەوە؛ ئەمجار وێنەی سووتماکی ڕووحی زیندووەکان لەدم ئاگردانی کۆستی مردووەکان و قاشبوونی دڵە ئاشقەکان لەژێر تیغی چارۆک بەسەرانی چاوچنۆکیان بۆ ئەرشیڤی غەدر و تاوان تۆمار دەکرد.

شەهیدەکان زۆر بوون؛ جەنازەیان یەک لەدوای یەک دەهات. شۆفڵ بۆ هەڵکەندنی گڵکۆی زیاتر بەنێوماندا هاتوچۆی دەکرد. ئەوەی دەیکۆڵی عەرز نەبوو، هەناوی ئێمە و خەڵکی کۆیە بوو... نەتدەزانی بچیە لای کێ و کێ بلاوێنیەوە. هەرگیز وتەی ئەو ژنە شەهیدەم لەبیر ناچێتەوە کە ئەگەر بەدەست خۆی با ئارەزووی دەکرد هەر ئەوساتە شۆفڵەکە پەیوەستی هاوسەرەکەی بکا، کەچی لەو دۆخەدا هاوسەر و منداڵی شەهیدەکانی دیکەی لەبیر بوو و بە منی گوت: بچۆ لای ئەوانیش، لای هەموویان...

برینەکان جارێ زۆر گەرم بوون، هێشتا شۆکی باوەڕکردن جێی خۆی نەدابوو بە ماتەمی قبووڵ کردن. لەپەنا واقیعی تەپوتۆز و شیوەن و ڕوخسارە ژاکاوەکاندا جیهانێکی هاوتەریب زەین و ڕووحی پەلکێشی خۆی دەکرد، جیهانی ئارامی نەمری، جیهانێک کە لەودا نیگای هێمن و بزەی شەهیدەکان لەگەڵ زایەڵەی دەنگی نەرم و پێکەنینیان ئاوێتەی یەک ببوون و بەو شتانە نەدەشەمزان. تەنیا شتێکی ڕێیان دەدا ئاوازی گۆرانییەک بوو کە هەڵم گرتبوو ئەو پاییزە گوێی لێ بگرم...

فیلمی دوایین بیرەوەریم لەگەڵ هەر یەک لە شەهیدەکان بەردەوام لە مێشکمدا لێ دەدرایەوە. شریتەکە شریتی مێژووش بوو. هی چارەنووسی حیزبی دێموکڕات، هی بەشی کوردی ڕۆژهەڵات. ئەو ڕۆژەی منداڵیی خۆمم بیرکەوتەوە کە لە قەندیل گەورەکانیان لەنێو هۆڵی قوتابخانەکەماندا کۆ کردەوە بۆ ئەوەی هەواڵێکی ناخۆشیان پێ بدەن. هاواری یەکدەست و ترسناکی خەڵکەکە وەک هالاوی لەپڕ و بەتاوی گڕکانێکی شێت گەیشتە ئاسمان: دوکتور قاسملوویان شەهید کردبوو. بەڵام دوکتور سەعیدیشم لە گۆڕستانی شەهیدان لە ئەستێرۆکان وەبیر هاتەوە کە چیی گوت. بنەماڵەی شەهیدان و خەڵکی کوردستان چاویان لێمان بوو. دەبوایە بەهێز دەربکەوین. دەبوایە سەر هەڵێنین. هەژانەکان هەڵگرین بۆ خەڵوەتی تەنیاییمان.

ئەوەی ڕۆژێک پێشتر ڕووی دابوو ئێمەی هێنابۆوە نێوەڕاستی مێژوو، ڕایکێشابووینە بەرچاوی دنیا، گڕی لە گیانی شۆڕشمان بەردابۆوە. بەڵام ڕووبەڕووی شتێکی دیکەشی کردبووینەوە: مانای ژیان، بێقانوونیی ڕۆیشتن لەم دنیایە، ئاسانیی مەرگ. بەتایبەتی بۆ ئەو شۆڕشگێڕانەی لە خەتی پێشەوەی خۆڕاگری لە بەرامبەر دڕندەترین ئەهریمەنی جیهانی ئەمڕۆدا ماونەوە.

تەقینەوەی شەوی یەڵدام هاتەوە یاد کە بۆ جینایەتێکی لەم چەشنە کە پێشتر لەنێوماندا ڕووی نەدابوو، لوتکەی دڕندەیی ئەودەمی کۆماری ئیسلامی بوو. وتەی پیرەپیاوێکی ئەمازیغ لە بەرەبەیانییەکی زستانی غەریبیدا لە گوێمدا زرینگایەوە کە دەیگوت «بەربەرییەت سنووری نییە. هەمیشە پیلانی تاوانێکی تازەتر، جینایەتێکی گەورەتری لە باخەڵدایە». ئەگەر وایە ئامانج و ئیدەئاڵەکانی ئێمە چیان بەسەر دێ؟... نا، خۆمان نادۆڕێنین. گابریەل گارسیا مارکێز ڕاستی دەکرد، بەردەوام دەبین بەڵام نابێ ئەوان وەک خۆیانمان لێ بکەن.

«ئانتۆنی کوین»م بیر کەوتەوە کە لە ڕۆڵی عومەر موختاردا لە زمان باپیریەوە دەیگوت زەبرێک کە پشتت نەشکێنێ، بەهێزترت دەکا. شەهیدەکان دەست و چاومان بوون. بە ڕۆیشتنی لەپڕ و بەکۆمەڵی ڕەفیقەکانمان، سەرباری ئەو هەموو زام و ئازارە، باری سەرشانی هەمووشمان قورستر ببوو. دەبوایە ئەستوندەکی تاوڵی خەباتمان سەرلەنوێ ڕاست بکەینەوە، خۆمان ڕێک بخەینەوە، زامەکان سارێژ بکەین، دەنگمان بگەیەنینە دنیا، کاری بەجێماوی شەهیدەکان درێژە بدەین، گوڵە ڕۆز و نەمامەکان بچەقێنینەوە، کتێبەکان بتەکێنین...

دەمزانی هەموو ئەوانە دەکەین. دەمزانی لەو تاقیکارییە قورسە دەردەچین.

دەشمزانی کە هیچ شتێک داغی سەر دڵی بنەماڵەی شەهیدەکان سووک ناکا مەگەر یەکبوون، مەگەر درێژەدانی ڕێگای شەهیدان هەتا سەرکەوتن. قەت ئەو ساتەم لەبیر ناچێ کە چەند ڕۆژ دواتر کە لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانی دەگەڕاینەوە هاوڕێی پەنا دەستم هەواڵەکانی سەرکەوتنی مانگرتنی گشتیی ڕۆژهەڵاتی پێدام. ئەمجار لە خۆشیان گریاین. کە گەیشتمەوە بیستم هاوسەری شەهیدەکەش بۆ یەکەم جار لەدوای داڕمانی ماڵی بەختەوەریی، دڵی خۆش ببوو، پێکەنیبوو.

ئەو کاروانە بەردەوامە. ئەو ڕێگایە دەبێ بڕۆین، باشتر لە پێشوو. لەبەر ڕووحی چاردە گوڵی پەڕپەڕبووی قەڵا، لەبەر دایکی «ڕامین» و دوو شەهیدەکەی فێرگە، لەبەر دەستە چکۆلەکانی «وەنەوشە»، لەبەر چاوە گەشەکانی «ژیوار»، لەبەر ئایندەی «بانە»...

# بەڕێوە چوونی سیمینارێک لە پارلمانی سوئێد بۆ جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

لە یەکەمین ساڵوەگەڕی مووشەکبارانی قەڵای دێموکڕات لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە، لەسەر بانگهێشتنی فرێدریک ماڵم و بە هاوکاریی بەشی پێوەندییەکان و کۆمیتەی سوئێدی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، سیمینارێک بۆ دوکتور ئاسۆ حەسەنزادە، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و وتەبێژی دەفتەری سیاسیی حیزب بەڕێوە چوو.

ئەو سیمینارە کە یەکەمین کۆبوونەوەی لەم چەشنە بوو کە تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پارلمانی سوئێد بەڕێوە بچێ، کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆی ڕۆژی ١٧ی سێپتامبری ٢٠١٩ی زایینی لە یەکێک لە هۆڵەکانی پارلمانی سوئێد و بە بەشداریی خانمی لۆتا جۆنسۆن فۆرناڤ، جێگری سەرۆکی پارلمانی سوئێد و ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی پارلمانی سوئێد و کۆمەڵێک لە ئەندامانی حیزب و دۆستانی کورد و غەیرە کورد دەستی بە کارەکانی کرد. ئەو پارلمانتێرە سوئێدییانەی لەم سیمینارەدا بەشدار بوون بریتی بوون لە فرێدریک مالم لە پارتی لیبراڵی سوئێد، لۆتا جۆنسۆن فۆرناڤ لە پارتی چەپی سوئێد، تۆماس هاماربێری لە سۆسیال دێموکڕاتەکانی سوئێد، سارا سێپالا لە دێموکڕاتەکانی سوئێد، هاکان سڤێنلینگ لە پارتی چەپی سوئێد و میکائیل ستراندمان لە دێموکڕاتەکانی سوئێد.

دوای کردنەوەی سمینارەکە لەلایەن فرێدریک ماڵم، کورتە فیلمێک لەبارەی مووشەکبارانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە مانگی سێپتامبری ساڵی ڕابردوودا پێشانی بەشدارانی سیمینارەکە درا. دواتر جێگری سکرتێری گشتیی حیزب باسەکەی خۆی پێشکێش کرد. (دەقی قسەکانی جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لەم سمینارەدا هەر لەم ژمارەیەی کوردستان و لەلاپەرەی ٦ دا داندراوە.)



لە بەشی دووەمی سیمینارەکەدا جێگری سەرۆکی پارلمانی سوئێد و پەرلەمانتارانی دیکە و نوێنەری لایەنەکانی بەشدار سەبارەت بە چاوەڕوانیی حیزبی دێموکڕات لە پارلمان و حکومەتی سوئێد، هەلومەرجی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خەباتی حیزبی دێموکڕات، یەکسانیی ژن و پیاو لە ڕوانگەی حیزبی دێموکڕاتەوە، پرسی وتووێژی پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات لەگەڵ دەوڵەتی ئێران، مامەڵەی دنیای دەرەوە لەگەڵ ئێران، کاریگەریی گەمارۆکان و سیناریۆکانی ئایندە لە ناوچەدا پرسیاریان لە جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات کوردستان کرد کە لەلایەن ناوبراوەوە وڵام درانەوە.

# پۆلێکی دی لە لاوانی کورد هاتنە ڕیزی حیزبی دێموکراتەوە


پۆلێکی دیکە لە لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوای تێپەڕکردنی سەرکەوتووانەی دەورەی ٢٣٤ی سیاسی _نیزامیی پێشمەرگایەتی،

بەڕەسمی هاتنە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتەوە.

ڕێوڕەسمی کۆتایی دەورەی ٢٣٤ کە ڕۆژی پێنجشەممە ٢١ی خەرمانان و لە ساڵیادی مانگرتنە بەشکۆکەی ٢١ی خەرمانانی پارەکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێک هات، بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و ڕێژە و مەشقی نیزامی و نمایشی سەربازیی بەشداربووانی دەوری ٢٣٤ی سەرەتایی پێشمەرگەوە دەستی پێکرد.

لەو ڕێوڕەسمەدا کاک عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وتارێکی پێشکێش کرد کە سەرەتا ئاماژەدان بە ڕووداوەکانی مانگی خەرمانان لە ڕۆژژمێری ڕووداوە مێژووییەکانی حیزبی دێموکرات بوو و دواتر لێکدانەوەیەکی سیاسی لەسەر دوا گۆڕانکارییەکانی ئێستای ئێران و کوردستان.

خوێندنەوەی پەیامی کۆتایی دەورە، پێشکێشکردنی چەند سروود و شێعر و گۆرانی چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەم ڕێوڕەسمە بوون.

# خوێندنەوەیەک بۆ مانگرتنە مێژووییەکەی ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی

یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ساڵڕۆژی مانگرتنە سەرانسەرییەکەی خەڵکی کوردستان لە ٢١ی خەرمانانی ساڵی ڕابردوودا، سمینارێکی بۆ تاوتوێی ئەم حەماسە گەورەیە پێک هێنا.

لە بڕگەی یەکەمی سمینارەکەدا هەردی سەلیمی باسێکی پوختی لەسەر مانگرتن و خۆپێشاندانەکان لە چل ساڵی ڕابردوو لە ئێران و بەتایبەتی لە کوردستاندا کرد و ئاماژەی بە کۆمەڵێک نموونە لە مانگرتن و خۆپێشاندانەکان کرد کە بەبۆنەی جۆراوجۆر و لە کاتە جیاوازەکاندا لە کوردستان بەڕێوە چوون و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ وەکوو بزاڤێکی مەدەنی لە گەشەسەندن دان.

پاشان شارۆخ حەسەنزادە باسەکەی لەژێر ناوی «مێتۆدی بەرگری کردنی شار لە قەڵای دێموکرات» پێشکەش بە ئامادەبووان کرد. کۆڕگێڕ لە باسەکەیدا مانگرتنەکەی ٢١ی خەرمانانی بە یەکێک لە بەرهەم و دەسکەوتەکانی خەباتی نەتەوەخوازی لە کوردستان لە قەڵەم دا و هەروەها لە پێوەندی



لەگەڵ مێتۆدی خەبات و جووڵەی مەدەنیانە کوردستانی بە شوێنێکی لەسەر هەست و خاوەن خەلاقییەت لە ئاستی ئێراندا زانی.

لە بڕگەی سێیەمی ئەو سمینارەدا کۆمەڵێک لە بەشداربووان بە باسکردنی تێبینی و پرسیار و سەرنجی خۆیان کۆڕەکەیان دەوڵەمەندتر کرد.

# نۆرویژ، ئۆتریش، دانمارک، سۆئێد و فینلاند بەرزڕاگرتنی یاد و بیرەوەریی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان و ١٧ی سێپتامبر



لە دەرەوەی وڵات، لە وڵاتانی نۆرویژ، ئۆتریش، دانمارک، سۆئێد و فینلاند چەند ڕێورەسم و کۆڕیادێک بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی شەهیدانی مێکونووس و شەهیدانی ١٧ی خەرمانانی قەڵای دێموکرات بەڕێوە چوون.

لە ڕێورەسمەکەی سۆئێد و نۆرویژدا کاک خالید عەزیزی، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پەیوەندی لەگەڵ تیرۆری مێکۆنووس و ڕۆڵ و پێگە و کەسایەتیی دکتور سادق شەرەفکەندی لە حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و کارەساتی ١٧ی خەرمانان و ئامانجی کۆماری ئیسلامی لە هێرش بۆ سەر ڕێبەریی حیزبی دێموکرات باسێکی پێشکێش کرد.

لە ڕێورەسمەکانی ئۆتریش و دانمارکیش‌دا جیا لە بەشە سیاسییەکەی کۆڕیادەکە شەوە شێعر و چەند بڕگەیەکی ئەدەبیش بەڕێوە چوون.

لە کۆڕیادەکەی وڵاتی فینلاندیش‌دا د. ئاسۆ حەسەنزادە، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆڕگێڕی سەرەکیی باسە سیاسییەکان بوو کە باسەکەی تەرخان کردبوو بە لایەنە سیاسی و حقوقییەکانی پەلاماری مووشەکیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لێکەوتەکانی.

شایانی باسە لە هەموو ئەو کۆڕیاد و بۆنانەدا نوێنەرانی کوردەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان و حیزب و لایەنە سیاسییە کورد و ئێرانی و بیانییەکان بەشدار بوون.